دەزگای رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الجمهوریە
مەیدانی الغلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
١٠ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● دووشەممە ٢١ی نیسان ١٩٨٠ ژمارە ٥٢٢ ●

● الاثنین ٢١ نیسان ١٩٨٠ العدد ٥٢٢ ●

برایان ئەو بیروباوەڕانە پێویستی بە خۆبەخت کردن هەیەو ئێوە ئەوە دەزانن .. ئایا لەخۆبەخت کردندا ماندوو دەبن .. دەتان ناسین کە لە خۆبەخت‌کردندا ماندوو نابن .. بیروباوەڕەکانی ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە (٨) شوباتدا ڕاگەیەندرا جەوهەرەکەی ئەو بیروباوەڕانەیە کە ئێمڕۆ لێوەی دەدوێین ..

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

بەرێز سەرۆک ئەوە دووپات دەکاتەوە کە:

سەرکردایەتی حزب وشۆڕش بە تەنگ پێزانین و چۆنیەتی ژیانی هاوڵاتیانەوە دێت

لە محاڕەیەکی هاوڕێ ئەمینداری گشتی‌ی حزب لە قوتابخانەی ئامادەکرنی حزبی

حزبی بەعس بۆ هەموو عەرەبەو ئەو حزبی یەکبوونو ڕاپەڕینی عەرەبە .

● حزب یەکەم بزوتنەوەی زیندوی یەکگرتووە کە شەخسیەتێکی جیاوازی هەیە خۆی لەبەردەم ڕۆژگاردا گرتووە .

فەرماندەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشیل عفلق ئەمینداری گشتی‌ی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێگەیشتنی بەعسی سنووری جیاکردنەوەیە لە نێوان چارەسەریە سەتحی‌و هەڵویستی ڕاستەقینەدا وەخواستەکانی بە تێکەڵاو بوونی لەگەڵ گیانی سەردەمداو بە هۆی پەیوەندی قولی‌یەوە بە نەتەوەی عەرەبەوە دەستی پێکرد هەڵویستی شۆڕشگێڕی گەیاند بینینی ڕابوردووی زیندو پەیامی نەتەوەی ئەمڕ لەبەر ڕۆشنایی ئەمڕوی سەردەمداو پێویستی عەرەب .

وەلەو محاڕەڕەیەدا کە بۆ دەورەی بیست‌ویەکەمینی کشتی‌ی ئیختیاری‌و دەورەی حەفدەهەمین تایبەتی بە هاوڕیبانی ئەندامانی لق‌و شوعبەو مەکتەبی مەرکەزی لە قوتابخانەی ئامادەکرنی حزبی لە بەبانی ڕۆژی شەممەی ڕابوردودا پێی‌گەیاندوون وتوویەتی :

ڕاستی‌یەکی نەگۆڕاو بۆ بەعسی ئەوەیە کە تازەی‌و ڕەسەنی‌و دوا ڕۆژی نەتەوەو ڕابوردووی نەمری‌و بەهای ڕەسەرەکانی کۆکردەوەو بەوەهەست بە دڵنیایی پشوودانێکی قولی دەروون پەبدابوو چونکە ئێمە لەگەڵ میژوو داوە لەگەڵ گیانی گەل بەرەو دواڕۆژ دەستمان بە ڕویشتن کرد .

● هەمیشە ڕاستی لەگەڵ حزبدایە

فەرماندەی دامەزرێنەر هەروەها وتی . . ڕێبازی حزب ئاسان نەبوو لە سەرەتاوە بەرهەڵستی کرا بە هەموو چەکێک لە دەرەوەو لە ناوەوە وەهەتا وەکو لەو فکرو بەهایانەوە بەر هەڵستی‌کرا کە ئاونیشان‌و سیفات هی ئەوبوو بوختان‌و تەزویرو شێواندن بەڵگەیەکی بە هێز بوو بۆ ئەو مەترسی‌یەی ئەم حزبە بۆ ئەم‌دایەو ئەو بوختان بۆ دوژمنانی نەتەوەی عەرەبی دروست دەکات .. بەڵام هەستێکی بەهێزی قول بە ژیانی ئەم حزبەدا دەگەڕێت لە سەرەتاوە تا وەکو ئێستا خۆڕاگرتن بە هێز دەکات‌و گیانی تێکۆشان‌و ئیش کردنی خۆش دەکات .

هەروەها وتی .. ئەو هەستەش ئەوەیە کە حزب دەزانێت لە ڕاستی لەگەڵ ئەمداریەو ئەو بوختان بۆ هەڵبەستنانە تەنیا بە مەبەستێکی سەلبی دوژمنانەیە بۆ دواخستنی ڕاپەڕینی عەرەبی‌و دواخستنی دەوری نەتەوە لەم سەردەمەدا .

فەرماندەی دامەزرێنەر ئەوەش دەستنیشان کردووە کە حزب دەتوانێت هەڵە ڕاست بکاتەوە وەمادام هەست بەوە دەکات کە لەسەر ڕاستی‌یەو ئامادەیە بۆ ئەوەی دەرێکی میژوویی ببینێت لە پێناوی ڕاپەڕینی نەتەوەدا وەمادام لەسەر ڕاستی‌یە کە خۆی کردۆتە قوچی قوربانی بۆ تێکۆشان‌و شۆڕش وبنیاتنان لە پێناوی گەلدا وەبە تێکەڵاو بوون‌و هاوکاریی بەردەوام لە نێوان ئەم‌و جەماوەری گەلدا .

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە شاری موسڵ دوانزە هەمین مەهرەجانی بەهار دەکاتەوە

بەرێز سەرۆکی فەرمانده لە وتەیەکی نەتەوایەتی فراواندا کە بە بۆنەی کردنەوەی دوانزەهەمین مەهرەجانی بەهار لە شاری موسڵ عەسری ڕۆژی سێ‌شەممەی ڕابوردوو بۆ گەلی عیراقی کردبوو وتوویەتی : مادام بەچیارا سەرکەوتوون دەبێت هەر بەردەوام بن بۆ ئەوەی بە لوتکە بگەن .. وەلوتکە دەبێت لە خزمەتی نەتەوەی عەرەبدا بێ هەروەها وتوویەتی .. لە چارەنووسی عیراق نووسراوە کە دەوری سەرکردایەتی عەرەب لە ڕێگای خزمەتدا بە شەرەفەوە بکاتەوە پارێزگاری نەتەوەی عەرەب بکات .. وە هەروەها لە چارەنووسی نووسراوە کە دژی هێزی تاریکە دەوڵەتە گەورەکان‌و ناونجی‌و بچوکەکانی وەك دەوڵەتی خومەینی کار بکات .

هەروەها بەرێز وتی . . دوای شۆڕشی حەفدەی تەممووزی مەزن خوێنتان لە بەرگری وڵاتی شام‌و ئوردن‌و لبنان‌و سینای خۆشەویستدا ڕژاوە دەخوازین کە خوێنی پاکتان لە بەرگری نەتەوەی عەرەب‌و شەرەف‌و عەقیدەکانیداوە لەسەر هەموو زدرەیەك خۆڵ لە خاکی نیشتمانی گەورەی عەرەب بڕژێت ئەو کاتە بەراستی لە شوێنی لوتکەدا دەبن‌وە ئەوەش شەرەفێکی گەورەیە کە عیراقی مەزن بێتە دەنگ‌و بە ڕوی هێزی تاریکیدا دەنگ بەرزکاتەوەو بڵێ دەبێت نیشتمانی عەرەب یەك خاکی هەبێت‌و دەبێت گەلی عەرەب یەك نەتەوە بێت . بەرێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ئەوەی دوپات کردەوە کە ڕاگەیاندنە نەتەوایەتێکەو بیروباوەڕەکانی لەسەر کاغەز نە نووسراوە بەڵکو بە خوێن‌و دڵمان نووسراوە وەلە دڵی هەموو عەرەبێکی سەربەست وەهەموو ئافرەتێکی سەربەستدا لە نیشتمانی عەرەبیدا کە سەربەرزی‌و شەرەف‌و کەرامەتی دەوێت بۆ بەرگری‌کردنی بیرو باوەڕ .

هەروەها وتی ئیسلامەتی ئاڵای عەرەب هەڵی‌گرت وەشمشێری عەرەب بەرگری لێ‌کرد تا گەیشتە دوورترین چێگا لە دنیادا وەلەگەڵیدا خاکی بەنی‌سەدری داخ لە دڵ بەرامبەر عەرەب‌و موسڵمان‌وە ئاواتی خواستووە کە گەلانی ئیران کەسێکی تری غەیری بەنی‌سەدر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بێتە نوێنەری پاش ئەوەی حومەینی‌و تاقمە زۆردارەکەی ناشیرێنترین‌و تاریکترین نموونەیان نیشاندا .

دەقی ووتارەکەی بەرێز سەرۆکی فەرمانده لە لاپەڕەی ١٠،٩ ی ئەم ژمارەیەدا بخوێنەرەوە .

ڕۆژنامەیەکی لەندەستاق:

عیراق توانای لەمەیە بەرهەڵستی لەمەوو مەترسی‌یەك بکات

ڕۆژنامەی ناشینال هیرالدی هندستانی ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە عیراق توانای ئەوەی هەیە بەرهەڵستی هەردوو ئەو مەترسیە بکات کە ئاراستەی نەتەوەی عەرەب کراوە کە ئەویش بریتی‌یە لە ڕژێمی خومەینی‌و قەوارەی زایونی . ڕۆژنامەکە ستایشی هەڵویستی عیراقی کردووە کە دژی هەوڵو تەقەڵاکانی ڕژێمی خومەینی ڕەگەزیەرستی ڕاوان بوون خواستە لەگەڵ دەستەو دایەرەکانی ئیمپریالیزمدا کە دەیانەوێت بەڵگەی میژووی عەرەبایەتی خلیج بسڕنەوە . هەروەك ڕۆژنامەکە ئەوەشی دەستنیشان کردووە کە حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی پارێزگاری ئاسایش خەلیجی عەرەبی لە تەماح‌کاریی ئیمپریالی خستۆتە پیش هەموو شتێکی ترەوە .

بەرێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین پێنج ڕۆژە بەردەوامە لە گەشتەکەی ناوچەی ژوورویدا

بەرێز سەرۆك سەری لە شوێنەوارەکانی نەمرود داوەو لە گەرانیدا بە کۆشکی ژوروی ڕۆژئاوادا کە کە مەلیکی ئاشوریکان ئاشورناسر بالی دووهەم لە نێوان ساڵانی ٨٨٣ - ٨٥٩ پیش لە دابك بوون بنیاتی ناوە ، سەرنجی ڕوکاری شوێنەواری‌و ئەو شارستانیەتەی داوە کە ئەو ماوەیە بەخۆیەوە دیوە ڕەسەنی‌و قوڵی شارستانیتی وادی ڕافدەین دەسەلمێنێت .

دوای ئەوە بەرێز سەرۆکی فەرماندە ئانی نیوەڕۆی ئەسەر لوتکەی بەکێك لەو چیایانە خوارد کە دەروانێت بەسەر گوندێکی نزیك موسڵ ، بەرێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین چاوی بەو جەماوەرە کەوت کە بۆ سڵاوکردن بەسەرچیاکەدا هەڵگەڕابوون بەرێز سەرۆك ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بەتەنگەوەیە کە حاڵ‌و ئەحوالی هاوڵاتیان بزانێت‌و چاودێریان بکات بە جۆرێکی ئەوتۆ لەگەڵ داخوازی‌و ئامانجەکانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا بگونجێت . جەماوەرکە بەیمانیان بە بەرێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین داوە کە بەردەوام بەرەوپێش بڕۆن‌و تێکۆشن بۆ پەك‌خستنی هەموو نەخشەکانی ئیستیعمارو زایونی‌و تێکۆشن بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕەکانی حزب لە یەك‌بوون‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستی‌دا . و خۆشحاڵی‌و بەختیاری خۆیان یشان داوە بەرامبەر ئەوەی بەرێز سەرۆك خۆی لە باری گوزەرانی جەماوەر دەپرسێتەوە ئەو جەماوەرەی لە دەوروبەری شوێنەوارەکانی نەمرودا کۆبوو بوونەوەو لە دبهاتەکانی ئەو دەوروبەرەوە بۆ پێش‌وازی‌و سڵاو لە سەرۆك هاتبوون ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە بەردەوام بن لە کاری بنیاتنانەدا بەپێی ئامۆژگاریکانی حزب‌و شۆڕش . ئەوەو بوو بەرێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین سەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لە چوارچێوەی سەردانەکەی لە پارێزگای موسڵ‌و سەلاحەددین سەری لە دێری مەتی دابوو کە نزیك موسڵەو بەر لە ١٨٠٠ ساڵ دروست‌کراوە . ئەشە ئەسحاق کە سەرپەرشتکاری ئەو دێرەیە باسی ئەوەی کردووە کە ئەو دێرە لە ماوەی فەتحی عەرەبی مسوڵمانەتیدا کەوتۆتە قوناغی گەشەکردنەوە ، لە سەردەمی فارسەکاندا دوو چاری‌ویرانی‌و کوێر بوونەوە بووە .

کێ لە هەڵبژاردنەکەی ئەمەریکادا سەردەکەوێت

فیلادلفیا - ١٩ - ڕویتەر - ئا. د. ع

سیناتۆر ئەدورد کەنەدی هیوای وایە لە هەرەوەزی یەکەمی هەڵبژاردندا سەرکەوێت کە ڕۆژی سێ شەممەی داهاتوو لە ولایەتی پانسلفانیا دەکرێت لەکاتێکیا ئەوەدەرکەوتووە کەخەڵکی نیزیان لە سیاسەتی کارتەر دەبێتەوە . ئەو ڕاوێژکاریە کشتی‌یەی ڕۆژنامەی نیورك تایمز کردوویەتی ئەوەو دەرکەوتووە کە نیوەی خەڵکی ئەمەریکا نایانەوێت کارتەر لە کۆشکی سپی‌دا بمێنێتەوە وەمەزێز بەسەرکەوتنی رونالدریگانی پالیوراوی پارتی کۆماری ناکەن . ئەم سەرژمار کردنە هیوایەکی بوێی داوە بە ئەدورد کەنەدی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوێت .

کۆشتنی دەکەس لە تورکیا

ئەنقەرە - ١٩ ئا. د. ع

لەو شەپولی شەڕو ئاژاوەیەدا کە شارەکانی تورکیای گرتۆتەوە دەکەس کۆژراوە لەوانە یەکێکیان پولیسە .

ڕاپورتەکانی ئەمەنی تورکیا وادەگەیەنن کە ئەو ڕۆشتنەی لە ماوەی ٢٤ سەعاتی ڕابوردوودا ڕوویداوە لە ئەستەنبوڵ‌و ئەنقەرەو ئەوردەو مەرسین دیاریکردا ڕوویداوە .

ئێران

بەختیاری: ناکۆکی لەگەڵ عیراقدا دەستکردنی خومەینی‌یە

بەرێز شاپور بەختیار سەرەك حکومەتی پێشووی ئێران سەرکردەی موعارەزەی ئێران وبرویەتی .. عیراق نایەوێت لەگەڵ ئێراندا شەڕ بکاتەوە ئەو ناکۆکی‌یەی ئێستا لە ئارادایە لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا ناکۆکیە کە لە دەستکردی خومەینی .

لەو کۆڕە ڕۆژنامەگەریەدا کە لە پاریس کردوویەتی .. هەروەها وتوویەتی خومەینی دەیەوێت ئاژاوە بۆ وڵاتانی دراوسێی بنێرێت‌و هێزە گەورەکان دەیانەوێت سوود لەم حاڵە وەربگرن بەئامانجی ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ وەئەوەی دووپات کردۆتەوە کە چارەسەری ڕاستەقینە بۆ گیروگرفتی ئێران ئەوەیە کە خومەینی لادرێت .

بریندار بوونی هەڵسوڕێنەری کاری ئێران‌و یاریدەدەرێکی لە بیروت

دەنگ وا بڵاو بووە لە بیروت کە هەڵسوڕێنەری کاروباری ئێران‌و یەکێك لە یاریدەدەرەکانی ڕۆژی پێنج‌شەممەی ڕابوردوو بریندار کراون بەهۆی ئەو دەست ڕێژەوە کە چەند کەسێکی چەکداری نەناسراو پێیان کردوون .

وا باس کراوە کە دەست ڕێژ لە دبلۆماسیکان کراوە لەو کاتەدا لە باڵوێزخانەی ئێران هاتوونەتە دەرێ‌وە زۆر شتی تر لەم بارەیەوە نە زانراوە .

Institut kurde de Paris

له بریاریکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشدا

خێزانی شەهیدەکانی پاڵەوانانەکەی ٧ ی نیسان مووچەیەکی مانگانەیان پێ دەدرێت

● ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری دا خێزانانی شەهیدەکانی کارە پاڵەوانیەکەی ٧ ی نیسان کە تێکۆشەرانی بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەب لە موستەعمەرەی - مسکاف عام - لە جەلیلی سەروودا لە فەلەستینی داگیرکراو جێبەجێیان کرد ،مووچەیەکی تەقاوینی بڕاوەیان بدرێتێ لە مانگێك دا سەد دینار بێت ئەویش لە حەوتی ئەم مانگی نیسانەوە کە ڕۆژی جێبەجێ کردنی کارەپاڵەوانی‌یەکە بوو . ئەمەی خوارەوەیش دەقی ئەواوی بڕیارەکەیە :

ژمارە : ٥١٩
مێژوو : ١٠-٤-١٩٨٠
بڕیار

بەپێی دەستەڵاتی بڕگە (أ) ی مادەی چل‌و دووی دەستووری کاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی ڕۆژی ١٠-٤-١٩٨٠ دا بڕیاری ئەمەی دا :

یەکەم : خێزانانی شەهیدانی کارەپاڵەوانانەکەی ٧ ی نیسان کە ناویان لە خوارەوە هاتووە مووچەیەکی تەقاوێتی‌ی بڕاوەیان پێ دەدرێت کە مانگی سەد دیناڕە ئەویش لە ڕۆژی (٧-٤-١٩٨٠)ەوە .

ناوەکان

١ - عبدالرحیم احمد محمود فەلەستینی
٢ - محمد میرا فضل خان پاکستانی
٣ - محمد احمد عید سوری
٤ - یسری عبدالرسول عبید میسری
٥ - لهیب عبدالزهره محمد عیراقی

دووەەم : وەزیری دارایی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات.

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش

سەرۆکی فەرمانده فەرمان دەدات میهرەجانێکی گەرمی بۆ بەهار لە شاری موسڵ بکرێت

● بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین فەرمانی‌دا میهرەجانێکی هەرێمی بۆ بەهار لە شاری موسڵ لە ساڵی ئایندەوە پێك بهێنرێت.

هەروەها بەڕێزی فەرمانی‌دا شوێنی گونجاو هەڵبژێررێت بۆ جێ‌گرتنەوەی نواندن‌و پیشاندراوەکانی میهرەجانەکە لە ساڵانی ئایندەدا ئەویش بۆ ئەوەی لە گەل ڕەوتی بەرەسەندن‌و فراوان بوونەوەی قەوارەی چالاکی‌یەکانی‌دا بێت .

ئەوە بەڕێز صبحی علی انخلف پارێزگاری نەینەوا سەرۆکی لیژنەی بالای دوازدەمین میهرەجانی بەهار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی‌دا ڕای‌گەیاند کە لە هۆڵی ابن الاثیر لە شاری موسڵ لەگەل پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی عیراق‌و وڵاتانی عەرەب‌و ئاژانسی دەنگ‌وباسی عیراق‌دا گرێی دابوو ووتیشی میهرەجانی بەهاری ئەم ساڵ بەوە جیاکار بوو کە سەرۆکی بەڕێز صدام حسین خۆی سەرپەرشتی کردو ووتارە نەتەوەیی‌یە فراوان‌و گرنگەکەی لە ڕۆژی کردنەوەی میهرەجانەکەدا لە دەروونی هاووڵاتیانی پارێزگاکەدا کاریگەری‌یەکی بێ‌سنووری هەبوو .

هەروەها لەسەری ڕۆیشت کە بەشداری‌کردنی سەرۆکی بەڕێز لە شادی‌و جەژنەکانی هاووڵاتیان‌دا لە سایەی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش‌دا لای ئێمە مانان هیچ سەرسوڕمانی‌یەك ناهێنێتە - ناراوەو ئەم بەشداری‌کردنە شادی‌و گەشانەوەی بە هەموو هاوڵاتیەکی پارێزگاکە بەخشی .

لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی‌یەکەدا بەڕێز پارێزگاری نەینەوا باسی ڕەوتی بەخشش‌و دەستکەوتەکانی شۆڕشی حەڤدەی تەموزی کرد لە پارێزگاکەدا لە بواری ئاوەدانی‌و ئابووری‌و کشت‌وکاڵی‌و پیشەسازی‌و خزمەتگوزاری‌دا ، ئەوەی شایانی باسیشە بەڕێز فرانسوا لاشا سەرۆکی حکوومەتی کانتۆن ئەلجۆرا لە سویسرای فیدراڵی‌و ئەو وەفدەی لەگەلیدا بوو سەرەڕای ژمارەیەك لێپرسراوانی پارێزگاکە ئامادەی کۆنگرە بوون .

پێویستە لەسەر موالیدی ١٩٤٥ - ١٩٥٩ سەرلە نێ تەجنید کانیان بدەنێ

بەڕێوەبەرێتی گشتی تەجنید لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩-٤-١٩٨٠ بڵاوی کردەوە داوای لەوانە کرد کە بەدەلیان داوەو کە موالیدی ١٩٤٥ - ١٩٥٩ لە ماوەی یەکی ئایار تا وەکو ٣٠ وزەیران سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن :-

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە :

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی (٦٦)ی یاسای چاککراوی خزمەتی سەربازی ژمارە (٦٥) ی ساڵی ١٩٦٩و بۆ مەبەستی سەرژمێریی کە بەبوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە بەدەلی پارەیان داوە لە ساڵی موالیدی ١٩٤٥ - ١٩٤٦ - ١٩٤٧ - ١٩٤٨ - ١٩٤٩ - ١٩٥٠ - ١٩٥١ - ١٩٥٢ - ١٩٥٣ ، ١٩٥٤ ، ١٩٥٥ ، ١٩٥٦ ، ١٩٥٧ ، ١٩٥٨ ، ١٩٥٩ . بڕیارمان دا کە لە ماوەی یەکی مایس تا وەکو ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٨٠ سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن . تکا لە خاوەن بەبوەندی‌یەکان دەکەین ئاگاداری ئەمە بن .

لیوا روکن
بەڕێوەبەری گشتی تەجنید

ڕاپۆرت
زانکۆی سلێمانی ئاهەنگ بە بۆنەی یادی دوازدەهەمین ساڵی دامەزرانیەوە گێڕا

● ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابوردوو زانکۆی سلێمانی ئاهەنگی بە بۆنەی یادی دوازدەهەمین ساڵەی دامەزرانیەوە گێڕا ئەویش لەژێر دروشمی « با قییمەی زانکۆکەمان بە ناموژگاری‌یەکانی سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین پتەوتر بێت »..

لە ژێر چاودێری ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان ، مەهرەجانێکی «ئاوازو گورانی» بەسترا بە بەشداربوونی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەری پارێزگاکانی سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك. لەم میهرەجانە کۆمەڵە تیپی هۆنەری ئاوازو گورانی‌و هەڵپەڕکێ چەپکە گوڵزاری نەخشینی ئاوازەکانی کوردی پێشکەش کراو ماوەی دوو ڕۆژی خایاند .

ڕۆژی یەکەم ٢-٤-٩٨٠ ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی کۆمەڵە هۆنەرمەندێك پێشکەش کردو لەوانە :

« هونەرمەند کەریم خەمزەبی‌و خلیل محمدو بەروین حەمیدو کومەڵێکی تری دەنگ خۆش » .

ڕۆژی دووەم ٣-٤-٩٨٠ بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێرو دهۆك پێکەوە شایی‌یەکیان گێڕا ، لەم شایی‌یەدا کۆمەڵێ گۆرانی‌و هەڵپەڕکێ پێشکەش کران لە وانە :

« هونەرمەند یەحیا مەرجان‌و سعید گاباری وشاکر ئاکرەیی‌و غانم محمدو جنان‌ساوا وگەلێکی تر لە هۆنەرمەندانی تازەی ئەمڕۆمان . هەروەها کۆمەڵێ هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش کرا لە لایەن تیپەکانی هەولێرو دهۆك)وە .

پ - هاوکاری
دهۆك

ئاهەنگی ڕۆشنبیری

ناهەنگەکە بریتی‌بوو لە ڕێکخستنی ڕێرەوێك‌و پێشانگای زانستی‌و هونەری‌و چالاکی‌ی فۆلکلۆری‌و میهرەجانی وەرزشی .

زانکۆکە کە بە سەرجاوەی ڕووناکی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دادەنرێت لە سەرەتاوە کە خوێندنی تێدا دەستی پێ‌کرد بریتی بوو تەنیا لە سێ کۆلێج کە کۆلیجی ئەندازیاری‌و زانیاری‌و کشت‌وکاڵ بوون ئەنجا فراوان تر بووەوەو چووار کۆلێجی تری خرابە سەر کە لە ساڵی خوێندنی ٧٧ - ١٩٧٨دا تیاباندا دەست بە خوێندن کرا کۆلێجەکانیش ئەمانە بوون : کۆلێجی ئەدەبیات‌و بەڕێوەبردن‌و پەروەردەو پزیشکی .

ئەنجا کۆلێجەکانیش فراوان بوونەوەیەکی بێ‌شومار یان بە خۆوە دێت ئەویش بە کردنەوەی چەندین بەشی نوێ بۆ ئەوەی لەگەل هەموو پەرەسەندنەکاندا بن‌و قوتابی‌یە نوێیەکانی پارێزگاکانی وڵاتیان تێدا جێ‌ببێتەوە .

ژمارەی ئەو قوتابیانەی ئێستا لە زانکۆکەدا دەخوێنن گەیشتووەتە شەش هەزارو ١٩٨ قوتابی‌ی کوڕو کچ .. لە کاتێك‌دا لە سەرەتای دەست پێ‌کردنی خوێندن لە زانکۆکەدا ٤٠٣ قوتابی‌ی کوڕو کچ بوون .. سەرەڕای ئەوەی ژمارەی مامۆستایان کەیشتووەتە ٣٣٩ مامۆستاو بڕوانامەی دکتۆراو ماجستێریان لە هەموو جۆرە شارەزایی‌یەکدا هەیە .

زانکۆکە (٦١) بەشی ناوخۆیی هەیە سێ هەزارو ٨٧٧ قوتابی‌ی کوڕو کچ دەگرن ، زانکۆکە هەنگاوێکی پێشکەوتووانەی هاویشت ئەویش بە کردنەوەی بەشی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی باڵا لە کشت‌و کاڵ‌و زانیاری‌و ئەندازیاری‌داو، چەندین یانەی هەیە چالاکی‌ی جۆراوجۆریان تێدا دەنوێنرێت لە لایەن قوتابیانەوە ، سەرەڕای کتێبخانەیەکی زانستی کە سەد هەزار کتێبی کوردی‌و عەرەبی‌و بێگانەی تێدایە .. هەروەها (٥٠٠) دەستنووس‌و چاپخانەیەکی نوێی هەیە بۆ چاپ‌کردنی کتێبی خوێندن بۆقوتابیان‌و لەچاپدانی کتێب‌و باسی زانستی ..

پار زانکۆکە کتێبخانەیەکی تایبەتی‌ی بە فلمی زانستی کردەوە کە چوارسەد فلیمی بە زمانی عەرەبی‌و ئنگلیزی تێدایە ، هەروەها زانکۆکە چوار گۆڤاری وەرزی دەردەکات . ئەوەی شایانی باسیشە زانکۆی سلێمانی ئەندامی یەکێتی‌ی زانکۆ عەرەبی‌یەکانە .

وەرزی ڕۆشنبیری‌ی بەڕێوە بەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی

● بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری‌ی جەماوەر سەر بە ئەمانەتی گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوان لە پارێزگای سلێمانی وەرزی ئەم بەهارو هاوینی دادێی خۆیی داناوە کە بریتی‌یە لە پێشکەش‌کردنی چەندین باس‌و لێکۆڵینەوەی بەنرخ‌و بەسوودی ئەدەبی‌و مێژوویی سەرەڕای خوێندنەوەو پێشکەش کردنی چیرۆك‌و شیعر کە چەندین نووسەرو شاعیرو چیرۆك‌نووس‌و ئەدیب بەشداری پێشکەش‌کردنیان دەکەن .

لەو نووسەرو ئەدیبانەی بەشداری‌ی ئەم وەرزە ڕۆشنبیری‌یە دەکەن مامۆستا انور قادر رشیدو مامۆستا محی‌الدین زەنگنەو دکتۆر احسان فۆادو دکتۆر مارف خەزنەدارو مامۆستا جمیل ڕۆژبەیانی‌و کاك عبدالله عباس‌و دکتۆر کاووس قەفتان .

ئەوەی شایانی باسیشە ئەم وەرزە ڕۆشنبیری‌یە تاکوو کۆتایی مانگی حوزەیرانی داهاتوو بەردەوام دەبێت .

قوتابخانەی نوێ

بەڕێوەبەرێتی‌ی ئەهێشتنی ئەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو (٤٧) قوتابخانەی مبللی‌ی نوێی لە ژمارەیەك لە گوندەکانی قەزای ڕانیەو پشدەرو چەمچەماڵ‌و شارباژێرو مەلبەندی پارێزگاکەدا کردەوە کە سێ هەزارو (٤٠٣) بخوێنی ئافرەت‌و پیاو تیاباندا دەستیان بە خوێندن کرد .

بەمانەوە ژمارەی هەموو قوتابخانە میللی‌یەکان کە تاکوو ئێستا لە پارێزگاکەدا کراونەتەوە گەیشتە (٤٨٣) قوتابخانە ، سێ هەزارو (٦٦٣) بخوێنی ئافرەت‌و پیاو تیاباندا دەخوێنن .

یەکەمین میهرەجانی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

● دوێنێ چالاکیەکانی یەکەمین میهرەجانی ڕۆشنبیری‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی دەستی پێ‌کرد کە هەفت ڕۆژ دەخایەنێت .

لەم میهرەجانەدا کۆڕی شیعرخوێندنەوەو چیرۆك‌و باسی ئەدەبی‌و چالاکی‌ی هونەری پێشکەش دەکرێت‌و ڕێکخراوو دام‌و دەزگا ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەری‌یەکان بەشداری‌ی تێدا دەکەن .

تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی سروشتی مرۆڤایەتی‌ی ڕەسەن بیری عزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی خستەڕوو

بەڕێز عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دووپاتی کردەوە کە ناقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی سروشتی مرۆڤایەتی‌ی ڕەسەنی بیری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی خستەڕوو .

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو لەکاتی چاوپێکەوتنیدا بە بەشدارانی یەکەمین دەورەی قوتابخانەی التضامن بۆ مەشق‌پێ‌کردن‌و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان باسی جێبەجێ‌کردنەکانی باسای ئۆتۆنۆمی‌و پەرەپێدانی‌کرد بەو چەشنەی کە چەند مەودایەکی نوێی پێشکەوتووانەی پێ‌بەخشی تاقی‌کردنەوەکەی بە ناوەڕۆکی نوێ دەوڵەمەندکرد .

ئەنجا هاتە سەرباس‌کردنی لق‌و بەشەکانی دام‌و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و ئەرکەکانیان‌و دەوریان لە بەڕێوەبردنی ئاروباری ناوچەکەداو ، ئەو بشتگیری‌و چاودێری‌یە بەردەوامەی پیشان داوە بۆ پەرەپێدانی کاریگەری‌یان‌و چالاکی‌یە جۆراوجۆرەکانیان .

ئەوەی شایانی باسیشە ئەوانەی بەشداری دەورەی قوتابخانەی التضامن)ن ئێستا خەریکی گەشتێکن بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی دەربارەی پەرەسەندن‌و ئەش‌ونی‌کردنی ناوچەکە لە هەموو بوارێك‌دا ئەویش لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندنی تەبیقیان‌دا .

جەماوەرمان
سەرلەبەیانی‌ی ڕۆژ دووشەممەی ڕابوردوو جەماوەری بەغدا تەرمی شەهید نایب عەریفی پۆلیس زهیر ابراهیم جاسم‌یان بەڕێ‌کرد
بەرێگای قوربانی و فیداکاری بەڕێ دەکات

سەرلەبەیانی‌ی ڕۆژ دووشەممەی ڕابوردوو جەماوەری بەغدا تەرمی شەهید نایب عەریفی پۆلیس زهیر ابراهیم جاسم‌یان بەڕێ‌کرد کە لە کارەساتی ناوانکاری‌یەکانی ئەم دوایی‌یەدا بریندار کرابوو کە ئەلقەی لە گوێکانی ڕژێمی فارس ئەنجامیان دابوو .

ڕێرەوی بەڕێ‌کردنی تەرمەکە لە بەرانبەر نەخۆشخانەی طوارئی جراحی لە رصافەوە دەستی‌پێ‌کرد ، لە پێشەوەی ڕێرەوەکە تیپی جۆقی مۆسیقای پۆلیس بوو ئەنجا تەرمی شەهید کە بە ئاڵای عیراق پێچرابووەوەو لە سەر ئۆتۆمبیلێکی سوپایی بوو ئەنجا بنەماڵەی شەهیدو بەڕێ‌کەران لە کاتێك‌دا خەڵکێکی زۆر لەسەر شۆستەی ئەم لاو ئەو لای ڕێگاکە ڕاوەستابوون .

جەماوەرەکە نارەزایی‌و ڕقی خۆیان بەرانبەر ئەو تاوانکاری‌یە نالەبارە دەربڕی کە چەند تاقمێکی ئەلقەی ئەگۆی‌ی ڕژێمی خومەینی‌ی فارس ئەنجامیان دا ، لەسەر ئەوەیش سووربوون لە پێناوی باراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی حەڤدەی تەموزو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا هەمیشە لە پێشەوەچوون‌دا بن‌و پەیمانیان بە بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین دا بەوپەڕی پشت ئەستووری‌یەوە لە ڕووی هەموو پیلان‌و ناخشەیەکی نالەباردا ڕابوەستن کە ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان دژی ڕێرەوی شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکەمان هەڵیان‌دەبەستن .

ڕێرەوی بەڕێ‌کردنەکە بە شەقامی صناعەدا تێپەڕی ئەنجا گەیشتە مەیدانی عقبە بن نافع ئەنجا لە پردی معلق پەڕی‌یەوە تا گەیشتە مزگەوتی ام الطبول لەوێوە تەرمی شەهید بەرەو دوا ئارامگای لە شاری نەجەفی پیرۆز بەڕێ‌کرا .

گازینۆیەکی گەشت لەسەر ڕێگای سەرچنار

هەفتەی ڕابوردوو لە سلێمانی بڵاوکرایەوە کە چەند پرۆژەیەکی گەشت‌و گوزار لە پارێزگاکەدا ئەدرێ بە قۆنتەراتو لەمانە ڕێست هاوس‌و بازاری نوێ‌و باخچەو گازینوی گەشت .

هەروەها ڕاگەیەنرا کە دەست کراوە بە دروستکردنی گازینۆیەك‌و باخچەیەك لەسەر دوو ڕیانی سلێمانی‌و سەرچنار ئەم پرۆژەیە وەك دانراوە نزیکەی ٢٥٠ هەزار دیناری تێدەچێ .

ئا. د. ع

کۆبوونەوەیەکی فراوان لە دهۆك

ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو لە پارێزگای دهۆك بریار درا پێنج مەلبەندی نوێ لە شوێنی جیا جیای پارێزگاکەدا بکرێنەوە بۆ وەرگرتنی بەرهەمی تەمامەی ئەم هاوینەی دادێت .

ئەمە لەو کۆبوونەوەدا بوو کە بەڕێز قحطان خلف ابراهیم سەرۆکی دەزگای گشتی‌ی خستنەبازاڕەوەی کشت‌وکاڵی سەرۆکایەتی‌ی کردو بەڕێز حکمة الطمان لێپرسراوی نووسینگەی جووتیاران لە سەرکردایەتی‌ی لقی حزب لە دهۆك‌و جێگری بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەستەی کشت‌و کاڵ‌و چاککردنی کشت‌و کاڵ‌و بەڕێوەبەرانی دامەزراوی خستنە بازاڕو هاوریکاری‌ی کشت‌و کاڵی‌و سەرۆك‌و ئەندامانی یەکێتی‌ی ناوچەیی کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکانی جووتیاران‌و ژمارەیەك لە لێپرسراوان پارێزگاکەدا ئامادەی بوون.

ئەوانەی لەم کۆبوونەوەدا ئامادەبووبوون دەربارەی نەخشەی کشت‌وکاڵی‌ی تایبەت بە تەماتەوە دووان کە چاندنی بیست هەزار دۆنم بەو بەرهەمە ناوبراوە دەگرێتەوە ئەویش لەبەر کونجاوی‌ی بارو دۆخی ئاوو هەوای ناوچەکە .

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا گفت‌و گۆ لەسەر ڕێکخستنی بەرهەمی میوەو سەوزەوات‌و ئامادەکردنی کیسەی بەتاڵ بۆ جووتیاران‌و وەرگرتنی نرخی بەرهەمەکانیان ڕاستەوخۆ لە مەلبەندەکانی وەرگرتن کرا .

کۆمەڵی هەواڵ

● ژمارەی ئەو قەرزانەی بانقی پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر لە چارەکی یەکەمی ئەم ساڵدا داویەتی گەیشتووەتە ٣٢٢ هەزارو ٥٠٠ دینار ، بەرانبەر بە ٢٩ هەزارو ٥٢٠ دینار کە هەمان بانقە لە هەمان ماوەی ساڵی پاردا داویەتی بە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت .

● وەزارەتی ئاودێری ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ژمارەیەك لە جۆگەڵەکانی پارێزگای هەولێری پاك کردووەتەوەو ڕێگی‌خستوون .

ئەو جۆگەڵانەی پاك کراونەتەوە ئەمانەن: جۆگەڵەی قەسران لە ناحیەی مەخموورو جۆگەڵەی هاودیان لە ناحیەی دیناو جۆگەڵەی هەنجیرە جگە هەڵکەندنی جۆگەڵەی سیساوە لە ناحیەی حریر .

ئەم چاك کردن‌و ڕێکخستنەی جۆگەڵانە بەئامانجی باشتر سوود لێ وەرگرتنی ئاوەکانیان بووەو کەم کردنەوەی بە فیڕۆ چوونی ئاوەکانیان .

● شارەوانی‌ی شاری سلێمانی بەڵێنی دروست کردنی ژمارەیەك پرۆژەی ئەم ساڵی ڕاگەیاند .

ئەو پرۆژانە بریتین لە دروست‌کردنی خانوویەکی پشوودان‌و بازاڕی هاوچەرخ‌و گەڕاجێکی دەستەی گواستنەوەو زێرابی ڕێگاکان بۆ باراناو قیرتاوکردنی ژمارەیەك لە شەقامەکانی شاری سلێمانی .

هەروەها بەڕێوبەرایەتی‌یەکە دەستی بە دروست‌کردنی کارینۆو باخچەیەکی گشتی کرد لە سەر دووڕیانی ڕێگای سلێمانی / سەرچنار کە ٢٥٠ هەزار دیناریان تێ‌دەچێت .

● بەڕێوەبەرێتی حوکمی ناوخۆیی لە پارێزگای هەولێر بەڵێنی دروست‌کردنی مەلبەندێکی تەندروستی لە گەڵ خانوویەرەیەکدا لە گوندی زیارەت‌و باخچەیەکی ماواایان لە گوندی سێبیران‌و مەلبەندێك بۆ لاوان لە عەینکاوەی دا بە ئۆنتەراتچیەکان کە بە هەموویەوە ٢٩١ هەزار دیناریان تێ‌دەچێت‌و وا چاوەڕوان دەکرێت لە ماوە ١٢ - ١٦ مانگ دا تەواو بکرێن .

Institut Kurde de Paris

جەژن
ڕۆژنامەگەریی کوردی
جەژن لەلۆیستی مەردانەیە

سبەینێ ٢٢ی نیسان جەژنو بیرەوەری ٨٢ ساڵەی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیە . . جەژنو بیرەوەریی ئەو ئەشکەنجەو دەردی سەریو دەربەدەریەیە کە وشەی خاوێنی کوردی لە کاروانی سەرفرازیو پێشکەوتنو بەرگریکردندا بریوێتی .

هەرگیز نەسان دەتوانی ئەمڕۆ بە شانازییەوە ئاهەنگی ئەو جەژنو بیرەوەریە بگێڕین ئەگەر یێکەمین ڕۆژنامەمان (کوردستان) ئەو دەورە پڕشکۆو ئەو ڕیبازە مەردانەیەی نەگرتایە بەر .

هەرگیز دڵمان بەرایی نەدەدا ناوی ڕۆژنامەی کوردستان بەرین گەر ڕیبازی وشەی مل کەچو ئەلقە لە گوێو نۆکەرێتی سەردەمی عوسمانی هەڵبژاردایە .. گەر وشەی بازرگانیو گیرفان پڕکردنی هەڵبژاردایەو خۆی بەدامەو دەزگایێکی بێگانەی دژ بە نەتەوەکەمانەوە ببەستایە ئەوا ناو هێنانیشی لە پال شەرمەزاریدا دەبوو .. بەڵام ڕۆژنامەی «کوردستان» هەر وەك لە هەڵبژاردنی ناوەکەیدا سەر بەرزو دلێرانەبوو هەروەها لەو سەردەمەدا - ساڵی ١٨٩٨ - بە وەرچەرخانێکی ڕۆشبیری گەورەو هوشیار کەرەوەیێکی میللەت دادەنرێ .. دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە کارێکی مەزنی ئەوتۆو هەڵوێستێکی مەردانەی وا .. لە کۆسپو نارەحەتی بە دوور نەبوەو ، دەسەڵاتدارێتی بە هەموو شێوەیێك هەوڵی سەرکوێر کردنەوەو دەمکوت کردنی داوە .. بۆیە .. بۆیە لەو (٣١) ژمارەیەی لە ماوەی چوار ساڵدا دەرچوو تاکە ژمارەیێکی لە خاکی نیشتمانیدا دەرنەچووە .. لە سەرەتاوە لە شاری قاهیرەو ئەمجا لە جنێڤاو جارێکی تر گەڕایەوە قاهیرەو ژمارە (٢٤)ی لە شازی لەندەنو دوای ئەوە شاری ڤۆلکستون لە خاروویی بەریتانیاو دوا ژمارەکانیشی لە جنێڤا دەرچوو .

بەڵام دوور وڵاتی نەبوە هۆی پچڕانی پێوەندی بە ژیانو گوزەرانو مێژووو ئەدەبی کوردەوە .. بەڵکو بە بێچەوانەوە .. سەرەڕای ئەوەی کە هەر جارەی دوو هەزار دانەی دەنێررایە کوردستان تا بە خۆڕایی بە ناو خەڵکیدا بڵاو بکرێتەوە .. لە پال ئەمەشدا وەك چرایێکی گەشو ڕووناك هانی نەتەوەکەمانی دەدا بۆ فێربوونو زانستیو کاری دلسۆزانەی بە کەڵك ، مەروەها مێژووی نەتەوەکەمانی دەگێڕایەوەو سەرکەوتنەکانی سەلاحەدینی ئەیبوبیو مێژووی بەدرخانیەکانیش . بۆ یێکەمین جاریش شاکارەکەی ئەحمەدی خانی نەمرمان (مەمۆزین) بە زنجیرەو لە ژمارەی دوەمەوە هەر جارەی بەشێکی لێ بڵاو دەکردەوە .. هانی کوردو عەرەبو تورکمانی لاوی دەدا کە سەرفرازی بە دەست بێنن و دژی دەسەڵاتی عوسمانی بەکان بجەنگن و لە ناو خۆیاندا بە هۆی جیاوازیی ڕەگەزو ئایینەوە ناکۆك نەبن .. جگە لەوەی کە وەك هونەرێکی ڕۆژنامەنووسین بە شێوەیێکی سەرەتایی هەوڵو دەنگو باسی رامیاریشی لە ژێر ناونیشانی « حوادث »دا بڵاو دەکردەوە .. ئەم بێوەندییە پتەوەی لەگەڵ میللەتاو ئەو ناوبانگی کورد بە بێگانە ناسینە .. ئەم هەموو چالاکییە دلێژانە بە هەوڵو کۆششی مەردانەی کاك میقداد مەدحەتو ئەوڕەحمان بەگی برای هاتنە دەست.. سڵاوی ڕێزو شانازیمان بۆ ئەو پیاوە کوردە دلێرانەو بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی تری هەمان کاروانو ڕێباز : مامۆستایان پیرەمێردو گۆرانو نەنجمەدین مەلاو حسێن حوزنی موکریانیو قاچاغی مرادو جەلادەتو سورەییاو کامەران بەدرخانو شەهیدانی ڕێگای وشەی پاکی کوردیو سڵاو پیرۆزبایی بۆ هەموو ئەو لارو پیرانەی کە بە شەرەفەوە ئەم ڕیبازەیان هەڵبژاردوەو بەردەوام خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش دەکەن ..

وەسفانێك
لە لەواری زێڕین وکاڵی دا

حەمە سەعید حەسەن

لەم دوایەدا دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی کۆمەڵی چیرۆکی مامۆستا - جەمال نوری -ی بەناونیشانی - زێڕینو کاڵی- کە بریتییە لە شەش چیرۆکی منداڵان بە چاپگەیاند . نووسەر دەزانێ منداڵان هۆگری گیاندارانن بۆیە بەمەبەستی نزیك بوونەوە لە جیهانی منداڵان پەنای بردۆتە بەر باسو ژیانو ڕەسەرهاتی گیانداران ، ئەوی لەم شەش چیرۆکەدا زیاتر جێی سەرنجە مامەڵەکردنی نووسەرە لەگەڵ وورچو ڕێوی‌دا ، جەمال نوری لە هەر چوار چیرۆکی « دە ماڵ وێران کەم بخۆ ، جوامێر لەنەك مام وورچدا ، سەر ئروشتەی لالە ئەحە ، زێڕینو کاڵێ »دا باس لە هەڵسو کەوتی وورچ دەکا ، لە هەر چوار چیرۆکەکەدا وورچ وەك گیاندارێکی زیان بەخش بە منداڵان دەناسێنێو لە ئەنجامی زۆرانبازی نێوان مرۆڤو وورچ ، لە هەر چوار چیرۆکەکەدا وورچ بە کوشتی دەداتو لایەنگیری خۆی بۆ کوشتنی وورچ نیشان دەدات، بە پێچەوانەی ئەم چوار چیرۆکەوە هەر چەندە ڕێوی گیاندارێکی فیلباز و زیانە خۆڕە کەچی نووسەر لە هەر دوو چیرۆکەکەی تریدا « برسێتیو فێڵی ڕێوی » لایەنگیری ڕێوی دەکات ، دیارە ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵوێستەی نووسەر لای منداڵان وا دەکەوێتەوە کە ڕێوی یان خۆش بوێ ، ئەشێ ئەوەیان ئەوەندە جێی شتو مڕ نەبێت کە نووسەر لە فێڵی ڕێوی‌دا ڕێوی بەسەر شێردا سەر دەخات ، بەڵام کاتێ لە برسێتی‌دا نەك هەر ڕێوی بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ ، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە جێی گاڵتەپێکردن لە لایەن ڕێوی‌یەوە ، ئەمەیان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیەو دەبوو نووسەر ئاگاداری ئەوە بووایە کە مرۆڤ ئەوەندە بە توانایە ڕێوی لە توانای‌دا نیە قەشەری پێ بکات ، جگە لەمە کاك جەمال نوری ئەوەندە سوورە لەسەر بەرگری کردن لە ڕێوی تەنانەت - تبریر - پش بۆ هەڵوێستی ڕێوی‌یەکە ئەدۆزێتەوە کاتێ دەڵێ :

« بێگومان مام ڕێوی بەشەڕ یان بە پارانەوەو خوایشت سفتاحی گۆشتی مامری نە ئەکرد ل١٥ »

دیاردەیەکی تر بە هەموو چیرۆکەکانی نووسەرەوە دیارە ئەویش نیشان دانی دیمەنی ترسناکە ، کە ئاشکرایە ئەنسیرێکی سلبی لای منداڵان بەجێ دەهێڵێ :

- لۆزی خوێناوی بە بەفرەکە ئەسری ل٢٠ چیرۆکی بەکەم .

- ملو ئەستۆی تێك شکا، ل ٣٢ چیرۆکی دووەم .

- هاتنە سەر لاکەکەیو بەیەك دوو ڕۆژ نەجاتیاندا ل ٤٨ چیرۆکی سێیەم .

- مام وورچ بەبۆرەو بۆلە کەوتە ناو چاڵی ئاگرەوەو قرچو هوڕ بۆ خۆی ئەسووتا ، ل ٥٨ ، چیرۆکی چوارەم .

- بەگاڵۆکەکەی بەربووە سەرو گوێڵاك ووردکرنی وورچەکە تاچنی کرد ، ل ٥٨ چیرۆکی پێنجەم .

- شەویش براکانی زێڕین بەردەمی ئەشکەوتیان گرت تا وورچەکە هاتەوە ، تەقەیان لێکردو کوشتیان ل ٨٨ ، چیرۆکی شەشەم .

بەم نموونانەدا دەر ئەکەوێ نووسەر مەبەستێتی پێ لەسەر نیشاندانی دیمەنی ترسناکدا بگرێ کە دیارە ئەجامەکەی بەزیان دەگەڕێتەوە بۆ منداڵان .

لایەنی زمانیش لە زێڕینو کاڵی‌دا هەرچەندە گرنگی پێدراوە بەڵام نووسەر هەندێ جار ڕاستی نەپێکاوە ، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی ئامرازی - و - ی پەیوەندی‌دا، نووسەر هەرچەندە بەلێشاو ئەم ئامرازەی بەکارهێناوە وەك لە بیری چووبێت کە منداڵ حاوەنی نەفەسێکی کورتە ، بەمەشەوە ئەوەستاوە بەدەبان جار - وە - ی بەکار هێناوە کە پێم وایە - وە - نامۆیە بە زمانی ڕەسەنی کوردی هەندێ ووشەشی بە هەڵە بەکار هێناوە ، وەك « هەوراز » ، بە هەڕازا بەرەو خوار ئەبوونەوەو شۆڕ ئەبوونەوە خوار . ل ١٦ کە ئاشکرایە هەوراز سەرەو زرورکەیە نەك سەرەوخوارکە یان « تیشك » کاتێ دەڵێ : ئەی دانە بەر تیشکی مانگە شەوەکە ل ٣١ ، کە تریفەی ماناش شەوەکە جێی خۆیەتیو ئیشك بۆ خۆر دەبێ . یان « ژووان » کاتێ دەڵێ : کیژان بەچارۆکە قەزوانەوە یەکە یەکە لە جێ ژووان گرد بوونەوە ، ل ٨١ کە جێی مشتو مڕ نیە ژووان تەنیا بەو شوێنە دەروترێ کە دڵدارو دڵبەری تێدا بەیەك دەگەن .

دیاردەیەکی تر بە چیرۆکەکانەوە دیارە ئەویش ئەوەیە نووسەر زیاتر لە پێویست درێژەی بە سەرەتای چیرۆکەکان داوە لە ڕێی وەسفو گێڕانەوەوە کە منداڵ بەمە بێزار دەبێو زیاتر ئارەزووی لە حیوارو ڕووداوە، وەك لە وەسفو سەرد ، هەر ئەمەشە وای لە نووسەر کردووە نەتوانێ خۆی لە تێئاخنینی ناپێویست بپارێزێ .

ئەمانە کۆمەڵێ سەرنجی گشتی بوون بەرامبەر کۆمەڵە چیرۆکە کە بەڵام وەك لایەنە تایبەتی‌یەکی مامۆستا جەمال لە چیرۆکی برسێتی‌دا مام هۆمەر وا نیشان دەدات کە بە تاسەوە پەلاماری ڕێوی‌یەکی مردوو دەدات بە مەبەستی ئەوەی بی‌فرۆشێو بارەی هۆقە ئاردێکی لێ جنگ کەوێ کە نازانەم چۆن ئەمە بەسەر نووسەردا تێپەڕی ، کردووە ، چونکە جروتیاری کورد هەرگیز کەولی گیانداری مردوو نەك هەڵناگرێو نای بات بی‌فرۆشێو بەلکو توخنیشی ناکەوێ .

لە چیرۆکی - جوامێر لەتەك مام وورچدا - جوامێرو هاوڕێکانی دۆزەخێك بۆ بێچووەکانی مام وورچ بەرپا دەکەنو دەیان سووتێنن ، مام وورچ دەیەوێ تۆڵەی بێچووەکانی بسێنێ کەچی ئەمیش دووبارە دەبێتە خۆراکی دۆزەخ ، کە لێرەدا پرسیارێکی ماقوڵ خۆی دەسەپێنێ :

ئایا ئەو منداڵانە بۆچی ئاگریان لە بێچووەکانی مام وورچ بەردا ؟ نووسەر وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە ، بۆیە ئەگەر خوێنەر لایەنی مام وورچ بگرێ جێی خۆیەتی، چونکە چ بێچووەکان ، چ مام وور چ هیچ تاوانێکیان نیە ، چاکتر وابوو نووسەر وورچو بێچووەکانی بەو چارەنووسە نەگەیاندایە .

لە چیرۆکی-سەر گروشتەی لالە ئەحەدا - لالە ئەمە جروتیارێکی چاپووکو ئیشکەرەو بەرەنجی شانی خۆی زۆر بەشادی‌یەوە دەژی بۆیە پێویستی بەوە نیە دەست لە وورچ پان بکاتەوە بە مەرجێ ئەشزانێ ئەو گۆشتەی وورچ بۆی دەهێنێ هی مەڕو مالاتی خەڵکی گوندەکەی خۆیەتی ، دەبوو لالە ئەحە لە سەرەتاوە هەڵوێستی مەردانەی خۆی بەرامبەر وورچەکە دیاری بکردایەو، هاوکاری لەگەڵ خەڵکی گوندەکەی خۆی دا بکردایە ، نەك تەنیا لە ترسی ژیانی خۆی وورچەکە لەناو بەرێت .

مامۆستا جەمال نووری دەڵێ : « ئەم چیرۆکانە گەرچی شێوەی فۆلکلۆری - یان وەرگرتووە بەڵام من خۆم بەبیری خۆم دروستم کردوون .» ل ٨٩ ، لێرەدا دەڵێم : دەبوو نووسەر ئەو ڕاستی‌یەی فەرامۆش نەکردایە کە ئەم چیرۆکانە هەر هەموویان خۆی بەبیری خۆی دروستی نەکردوون چونکە چیرۆکی دە ماڵ وێران کەم بخۆو چیرۆکی فێڵی ڕێوی کوت‌ومت لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراون جگە لەمەش چوار چیرۆکەکەی تر بە سەرگروشتەی چیرۆکی فولکلۆری بەسەریاندا زاڵە هەرچەندە نووسەر هەوڵی داوە بە شێوەیەکی تایبەت بەخۆی بەسەرهاتەکان ئەنجامیانەوە ، لە چیرۆکی ئەنجامیانەوە ، لە چیرۆکی برسێتی‌دا ئەو فێڵەی ڕێوی بەکاری دەهێنێ شتێکی نوێ نیەو لە زۆر چیرۆکی فۆلکلۆری‌دا ڕێوی وەك مردوو خۆی نیشان ئەدات . یان لە زێڕینو کاڵی‌دا مام وورچ زێڕین ئەدا بە کۆلی داو ئەی بانەوە لانەکەی خۆی ئەمەشیان لە چیرۆکی فۆلکلۆری‌دا گەلێ جار هاتووە .

لە چیرۆکی منداڵان‌دا وێنە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، واتێ دەگەم ئەم مەسەلەیە بڕاوەتەوەو جێی مشتومڕ نیە، هونەرمەند نزار بەزاز دەبوو پێش ئەوەی وێنەکان بکێشێ بە وردی لە مەبەستی چیرۆکەنووس تێ بگا ، ئەو کاتە وێنەکانی بێ کەمو کوورێ دەبوونو یارمەتی‌یەکی گەورەی نووسەرو منداڵانیشی ئەدا ، لە چیرۆکی برسێتی‌دا ڕێوی بەلاماری مریشك ئەداو کەچی کاك نزار وێنەی گورگی کێشاوە ، ل ١١ ، لە - دە ماڵ وێران کەم بخۆ-دا نەمام نەریمان لەوە دەچێ تەمەنی شەست ساڵ بێ وەك چیرۆكنووس دەیەوێو ئەوورچەکەش خەریکی گوێز خواردنە ، لەسەر گروشتەی لالەئەحەش‌دا ، لالە ئەحە بە وورچەکە دەڵێ : وەرە ئەت خمەناو ئەم گوێزی‌یەوەو سەرەکەی بەسووژنو بەن ئەدرووم . ل ٧٣ کەچی لە وێنەکەدا سەری ئەو گوێزی‌یەی وورچەکەی تێدایە بەپەت گرێ دراوە .

ئەم کۆمەڵە سەرنجە نەك هەر لە هەوڵو کۆششی بەردەوامی شاعیرو چیرۆكنووس مامۆستا جەمال نوری کەم ناکاتەوە ، بەڵکو ئەو زەمینە پتەوەی نووسەر جێی پێی تێدا قایم کردووە هانی دام بە تاسەوە ئاڕ لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی بدەمەوەو بەو پەڕی ڕێزەوە مۆمی ئەم کۆمەڵە سەرنجەی نە بەردەمدا دابگیرێنم ، ئاواتی سەرکەوتی بۆ نزار بەزازی هونەرمەندیشی دەخوازم ..

بۆژانین
وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن
کتێبی :
« بول ایلوار »
د. سامیە احمد سعید
کردویە بە عەرەبیو پێشەکی بۆ نووسیوە
بریتی‌یە لە پێشەکی‌یەك لە ژیانو بەسەرهاتەکانی پۆل ئیلوار لەگەڵ چەند هەڵبەستێکی دەربارەی خۆشەویستیو ئاشتیو کەوتە بازاڕەوە .
دابەش‌کردنی :
الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد

چەند سەرنج و کورەك

● عزت فندی یحیی ●

ڕۆژا ئەینی ٢٩-١٩٨٠٢ دەمێ ئێڤاری سەعەت (٤)... ل ئێکەتیا نفیسەفانێت کورد - لقێ دهوکێ ، برادەر « سالم جاسم » چیرۆکێت « کومەرێ » یا « ابراهیم سلمان »ی ئێخستنە بن ئەرۆژکێت ڕەخنێ .... یا مر د ڤێت بێژم لڤێرە لسەر ڤێ کورێ :

١ - کاك « سالم » ی تایێ ڕەخنا « النقد الهدام » گرتو لسەر چوو بێ هزرێت خۆ لسەر چیرۆکا بێژیت چونکە یا ڕاست ئەوە بو ڤێ چەشنێ واتە « النقد الهدام » د ڤێت ڕەخنەگر بێژیت باڤێت هۆسا ڤیسابا ئان بهزرا من هۆکرباهە ، نەکو هەر بێژیت یا سستو لاواز بوو ئەڤە خەڵەتیە ، بەڵێ کاك «سالم» کەلەك یێ ژ ڤێ چەندێ دویربوو .

٢ - کاك « سالم »ی گوت (چیرۆکا « ڤیان » گەلەك ژ کۆمەڵا کوردەواریێ دویرەو ئەز د بێژم تشتەکێ سەیرە کو کچك « تبلا » دەزگرێ خۆ بددەتە بەر لەقا هەتا خوین ژێ بێت !!

بەڵێ ئەز د بێژم ئەڤوێنێ کاك « ابراهیم »ی د چیرۆکا خۆدا ئینایی گەلەك د جهێ خۆدایەو یێ جانە ، بو مە دباردکەت کا هەتا چ پلەو ڕادە ئەو هەردوو سۆتیو ئوڤانداریێت ئێك‌بوونیەو هەتا گەهشتیە هندێ کو تبلا دەزگرێ خۆ بددەتە بەر لەقا و ژ ئەشق‌و ئەڤینا خۆ بمینە لسەر دارێ بیا هەتا سپێدێ ... بەڵێ هەکە ئەڤ وێنە لدەف کاك « سالم »ی سەیرو عەجێب بیت ئەرێ پا خەجێ خۆت سیابەندی وەرکرو هەردوو بناڤ بون ژ ئەشق‌و ئەڤینیا خۆ ... چەوا تێتە بەر چاڤێت « سالم » لەقا تێ ئان مرنو بن ئاڤ بوون..

کو ژ فا وێنا کۆمەڵا مەیا نوردەواریێ با پرە .

٣ - کاك « سالم » د بێژیت جیرۆکا چارێ « وەغەرەك» وەکی مەتەلا وی مروڤی‌یە یێ گوینێ کەرێ تە چەوا مر ؟؟ گوت « وەڵلا ترچو کەت زرچو مر » .....!!!

تو بخودێ ئەڤە ڕەخنەیە لسەر چیرۆکێ ؟؟؟

هوین بەرسڤا «کاك سالم»ی بێژن - ؟؟

٤ - د بێژیت : قەهرەمانێ چیرۆکا «بەردەقانی » یێ سستو لاوازە وهەروەسا دیوماهیی د ڕەڤیت !!!

کاك « سالم » وەسا تێت د گەهیت کو د ڤێت قەهرەمانێت هەمی چیرۆکا خورت‌و زیرەك‌و چەلەنگ‌و مێرخاس بن وهەروەسا قەهرەمان « کورکە » نەرەڤی‌یەو ژمال نەدەرکەتیە هەتا بێژیت رەڤی ... ئەرێ رەڤی کیڤە چوو ؟

٥ - د بێژیت : ل چیروکا « هرچو داربەروی » کورکی گوت :

« ئەرێ باب‌و روح چی‌یە ... » خۆ مروڤێت مەزن ژی ڤێ ئاخفتنا کوری نابێژن .

بەڵێ ئەز بێژم گەلەك باڕاستەو دروستە چونکی بچوك پسیارێت روحێو مرنێ د کەن کا چیەو چەوانە ؟

نە مروڤێت مەزنو ئاقلو تبگەمشتی کو وەکی کاك « سالم » بو چوی‌و بخەلتی لقەلەمی دایی .

٦ - کاك « سالم »ی ئەزمانێ کوردی ل دویف خۆ نیناو د بر وەکی گوتی « پیر : بو دەیکا بابێو داپیر : بو دەیکێ » تێت ، دێ وەرە کا چ جودایی د ناڤبەرا « پیرێو داپیرێ » دا هەبە .

بڕوانە ل : ٧

بەنجەکانت دائەگرسێن

- سووتان مانایەکی نی‌یە لای ئەو کەسەی نەسووتابێ سووتان مانایەکی نی‌یە لای ئەو کەسەی ئامادەنەبێ ، سووتێ -

ئەلفرێد دی موسێە

کە ئەسووتێی ، کە گڕ لە گیانێ هەڵئەسێ .
پەنجەکانت دائەگیرسێن . ئەوساش دە باڵندەی ئاگر،
لە پەنجەکانتەوە هەڵئەفڕن . باوەش ئەکەن بە مێشکماو
لە ڕووبارێکی مەزن‌دا خۆیان ئەشۆن .
ئەو باڵندانە عەشقی تۆن .
کە ئەسووتێی ، کە گڕ ئە گیانت هەڵئەسێ .
پڕ بە عەشقە دەروونی‌یەکەت چاوەکانێ تێم ئەڕوانن.
ئەوە نی‌یە ، هەموو شتێ لە چاوەکانی تۆ دایە .
ئەوە نی‌یە وولاتەکەم لە چارەکانتا نوستووەو
خەو بە ئاسۆوە ئەبینێ .
ئەوەنی‌یە وولاتەکەم بە سەر پردێکی سپی‌یا ،
ئەبەڕێتەوە بەرەو خۆر . ئەوەنی‌یە وولاتەکەم ،
وەکو گیانت گڕ ئەگرێتو پێ‌ی‌گرتووە .
کە دێتە لام باسی عەشقی پیرۆزی خۆیم بۆ ئەماکات.
هانا بەرەو سەرم ئەبات . ئەوە نی‌یە وولاتەکەم ،
باڵندەیەکی ئاگرەو لە سەر سەرم هەڵنیشتووە .
کە ئەسووتێی ، کە گڕ ئەگری ، بە باڵندەی ئاگر بڵێ:-
با سەری من داگیرسێنێو فێری عەشقی خۆیم بکات.
چونکە ئێستاش ، داڵێکی ڕەش لە ناو سەرما ،
لە شەقەی باڵ ئەداو ئەفڕێ . ئەڕواتو ئەگەڕێتەوە.
کە ئەسووتێی ، کە گڕ لە گیانت هەڵئەسێ .
لێم گەڕێ با شوێنێك بۆ سوتانم لە ناو دڵتا هەڵبژێرم.
لێم گەڕێ با لە ناو گیانە زیندووەکەت دا بەرم . ئای
لە سووتانی مرۆڤێ ،
چەندە بە یەك گەیشتن پێکەنین‌و گریانی بەسۆزی تیایە

٨ی تەلاویژی ساڵی ١٩٧٩

باوەرنامە

« محفوظ مایی »

باوەر نەکە ..
کو دڵێ من جارەکادی
خو پاڤێتە ناڤ چ چاڤا
پشتی دەریا دوو چاڤێت تە
دڵێ منێ ژار داەیرای
دناڤ پێل و گەرزڤرکادا
سەرژێکری .. خەندقاندی
باوەر نەکە
کو چاڤێت من
ئێدی حەزژ جوانێ بکەن
پشتی تیرێت دوو چاڤێت تە
بیناهیا وان ژێ رێتی
ببینکا تێدا پەقاندی

× × × ×

باوەر نەکە جارەکادی
دسینگێ منێ پرتکی‌دا
کانیکا ئەڤینێ بزێت
پشتی ئەڤینا تە شرین
بووی ئاگر و بوویە ئێتوین
هنافێت من پێ‌کوزرین
... ژێ بەردای خوین
مێلاکا من پوستیدەبوو
باوەر نەکە ئێدی بشێت
ئاخینکا ڤیانێ بڤێت
باوەر نەکە چارەکا دی
دڵێ من ئەڤینێ بمێت
پشتی دڵێ تە بووی دزوو

خو هاڤێتی دسینگێ من دا
دڵێ منێ رەبەن دزی
تە ئە ڤێتا مەزن شرین
کر کوڤان و کرە نالین
تە دڵێ من کرە کێلا ئافرێیت خو
تێڤە کرن هزار برین
تە روندکێت من خر رێتن
نەهێلان کەنی و بشکورین
تە دڵێ من کرە گویین
بێ پەر هاڤێتە ناڤ رتلا
تە سینگێ من کرە جوخین
لەوما شرینێ هو هیبووم
ژ خەلك و مروڤا کیڤی بووم
ئەز کیڤی بووم

Institut Kurde de Paris

له گەرمەی ئیشوکاری ڕۆژانەیداو له دوای کونگرەی ئەم دواییەی یەکێتی ئافرەتان هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکردایەتی یەکێتی ڕۆژنامەی « هاوکاری » چاوی کەوت بە خاتو منال یونس سەرۆکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق بۆ ئەوەی باسی کاروباری ئافرەتانمان بۆ بکات له سایەی شۆڕشدا.

ذکریات محمد حسن

خاتو منال یونس

سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی عیراق

مەسەلەی ئافرەت لە هەموو قۆناخەکانی میژوودا دەورێکی دیاری کراوی هەیەو بە پێی گۆڕانەکانی ڕۆژگار خۆی دەنوێنێ ، کاتێ باری ژیانی تێکڕایی گەل له حاڵەتی پێشکەوتن و ئەهویندا دەبێ ، دەبینین باری ئافرەتیش باش دەبێ ، بەڵام کە کۆت و پێوەندو دیاردەی دواکەوتن دەبێ و کۆمەڵ داخراو دەبێ بە سەرخۆیدا ئەوادەوری ئافرەتیش کەم دەبێتەوە ،ئەگەر سەرنجی میژوو بدەین دەبینین شارستانیەتی ئیسلام مافی زۆری داوە بە ئافرەت و ئیسلام تەنیا ئەسەی نەکردوە ، بەڵکو مەسەلەی کۆمەڵایەتیشی چارەسەر کردوەو لە ناویا مەسەلەی ئافرەت ، بەڵام لە کاتێکدا کۆمەڵ بە سەر خۆیدا داخرایەوەو قۆناخی دواکەوتن خۆی سەپاندەوە بلاوبوەوو ئافرەت لە ئاومال ئوندکراو سەربەستی لێ زەوت کرا . بەڵام لە گەل دەست پێکردنی قۆناخی ئێکوشانی شۆڕشگێڕیدا و دەرکەوینی دیاردەی شۆڕشی نیشتمانی ، ئافرەتیش هاتە پێشەوەو هەتاڕادەی چەك هەڵگرتن و لە ماوەی تەقەللای خۆیەوە قۆناخ بە قۆناخ ئافرەت بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا تا ئەم قۆناخەی شۆڕش کە دەوری ئافرەت پێشکەوتنی تەواو بە خۆیەوە دەبینێ ، لە بەردەم ئەم پێشکەوتنە گەورەیەدا ئیستا ئێمە تەنیا لەوە ناکۆلینەوە ، ئافرەت کار بکات بەڵکو لەوە دەکۆلینەوە ، جۆری ئەو کارە چیەو چۆنەو بەرهەمی چەندە . لە ڕاستیدا لە ماوەی سەرنجدان لە شوێنەکانی کارکردنی ئافرەت لە جیهازی نیداریدا و لە بەر هەم هێناندا بە کشتوکاڵو پیشەسازیو بازرگانیەوە بۆمان دەرکەوت کە وزەی لاوی ئافرەت هەن ئەوە دەردەبڕن کە تەگەرە هەیە لە ڕووی هەڵبژاردنی جۆری کارەکەیانەوە وەك ئەوەی ، کارەکەی لە شوێنێکی دوردا بێ کە پێرانەهاتوە سەرەڕای کێشەی کەمی پێداویستەکانی خزمەتگوزاری ، بەڵام لەم جوارچێوەیەدا ئێمە دەڵێین ، ئەو کچە قوتابیەی لە کولێجی ئەندازیاری وەردەگیرێ دەبێ بزانێ کە لە نەخشەی گەشە پێدانی نەتەوەیدا حسابی بۆ کراوەو تەنیا وەك هەروا سەیرا ناکرێ بوونی بە ئەندازیار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە بەڵکو دەبێ ئەنجامی ئەوەش بزانێ کە دوای دەرچونی چکاری چاوەڕێی دەکاو زۆر ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی چاوەڕێی ئەو شوێنە دەکا ئەو گرتوبەتیو ئازایەتی لە وەدا نیە بە ئەندازیار دەربچێ، بەڵکو لەوە دایە کە ڕاستی توانای خۆیو باوەڕی بەو دروشمانە ساغ بکاتەوە کە لە پێناویا تێکوشاوە ، جا ئەنجامی ئەو جۆرە ئارەزابی دەربڕینەی دەستمان بۆ کێشا ئەنجامی باش نابێو کار دەکاتە سەر باری کۆمەڵایەتی. لە وانەیە هەندێ وای سەیر بکەن کە چونی ئافرەت بەرز مەبدانی کار شتێکی زیادە دەچێتە سەر ئەرکی تەقلیدی ئافرەتو کۆمەڵ دەبێ پارێزگاری وەزیفەی تەقلیدیو بەیوەندیەکانی یاسایی بکا ، ئەوەی وا بیر دەکاتەوە کۆسپ دەخاتە ڕێگای گۆڕانکاری کۆمەڵو تائیستاش زۆر یاسای بەکەڵك دەرچوون کە دەتوانی ماوەی دەوری ئافرەت فراوان بکا وەك گۆڕینی دووەمی یاسای ئەحوالی شەخسیو ئیجازەی دایکایەتی ، ئافرەت کە مەجالی کارکردن هەڵدەبژێری تەنیا بۆ مەبەستی لایەنی ئابووری نیە ، بەڵکو وەڵام دانەوەی پێداویستی مرۆڤایەتیە . گۆڕانکاری و پێشکەوتنی باری سەرنجی مرۆڤایەتیش بەرهەمی ئەساسی شۆڕشی تەموزە .

● منال خان دەمانەوێ بە خێرایی وەڵامەکان دەربارەی ئەم شتانە بدەبتەوە .

- بیروڕات دەربارەی دیاری‌کردنی ژمارەی منال بوون ؟

× لە گەل ڕێکخستنی ژمارەی منداڵ بووندانم .

- کام ئافرەتانەی کاریان تێ‌کردویت ؟

× ئەنکمو دایکم .

- ئاواتو خواستی تایبەت ؟

× سوپاس بۆ خوا ..

- شتێ دەربارەی ژیانی نابەتینت .

× « علی » ... تەمەنی شەش مانگە .

- بیروڕات بەرامبەر ئافرەتی حوکم ڕەوا ؟

× وەك هەر حوکم ڕەوایەکە ..

- مساوات لە نێوان پیاو ژندا ؟

× پێ‌گەیشتوی نەك مساوات !

- ئەندێرا غاندی ؟

× نموویەکی سیاسی هەڵکەوتە !

- پەیوەندی ئافرەتو منداڵەکانی .

× دایکایەتیو خۆشەویستی .

- تێکەڵ بوون ؟

× وەك ڕۆژوابە .

- شەرم لای ئافرەت ..؟

× تەڕی وەك نەمامی سەوز ..

- چۆن کات بە سەر دەبەی ؟

× بەپێی زووف ..

- بیروڕات بەرامبەر ئافرەتی ڕۆژنامە نووس ؟

× وەك ئافرەتی کارگێر .

دەمەتەقێیەك لە گەڵ دایکی سۆلاف

سەرگول تەیمور

● بێگومان ، باری ڕۆشنبیریو بەهرەی داهێنانی هونەریو ئەدەبی لە ناو ئافرەتی کوردا ، لەو ڕادە پێشکەوتوەدا نیەکە سیمای نایەتیو دیاری خۆی هەبی ، ئەمەش وەنەبێ خەتا لەئافرەتەوە بێ ، بەڵکو ئەو واقعە باری کۆمەڵایەتیو دیاردەکانی تری ژیان دروستی کردو ناو لەناو ئەم هەموو گیروگرفتانەشدا تارادیەك ئافرەت توانیویەتی هەنگاوی خۆی لەم دنیا فراوانەدا بنێ.

دایکی سۆلاف یەکێکە لەو ئافرەتانەی ئەوەندەی بۆی هەڵکەوتوە ، هەنگاوی لەدنیای شیعرو ئەدەبدا ناوە، ئەم دواییەدا چاومان پێ‌کەوتو لەم بارەیەوە بەم جۆرە قسەی بۆکردین .

- دەربارەی باری ڕۆشنبیریو توانای داهێنانی ئەدەبی ئافرەتی کورد دەڵێ :

● ئەم جیهانەی کە ئێمە تێدا ئەژین بەردەوامە ئەگوڕانیکی خیرا لەبارەی پێش‌کەوتنی زانیاری وە گۆرانیکی لەسەر خۆ لەپێش کەوتنی مرۆڤایەتیدا لێرەدا ماوە زۆر ئەبێ لەنێوان پێ‌گەیشتنی عەقلیو مادی لەلایەکەوە وە لەنێوان پێ‌گەیشتنی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی لەلایەکی ترەوە .

ئافرەتی کوردیش لەگەل گشتی ئافرەتانی جیهاندا تا سەردەمێکی زۆر زۆر ژیر دەستەو دراکەوتوو بێ پشتیوان بو . لەئەنجامی بەش‌بەش بونی کۆمەڵ بەچەند چینیکەوە دائیر کردنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە وەك جۆرێ لەکەلو پەل ، ئەمە بەشیوەیەکی گشتی .

بە تایبەتی باری ناهەمواری میللەتی کورد لەرابوردوودا لەگەل ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باسمان کردن ڕیگای ئەئافرەتی کورد بەستەوە وەکو هەموو ئەیزانین ئەدەبیش ئاوێنەی واقیعە بۆیە لاوازیو کزی لەبارەی بەرهەمی ئەدەبی ئافرەتەوە دەدی دەکرێ .

- ئەی نەخوێندەواری ؟

● نەخوێندەواری کاریکی کرنگی کردۆتە سەر ئافرەتی کورد و بێ بەش بونی لەجیهانی ئەدەب چونکە هەتا ئێستا زۆربەمان ژێر دەستەی دایك و باوك و کەس و کارو مێردین وەلەلایەکی ترەوە کۆمەڵەمان ڕێگای نەداوین بەسەربەستی هەستەکانمان دەربڕین لەهیچ بارێکەوە ، ئەگەر بەراوردی بکەین لەنێوان ئافرەتی کۆنو ئەم سەردەمەدا جیوازیەکی زۆربەدی ئەکرێ لەبارەی کۆمەڵایەتی کاروبارو ڕۆشنبیریتیوە لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ئەدەب کە بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە بەتایبەتی لەم ماوەیەی دوایدا ئافرەتانمان بەوکارو بارانە بارانە هەڵئەستن شان بەشانی پیاوان بەبێ جیاوازی، لەکۆتاییدا چاوەروانی حیهانێکی ڕۆشنو بەهرەوەری زیاتر ئەکەین بۆ ئافرەتانمان .

● ئەمەش بەر هەمێکی شیعری دایکی سۆلاف :

دەسا خوشکانی بەرێزو دلسۆز
وەرنە پێشەوە بۆ گەڵو بۆ هۆز
هیچ نەبێ جارجار هەستێ دەربڕین
پەچەی نەزانین لەڕوو لابەرین
هەرچەندە ئێمە سەربە ست نین وەك پیاو
بام جارە ناچار ناومان بێتە ناو
وتارو چیرۆك بنێرین تاو تاو

ئافرەت وهونەرو ئاسۆی ڕووناك

حمە سعید حمە کریم

پ. هاوکاری لە سلێمانی

● لەم دوایەدا بەرێز ئەرشەد ئەحمەد محەممەد بارێزگاری سلیمانی ، لە هۆڵی مەڵبەندی کۆمەڵایەتی سلیمانی دا پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆغرافی یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانی کردەوە و لەئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکەدا گەلێ لە لێپرسراوانو خاتو صبیحە لقی یەکیەتی ئافرەتانی صالح کریم سەرۆکی سلیمانی ئامادە بوون و نزیکەی سێو چوار ڕۆژێکی خایاند . ئێمەیش کە چوینە پێشانگاکەو وێنەکانمان بینی، دلخۆشو شادمان بووین بە بەرهەمو چالاکی ئافرەتانی کورد کە لەوێنەکانی ئەوپێشانگایەدا خرابوونە ڕوو .

جوانیو ڕێك و پێکی پێشانگاکە لەڕووی هونەریو هەڵبژاردنی تابلۆکانەوە وای لێ‌کردین کە چاو پێ‌کەو تنێك لەگەل خوشکە ڕووناك احمد علی وێنە گری تایبەتی یەکیەتی ئافرەتانو بەرێوەبەری پێشانگاکەدا بکەین و هەندێ پرسیاری ئاراستە بکەین .

● ڕووناك خان بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی پێشانگاکە دووا‌و وە وتی :-

× پێشانگای ئەمجارەمان بەبۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزەوە بوو وێنەکانیشی بریتین لەو وێنانەی کە لەچالاکیو جموجولێ‌یەکانی یەکیەتی ئافرەتانی سلێمانیدا بەکامێرای خۆم گرتوومن و بەشی زۆری ئیشە گرنگەکانی یەکیەتیمان تیا پیشان داوە ، ئەوەش بەنیازی سەلماندنی ئیشوکارو لێ هاتنی ئافرەتانی سلیمانی وە کردمانن ، بەنیازی ئەوەی بینەرانی پێشانگاکە لەچۆنی‌یەتی پێشکەوتنو لێ‌هاتنی ئافرەتی کورد شارەزا بکەین ، کە دەمێکە دووا‌کەوتوی دەستی باری کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەتەوەکەمانە ، وابزانم خۆهیلاك کردنیش لەم مەبدانەدا جێگای خۆیەتی، چونکە ئافرەتانی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستیان بەهەوڵو تەقەلای ئێمەو مانانە .

● باشە ڕووناك خان ئەمە چەند هەم پێشانگاتانە .؟

× ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەتەی من هاتوومەتە یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانیو خەریکی ئیشوکاری وێنە گرتنم ، تەنها ماوەی ئەم پێشانگایەو پێشانگایەکی ترمان هەبووە کە پار لەمانگی نیسان‌دا کردمانەوە .

یەکیەتیشن .

پێشانگای ئەمساڵتان چەند وێنەی تیابە ؟.

● ئەی ئەو پێشانگابەی × ٥٠ وێنەی جۆراو جۆرمان تیا پیشان داوەو هەندێ وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی ئەم گونگرەیەی دووایی یەکیەتینشن .

● ئەی ئەو پێشانگابەی بار ؟.

× لەوێشدا ٤٦ وێنەمان نیشان دابوو .

● وێنەکانی پێشانگاکەی ترتان باسی چیبان ئەکرد ؟

× ئەویش هەر بەشی زۆری چالاکیەکانی یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانی گرتبوە خۆ، بەگەگەل هەندێ وێنەی تردا کە لەکاتی ئیشوکاردا بەگوێرەی هەوەسی هونەری خۆم گرتبو من .

● ئەی بەرای خۆت جیاوازی نێوان ئەمەی ئەمساڵو ئەوەی پاردا چی‌یە؟.

× شتێکی ئاشکرایە کە هونەری هەموو هونەرمەندێك (ئەگەر هەوڵ بدات) ڕۆژبەرۆژ بەرەو پێشەوە ئەروات ، منیش وەکو تاقی تاکە کەسێکی جیاکارە لە کۆمەڵ ئەوەیشی ئەوە بەراوردکردنە چەسپاندوویەتی کە لە هەموو وولاتانو هەموو کەرتەکان‌دا کراوە ئەوەیشی ئەوەیە کە کرێی ئافرەت زۆر زۆر خراپترە لە کرێی

بروانە ل : ٧

ئافرەت لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا

ئامادەی کردووە
● فؤاد حسین احمد ●

لە گەل ئەوەی ئافرەت لە هەندێك دەوڵەتی پێشکەوتووەوە ئەوروپادا مافی خۆی لە پەروەردەو خوێندن وەرگرتووە وەك لە بریتانیاو فەرەنسا بەڵام لە هەندێك کاروباری‌تر بێ بەشە ، ئەوەتا کاروباری ئافرەت تەنیا کاروپیشە ئاسانەکانە وەك کاری ئاومالو ناونەخۆشخانەو فێرکردنو کاروباری سکرتێر بەبیانووی ئەوەی ناتوانێت ئیش‌وکاری گران بە ڕێوە ببات .. بەڵام تاقی‌کردنەوەو ژیان چەسپاندوویەتی کە ئافرەت دەتوانێت هەموو ئەو کاروئیشانە بکات کە پیاو دەیانکات .. لەکاتی دوومین جەنگی جیهانی‌دا کاتێك پیاوان ڕۆیشتن بۆ بەرەی جەنگ ئافرەت لە سەر ئامێروکاروباری ئەندازیاری‌دا ئیشیان‌کردووە ئەمەیش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئافرەت دەتوانێت هەموو ئیش‌و کارێك ئەنجام بدات‌و بەرێوەی ببات .

هەر لەدووەمین جەنگی جیهانی‌یەوە کار کەمە کەمە گۆڕاو ئافرەت کەوتە ئیش‌کردن ئەویش بەهۆی پێویستی‌ی زۆری کرێکاری لەگەل ئەوەی ئەو ئیش‌و کارەی بەرێوەدەبرد کە پیاو دەیکرد بەڵام کرێیەکەی زۆر کەمتر بوو لەکرێی پیاو ئەگەرچی هەمان ئەو کارەی پیاوی دەکرد لە بارودۆخێکی سەخت‌وگران‌و ترسناك‌دا . هەموو ئەم بارودۆخە مرۆڤایەتی‌و ناڕەوایە کە ئافرەت سەردەمێکی زۆر لەژێری‌دا بوو هۆی ئەوە بوو ڕێکخراوی ئافرەتان ئەبوو یارمەتی‌ی ئافرەت بدات بۆی خۆی تێ‌بگات‌و مافی ڕەوای خۆی لە کارکردن‌دا داوا بکات . لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا ئافرەت کرێکارێکی چەوساوەو تاکە کەسێکی جیاکارە لە کۆمەڵ ئەوەیشی ئەوە بەراوردکردنە چەسپاندوویەتی کە لە هەموو وولاتان‌و هەموو کەرتەکان‌دا کراوە ئەوەیشی ئەوەیە کە کرێی ئافرەت زۆر زۆر خراپترە لە کرێی

بروانە ل : ٧

چەند بنەمایەکی یەروەردەیی ڕووکاری یەروەردە

ئافرەتان دەنووسن
جمیلە خوشناو

لە سەرەتای شارستانی‌یەتی‌دا مرۆڤ زۆربەی خەباتو تێکۆشانی تەرخان کرد بوو بۆ دەردەست‌کردنی نانو پێویستی بەردەوام‌بوونی ژیانی . لەم جۆرە کۆمەڵگایەش‌دا پەروەردەکردن تێکەڵی کارکردن دەبێ . کارنەکردنیش ژیانی ئەوە کەسەو ئەوانەی سەر بەو کەسەن دەخاتە مەترسی‌یەوە، بەتایبەتی دەبێتە هۆی نەمانی بژێوی‌یان . بەم جۆرە پەروەردەکردنی خۆی لە خۆی مەبەست نی‌یە بەڵکو سەر بە ڕاوو شکارو ئامرازی بەرهەمهێنان‌و پەیوەندی بەرهەمهێنانە . کاتی تایبەتی نی‌یە بۆ پەروەردەکردنی ئەوەی تازە ، بەڵکو پەروەردەکردنێکی پیشەیی‌یە . ئەم شێوەی پەروەردەکردنەش هەر گواستنەوەی ڕێبازی فێرکردنی پیشەکانە لە ناوکەوە بۆ منداڵەکانی و ئامادە کردنیان بۆ ڕووبەڕووبوون لەگەل پەلەی ژیان ، کە مرۆڤ پێویستی بە ئازایەتی‌و کەسایەتی‌یەکی تەواو هەیە . بەم جۆرە گرنگی‌یەکی زۆر دەدرا بە ئامادەکردن بو سەرو ڕاوو شکارو کشت‌وکاڵ‌کردن‌و بەجێهێنانی دەستوورات‌ی ئایینی .

لەسەدەی بیستەمدا ، لە چارخێ زانستی‌دا بەروەردەکردن گرنگی‌یەکی تازەی بە خۆوە دیت‌و لەسەر بنەڕەتێکی زانستی دامەزراو بەرەی سەند . هەموولا دەزانین کە زانستیش بە شێوەیەکی گشتی لەسەر

چەند بنەڕەتێك دامەزراوە کە (شی‌کردنەوە) و (بابەتەکی‌یەتی) و (پێوانەی چەندەتی‌و چۆنەتی) و (سازاندن)ە . بەم شێوەیە پەروەردەکردن کە کردارێکی ئاراستەکراوی بەمەبەستە ، بۆ داهێنانی چەند گۆڕانێك لە ڕەوشتی تاك‌و کۆمەڵو بەرەوپێش‌چوونی ڕژێمی ئابووری کۆمەڵایەتی ڕوکارێکی تازەی پەیدا کردوە . ئەم ڕوکارەش کۆمەڵ دەبەهێنێتەرووو دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستەکانی کۆمەڵو فەلسەفەی ژیان‌و فۆناغی کۆمەڵگاکە . لە کۆمەڵگای سۆشیالیستی‌دا کە ڕژیمێکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخە ، باری بابەتی‌ی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی وا پێك‌دێنی کە مرۆڤ لە هەموو جۆرە بەندو چەوسانەوەو زۆرلێ‌کردن‌و هیشکەراڕەوی ڕەها دەکات . دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ کە بە سەربەستی‌و بە بەختیاری‌و شادومانی بژی .

لەم کۆمەڵگایەشدا « پەروەردەی سۆشیالیستی» ئامرازی گۆڕانی ڕۆناکبیری‌و کۆمەڵایەتی‌یە بۆ گەبشتن بە ئامانجەکانی فەلسەفەی سۆشیالیستی .

تێبینی :

بۆ نووسینەوەی ئەم وتارە سود ئێکی زۆر لەم کتێبە وەرگیراوە :

● حکمت عبدالله البزاز ، التربیه الاشتراکیه ، بغداد ، مطابع دار الحریه ، ١٩٧٦ .

Institut kurde de Paris

لە پێناوی چەسپاندنی هۆشیاری لە ناو جوتیارەکانی وولاتدا

● شێرزاد عبدالرحمن ●

بایەخدان بە بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵ پێویستی بە هەوڵو تەقەللای بەردەوام هەیە لە پێناو پێشکەوتنی بەرفراوان لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵدا . هونەریش وەکو خۆراکێکی پێویست وایە کە دەتوانێ بچێتە ناو جوتیارو کرێکارو بەوەش دەتوانێ ژیان بەرەو پێشەوەتر ببات و رەوتی هونەریکی راستەقینە فراوانتو بکاتەوە .

ئەوەتا ئێستا لە شارەکانی وولاتدا هونەر بوە بە پارچەیەك لە ژیانی ئێکرایی کۆمەڵ ، لە هەر لادێیەك ماوە ماوە تیپە هونەرییەکان چالاکی هونەری دەنوێنن و کۆمەڵانێکی زۆر لە خەڵکی لە دەوری ئەو جمورجۆڵە هونەرییانە کۆدەبنەوە .

لە هەولێردا ، تیپی شانۆی لادێیی چەند ساڵێکە لە هەنگاو دایە بۆ سەرگرتنی ئەو تاقی‌کردنەوەیە ، لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو تیپە سادەیە سەری هەڵدا بە هاوبە دەستەیەکی خوێن گەرم لە لاوانی پارێزگاکە و یەکەم نزبەرەبان پێش‌کەش کردووە. وە لە تەمەنی ئەم چەند ساڵەدا تیپەکە بە چالاکی‌و توانای لێهاتووی ئەو دەستە هونەرمەندە توانیویەتی چەندەها شانۆگەری سادەو بەهێزی لادێیی پێش‌کەش بکات لە وانە : (داسەکەی شاسوار) لە نووسینی ئەمین میرزا کەریم و دەرهێنانی فتاح خطاب کە خەڵاتی یەکەمی لە میهرەجانی شانۆی لادێیی وەرگرت لە هەمو عیراقدا .

هەروەها (وێنەیەك لە رابردوو) لە نووسینو دەرهێنانی مجید نەجم ، (لافاو) لە نووسینی عبدالله احمد و دەرهێنانی مەهدی ئومێد ، (ژانی گەڕانەوە) لە نووسینی عبدالله احمدو دەرهێنانی سعدون یونس . دبسانەوە شانۆگەری (چۆمال) لە نووسینی حمەکریم هەورامی‌و دەرهێنانی ئەنوەر محمد و چەندەها شانۆگەری تر .

ئەم تیپە هونەریە لە سەرەتاوە موزدەی ئەوەی گەیاند کە پاشەڕۆژێکی گەورە دەگرێتە باوەش ، نەنانەت دەستە خوشکێکی هونەرمەندی لێهاتووش کەوتنە کار لە بەر هەمەکانی ئەو تیپەداو بەڵام ئێستا تیپەکە هەمان دەردەسەری نەبونی ئافرەتی هونەرمەندی دوچار بۆتەوە .

برا هونەرمەندەکان لەو تیپەدا لە کارکردنی بەردەوام دان ، وە هەمویان حەز بە چونە ناولادێ دەکەن‌و لە کانی قسەکردن لە گەڵیاندا ئەم هەستە پاکە دەرئەکەوێ، زیاتر لەوەش لەو بڕوایە دان کە شانۆی جوتیاران خزمەتێکی گەورەیەو هونەرمەندی ئەمڕۆ دەبێ لە گەڵ گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی ژیان نەوەستێ ...

مایەوە سەر ئەوەی بڵێین، ئەم تیپە ئێستا خەریکی پێش‌کەش کردنی جوانترین کاری نوێیەتی کە شانۆیەکە بۆ منداڵان بە ناوی « گوڵو چۆلەکە » لەنووسینی جیا صبری‌و وەرگێرانی عەلی قادرو نیازی وایە بەم زوانە پێش‌کەشی کبات .

بەهرەی مەزن و داهێنانی گەورە

جارێکی ترتیپی مۆسیقای سلێمانی خۆی ئامادەکرد بۆبەشداری کردنی لە ئاهەنگەکانی ڕۆژی مۆسیقای جیهانی پێنجەم کە رێکەوتی ١ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ دەگرێتەوە کە ئاهەنگە کە لە ژێر دروشمی (لەپێناوی ئەوەی مۆسیقابێ بەئامانجی جەماوەران) بوو کە رۆژی ، ٢ تشرینی یەکەم کاتژمێری ٣٠-١٩ تەرخان کرابوو بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمەکانی کە هۆڵێ خولدی بۆ ئامادە کرابوو ..

لە کاتی پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیاندا ڕواڵەتێکی نرخ هونەری خستە پێش چاوی جەماوەدان لە سەرەتای دەستپێ کردنی ئاهەنگەکەدا ووتارێ لەلایەن مامۆستا فریدون دارتاش سەرۆکی تیپەکە دەستی‌پێ کرد لە پاشا لە ئامادەکردنی مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی پارچە مۆسیقای نەورۆزیان لێدا .

وەك‌هەنگەکە کە ماوەی ٢ کاتژمێر زیاتری خایاند چەند گورانی بێژی بەشداری تیا کرد کە لە سەرەتادا عبدالقادر حسن گورانی (ئۆخەی) پێشکەش‌کرد .

بۆ یەکەم جار پەیمان عمر گورانی (ئەی‌لێ‌لێ) پێشکەش کرد پاشان حەسەن کەرمیانی گورانی (دیسان بارانە)ی ووت . بە دووقۆلی کریم کابان ، چیمەن حەسەن گورانی (لۆلۆ)یان پێشکەش‌کرد کە وێنەیەکی نوێ شیرینی گۆرانی کوردی بوو .

فاطمە علی‌و عباس محمد بەدووقولی گۆرانی دەنوێ یان پێشکەش کرد .

لەئامادەکردنی مامۆستا صلاح رۆوف پارچەیەك مۆسیقای چەوار کەسی پێشکەش‌کرا (صباح عمر شاناز محمد) کە بەشداریان تیا کرد .

وەلەلایەن قوتابیان کۆرسی تیپەکە کوڕالی (غەزالێ) پێشکەش‌کرا .

وەدوای ماوەیەکی کەم پشودات ئاهەنگە دەستی پێکردەوە بەپێشکەش‌کردنی بەرهەمی گورانی میلی لەلایەن (کریم کابان ، عثمان علی . عددنان کریم ، وەبەسێ قۆڵێ خوشکان (ئالا عمر، شاناز ممد) کە بەشداریان تیا کرد .

وەئاهەنگە کە کۆتایی هات بە پێشکەش‌کردنی تابلۆیەك هەڵپەڕکێ کە لەلایەی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی‌وە ئامادە کرابوو .

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی بینینی بەرهەمەکاندا زیەکە سەرکەوتنێکی نوێ ببنی وەچەند هونەرمەندێکی نوێ خستە بەرچاوی جەماوەران .

وەلە ڕۆژانی ٦-٩-١٠-١٩٧٩ ئاهەنگی ڕۆژی مۆسیقای جیهانی لە سلێمانی ئامادەکرا لە سەر هۆڵی ئامادەی سلیمانی کە هەموو تیپەکانی شارەکە بەشداریات تیا کرد .

تیتر سوپاس
بکر عبدالرحمن حمە رەشید
ئامادەیی ١٧ گەلاویژ
سلیمانی
پۆلی یەکەم

لە شاری کۆیە

خونچەکان دەگەشێنەوە

دەرهێنان و ئامادەکردنی شنۆ محمد علی

ئەو درامەیەی کە بە چاوی خۆتان ئەیبێنن بەندەکانی نانەواوەو مەرجی شانویی و درامەی لێ نایەتە دی . ئایە ئەزانن لە کوێ ڕووی داوەو لە کوێ نیشان دەدرێ.. ؟ لە شارە کۆن و دێرینەکەی حاجی قادرو زۆرەها هونەرمەندی هەڵکەوتوو لە نە هەموو ڕوێکی هونەرەوە چوونکی سروشتی جوانی کۆیە بووەتە سەرچاوەی هەڵێنجانی ئەم هونەرە جوانانە کە شایەنی باس و پێهەڵگوتنن و بووینە مایەی شانازی بۆ ئەتەوەکەمان .... حاجی قادر لە هەڵبەستی (وونم بەبەختی خەوال و ....) تاکو دوایی چاکترین بەڵگەیە بۆ ئەمە وەهەر بۆیەشە ئەم هەڵبەستە وەرگیردراوە بۆ چەندان زمانانی زیندووی بێگانەکان وەك فەرنسی و ئینگلیزی ڕووسی ـ مامۆستا (حەنیل) ی دەنگ خۆش و مامۆستا (مەلا ئەسعەد) و خواجە (سێوە) بە سازو ناوازە خۆشەکانیانەوە دیمەنە دلفرێنەکانی کۆیە کارێکی کاریگەری کردۆتە سەر دل و هەست و دەروونیان و بوویتە هەوێنی هەڵقولینی ئەم هەموو چەهچەهەو چریکانەیان کە روو بەرووی جباکانی باواجی و میرسەیدو هەبیەتسوڵتان بوو نوو لە کەکۆن دەنگیان داوەتەوەو گرێ گرانی شارەکەیان ماوەیەك گواستووتەوە بۆ لایەنە خۆشەکەی ئەم دیوی جیهانە پر ستەمەکەیان . ئەمە لەم دوو بوارەی هونەر دا لەلایەکی کەوە مامۆستای لاو و بلیمەتی کورد و نیگارکیشی رەسەن کاکە « محمد عارف » هەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی یەوە سەرتایی ئەم هونەرە جوانەی. لە دیمەنە جوانەکانی کۆیە هەڵینجاوە .

کاك (ظاهر محمد) و کاك (سەردار ئەحمەد و کاك (ئەنوەر تایەر) و کاك (جانە تومەاس) وە گەلێکی تر بەرهەمێکی زۆریان بەخشی بە دانیشتوانی کۆیە و نەتەوەکەکان و زۆر قوتابیان دەرچواند لەم بوارەوە بەلام لەم دوایەیە چالاکیان نەما.. بەپەرۆشەوە .

ئایە قوتابیەکانی باغەبۆنخۆشەکانی کۆیە بەسەرازی ئەبن ... ؟ هەزار جار نەخێر . هەر بۆیە ماوەیەکی زۆرە هەست ئەکرێ کە جم‌و جۆلیەکی هونەری مۆسیقا سەرانسەری شاری گرتووتەوە لە خونچەکانی باخچەکانی ساوایانی حەمامۆك‌و کانیە قەرەو ، کانیە جلیتو تاتووك‌و ئۆمەر خوجان و رەزی پلوسك دوو دوو ٣ سێ ٣سێ و بەرەو باغەکان ئەرۆن و هەریەکە ئامێرێکی مۆسیقای لە باوەش گرتوە و ئەلێ‌ی ئۆرپەیەکی جگەر گۆشەیەتی هەرگیز نایەوی لێ‌ی جیا بێتەوە ئەم دیمەنە جوانە دلی زۆر خۆش کردم و ویستم زیاتر لەم جم‌و جۆلیە بگەم بۆیە خۆم گەیاندە هەندێ لە قوتابیە بچکۆلەکان و پێم ووتن :

ڕۆژتان باش .... بە گەرمیەوە وەڵامیان دامەوەو خۆم پێ‌ناساندن و لە بەکێکیانم پرسی : ئامێرەکەت چیە ..؟

بە ڕووخۆشیەوە ووتی : فلوتە و هی هاورێ کەشم کەمانە .

پ : لەکەیەوە مۆسیقا لێدان فێر بوون خۆشەویستەکانم .

و . لە پشووی هاوینی رابردوو مامۆستاکانمان دوو مانگ خولیان بۆ کردینەوە وە لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەش ڕۆژانی هەینی ناتوانن ڕۆژانی کە ڕاهێنان بکەن ؟ چوونکی لە ڕۆژێك و چەند کات ژمیریك بەس نیە بۆ ئەم کارە گرنگە .

و : نەخێر ناتوانین لەبەر زۆر هۆی نالەبار ...

پ : نالەبار ! ! .. ؟ چۆن .. .. ؟ ئەم هۆیە نالەبارانە چین ... ؟

و : ئیمە هەر ئەوەندەی لێ ئەزانین بەلام ئەتوانن لەگەڵ مامۆستاکانمان دیدەنی بکەن و هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەنەوە . سووپاسم کردن‌و بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە مامۆستاکانیان .

پاش هەوال پرسین خۆم پێ‌ناساندن و داوام لێ‌کردن ئەگەر ڕێگا هەبێ هەندێ پرسیارم هەیە و وەرامیانم بدەنەوە زۆر بە دڵخۆشیەوە وەریان گرتو ئامادەیی‌یان نیشان دا . لەپێشەوە پرسیارم لە مامۆستا (ظاهر محمد) کرد : مامۆستا لە شارەکەمان هەست ئەکەین بە جم و جۆلیەکی مۆسیقاو ڕووم کردە مامۆستا (سەردار ئەحمەد) و پرسیارم لێ کرد :ـ

ژمارەی ئەم قوتابیانەی لە خولەکە بەشدارن و ئامێرەکانیان چەندن ؟

و : لە سەرەتای کردنەوەی حولەکەمان ژمارەی قوتابیان گەلێك زۆر بوو بەڵام ئەوانەی تاکو ئێستا بەردەوامن ژمارەیان (٤٣) قوتابی یە . ئامێرەکانیشیان ئەمانەن : ئۆکوردیون ، کەمان ، فلووت، گیتاری ئیسپانی . پرسیارم ناراستەی مامۆستا (ظاهر محمد) کردەوە :ـ

ئایا هیچ تەگەرەیەك هەیە بێتە پێش ئیشکردنتان و رێگاتان لێ بگرێ ؟

و : بەڵێ کۆمەڵێك گیرو گرفت هەیە لەوانە نەبوونی شوێنێکی لەبار بۆ ڕاهێنان ئەم شوێنەی ئێستامان قوتابخانەیەکە زۆر سەنتوور کە ئەمانە زۆر پێریستن .

پ : چۆن ئەم ژمارە زۆرە ئەتوانن پێکەوە ڕابهێنن لە کاتیکا ئامێرەکانیشتان زۆرکەمە ؟

و : پرسیاریکی زۆر بەجێ بە زۆر هیلاکین لەگەڵیان بەلام سەرەرای ئەمەش گوێ نادەینە ماندوو بوون بە نەرکێکی نیشتمانی ئەزانین و دەمانەوی هونەری کوردی بەرەو پێشەوە بەرین .

پ : ئایە چەند مامۆستان لەم خولەیە وانە ئەڵێنەوەو ڕاهێنان بە قوتابیاکان دەکەن ؟

و : لەپشووی هاوین چوار مامۆستا بووین بەڵام ئێستا مامۆستا (شێرکو محمد کریم) مامۆستای لادێ بە وازی هێناوەو مامۆستا (ئەنوەر تایەر) پش تووشی جمگەی قاچ بووەو ناگاتە شوێنی ڕاهێنان واتە تەنها من و مامۆستا (سەردار ئەحمەد) ماوین .

دوایی ڕووم کردە چەند قوتابیەك لەپێشەوە خوشکی ژیر (کۆچەر جەلال) .

پ : کچی ژیر لەکام قوتابخانەتی ؟

و : قوتابخانەی ناوەندی کۆیە پۆلی سێیەم .

پ : کام ئامێر لێدەدەی ؟

و : ئۆکوردیۆن براکەشم کەمان لێدەدا . زۆر باشە سەرکەوتووبن دوایی ڕووم کردە برایەکی خۆشەویست.

پ : برابچکۆلە ناوت چیە و ؟ لە کام پۆلی قوتابخانەی ؟

و : بڕوا حەوێز ولە قوتابخانەیی زانست‌و لە پۆلی شەشم .

پ : کام کامێر لێدەدەی ؟

گیتار ئیسپانی . ڕووم کردە قوتابیەکی تر :

پ : کاکەی کەمان لە ناوت چیە ؟

و : مظهر اسماعیل .

پ : دیارە ئامێرەکەت زۆر خۆش ئەوێ بۆیە وا لە باوەشت گرتوە ؟

و : بەڵێ زۆرم خۆش ئەوێ ئارەزوو دەکەم هەردەم لێم دوور نەکەوێتەوە .

پ : ئایە ئەتوانی ژمارەی ئەرانەی لەسەر ئامێرەکانت بۆمان بڵێی ؟

و : بەڵێ ژمارەی قوتابیانی ئامێری کەمان (٢٠) ن ژمارەی سەر فلووت (٧) ن ژمارەی سەر ئۆکوردیۆن (٦) ن ژمارەی سەر گیتار (٥)ن ژمارەی سەر قانونیش (٥) ن .

پ : ئاواتت چیە لەژیان ؟

و : تیپەکەم سەرکەوێت و لەسەر ڕێرەوی شەهیدان کارزان و هەڤەکانیان ئەڕۆین بۆ خزمەت کردنی هونەری سازو مۆسیقای کورد .

دووەم شارەو ئوتومبیلی گواستنەوەی گشتیش نیە بۆبە منداڵەکان زۆر ماندوو دەبن و دوا دەکەون وە ڕۆژانی باران ناتوانن ئامادە بن سەرەڕای ئەمەش لەم فوتابخانەیە یەك ژووریان بۆ تەرخان کردووین و بەشمان ناکات ، قوتابخانەکانی تری شارەکەمان هەمووی گیراون کۆسپیکی تر ئەوەیە ئامێری تەواومان نیە بۆ ڕاهێنان بە تایبەتی فلووت ئۆکوردیون ، گیتار لەبەرئەوە بە نۆبە قوتابیەکان بەکاری ئەهێنن کە ئەمە دەبێتە هۆی دواکەوتن و چاك فێر نەبوونیان سەرەڕای ئەمەش زۆربەی ئەم ئامێرانەی هەمانە کۆنن و سوودی تەواو نابەخشن ، وە هەندێ ئامێری پێویستیشمان نی‌یە وەك ئامێری (ئیقاعی):جاز و دەف، هەروەها ئەم ئامێرانەشمان نیە وەك : ئۆرگن ، چەلۆ ، ناص ، نای ، قانون ، گیتاری کارەبا کلارنیت ، ماندۆلین، مۆسیقا کاری ئایە ئەمە لەژێر سەرپەرشتی ئێوەیە ؟

و : بەڵێ لەژێر سەرپەرشتی ئیمەیە و تیپی موسیقای لاوانمان دامەزراندوە .

پ : کەی‌و چونتان دامەزراندوە ؟

و : بیری دامەزراندنی ئەم تیپەدەگەڕێتەوە بۆ پشووی هاوینی ساڵ ١٩٧٨ کە بۆ بەکەم جار داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەروەردەی هەولێر کرد کەوا ڕێگامان بدەن و بارمەتیمان بدەن کەتیپی موسیقای لاوان لە کۆیە دروست بکەین ، ئەوانیش ئەم ڕایەیان پەسند کردو هەندێ ئامێری پیویستیان بۆ ناردین،خولێکی دوومانگیمان کردەوە بۆ منداڵە خۆشەویستەکانمان ئەوانیش بە گەرمیەوە خۆیان ناوس کرد .

Institut Kurde de Paris

کوردیەك لە وێنەی درامی وهوشیاری وشە

نومێد ئاشنا

ڕووە درامیەکانی شیعری کوردی ، تایبەتی و چڕیی ڕرداوەکانی خۆیان لە دەفی کارەساتە جۆربەجۆرەکانی واقیعی باری گەل و خاکەکەوە وەرگرتووە . وەك پێناسی تەواوی دراماو هەڵبژاردنی شیعری درامی کوردی - ئەگەر دراستانی شیعریش بگرێتەوە نموونەیەکی ئەو تۆمان لە بەردەستانیە چونکە شیعری درامی ی پڕ بە پڕی بزواندێکی دینامیکی و هەڵوێستی کەسانی ڕووداوەکە و ئەو شاعیرەی دای ئەڕێژێ ئەچێتە قالبی باری مێژوویی و جێگاو کاتی دراماکەوە ولێی جوێ نابێتەوە ، لەبەر ئەوە (دراما ئەگەر دژایەتی بەبەخشێ ئەوا لە هەمان کاتدا خۆی جوولەو بروازدنە ، جوولەو بزواندنی هەڵوێستێکە بۆ هەڵوێستی بەرامبەر لە سۆز یاخود هەستێکەوە بۆ هەست و سۆزێکی بەرامبەر لە بیرێکەوە بۆ ڕوویەکی کەی ئەو ببرە)(١) بەم پێیەو لەم ڕوانینە وردەوە وەك شتی بچووك و کارەساتی درامی کورت چەند نموونەبەکمان هەیە لە شیعری کوردی ئنجا کە ئەمە ئەبەستینەوە بەڕەوتی تاقی کردنەوەی شیعری درامای ئێستامان، دەگمەنی ئەو هەوڵە هونەری و سەرکەوتنە نسبیانەمان بۆڕوون دەبێتەوە کە تەنانەت بە کارێکی درامی دەنگی تایبەتی خۆیان پێك ئەهێنن . کارە درامیەکانی ئەهێنن . کارە درامیەکانی زدق و ئاشکرای وەرگرتووە یەکەم ، بنچینەدانان و دروستکردن لەسەر بیری نەتەوەیی . دوەمیشیان ، دۆخی ڕۆمانسیەت و ئەو خۆشەویستی و تێکەڵ بوونە ڕۆحیانەی بە گشتی ئەنجامێکی درامیان هەبووە . بڕوانە مەم و زین - خەج و سیامەند - گلکۆی تازەی لەیلا - دوانزە سوارەی مەریوان قەلای دم دم - شێخ فەرج و خاتوستێ - شیرین و خەسرەو - یاخود شیرین فەرهاد . هەروەها چامەکەی سالم لە جەنگی نێوان بابانەکان و تورکەکاندا .

هەروەها وەك وەرگرتنی کارەساتێك و دەورە لێدان لێدان وچوونە ناوەوەش ئەم پارچە بچووکە درامیانەمان هەیە - شیعرەکەی مەلا حەمدون - مەم و زینی پیرەمێرد - شەڕو ئاشتی دیلان - شەوی ع.ح. ب.و ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران و دیاریی خوای شەڕو شەهیدی گۆران . ئەمانە کەم زۆر شێوەی درامی خۆیان ئەچەسپێنن . وردبونەوەو حساب لەگەل کردنیشیان نابێ لە ڕەچاوکردنی کاتی وتنیان و ڕادەی هوشیاری ئەو کاتە بچێتە دەرەوە . لە هەندێکیشیاندا هەستی دڵداری و عەشق بەرستی تێکەڵ بە بیری نەتەوایەتی ئەبێ و سەرجەمی کارەکە پێك ئەهێنن . لێرەدا ئەمانەوێ لە کەم قەوارە بی و بچووکی مەودای هەندێ کاری شیعری درامی ی ئەم دوایە قسە بکەین ، بێ گومان ئەمەش بێ نموونە هێنانەوە ناشێ . لەبەر ئەوە کە نموونەکان دێنمەوە بە مانای شمولی دراما خۆی باسی ناکەم کە چەند لەو شیعرانەدا یا خود لای ئەو شاعیرانە چەسپیون . تەنها وەك بوونی بە مولکی تاقی کردنەوەی شاعیرەکە خۆی باسی ئەکەم ..

لە دوو لایەنەوە ئەچینە سەر ئەم باسە یەکەم لە لایەنی ڕەمزو هوشیاری وشەوە - دووەم لە لایەنی جێبوونەوەو چۆنیەتی ئەمری ی ئەو کارانە کە بە هەردوو لایە نەکە دەنگێکی تایبەتی لای شاعیر لە چواز چێوەی تاقی کردنەوە کانیدا چەسپ ئەکەن . شیعری - شەهید - ی گۆران زانراوە سەبارەت بە چ توناغێکی مێژوویی و کارەساتێکی ناخۆش وتراوە . هەڵو بەگ - ڕەمزە - ڕەمزی ئازایەتیە لە کارێکی درامی شۆڕشگێریدا کە ئەنجامی کۆمەڵێ گۆڕانی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە یە کە شەڕی بەردەرکی سەرایان لێ پێك هات ، لە شیعری شەهیدا یەك ڕەمز سەر بە یەك پاڵەوانەو هەڵۆ بەگ - ه . ئیتر بێ دابڕین هەڵۆ بەگ لە شیعرەکەو بێ شتێکی وەك مەنەڵۆژێك کە سیتی ئەو بخاتە گێژەنی ڕاڕایی و - انغام - ێکی کەسیەوە . بەڵام بۆ هوشیاریەکەی ئەوە لە چاوی سالی ١٩٣٢-ی هوشیاری بیری گۆران و دەوری هەڵۆ بەگەوە تەماشا ئەکرێ . ئەگەر چی گۆران لە زمانی هەڵۆ بەگەوە داوای تۆڵە ئەکات . وەبە بووکی تازەی یەك شەوەش بڵێین کە ئەو واتە - بووکەکە - تەنها توانای ڕشتنی فرمێسکی هەبوو بۆیە لە کۆرپە بێ بارکەکەی داوا ئەکات تۆڵەی باوکی بکاتەوە ، بەڵام چۆن ؟ ئەمەیان نادیارە . واتە ئەم خۆی بە چارەنووسی و عەقڵویەتی پیرکردنەوە لە کارەساتە مێژوییە نەتەوایەتیەکەی بسپێری . لە لای دووەمیشەوە کە لایەنی جێبوونەوەو ئەمری ی ئەو کارانەن ئەڵێین :- جێ بوونەوەی ئەوان واتە دەوربینینی مێژوویی خۆیان لەو سەردەمەدا کە پێویستی بەو کارە هەیە ، وەلە هەمان کاتیشدا شتەکە نەبەسترابێتەوە بە بارێکی نیژڕەوی مێژوویی و کات تیایدا سیفەی - ئەمری - وەرگرێت . دەنا ئەسە نەبێتە ئامادەکردنی وتارێکی ئاهەنگی کردنەوە یاخود خوتبەیەکی سیاسی لە بارێکی کەم نەفەس و تابەتیدا . ودڕەسەنیەتی شمولیەت و بەردەوامی دەور بینینی خۆی تەواو ون ئەکات .

ع. ح. ب - لە شیعری شەودا بەرامبەر شەهید بوونی چوار مرۆڤی نیشتمان پەروەر داوای گریان و خەم بۆ خواردنیان ئەکات . لە کۆتایشدا ئەیەوێ چۆنیەتی ئەو درامایە بە وێنەیەکی شیعری ی سەبارەت بە نراژیدیایەك بخاتە ڕوو ، وەکۆتایی شیعرەکەی بێ بهێنێ . ئەو ئەڵێت (لە کاتێکدا ئەمانە وا بە ناهەق شەهید گراون و ئێمە ئەوا بە کۆمەڵ هەموو کارمان هەر گریانە با لە بیرمان نەچێ ئەو کەسانەی کە هانی ئەو دەستانەبان دا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم تاوانە بە هیوای پلەو پایەیەکی بەرزترو نوێ کە ئەمەیان کردوە . بۆیە دەمی وشکیان بە خوێن یاراوە لەو شەوەداو بێ خەم ئەنوون .

بەڵام ئەون - ەکێن ؟ چۆن ئەمەیان کرد - پێش بینی - تنبۆ - ی شاعیریەنی ئەم بیی یە ؟ لە پاش ئەوەی داوای گریانێکی تەواو ئەکات . بەم پێیە ئەرکی وشەی هوشیاری شاعیرو ئەدیب ئەچنەوە سەر یەك بنچینە ئنجا ئەمیان بە باری هونەری و تەکنیکی گونجاو وشیاوەی کە خۆیداو ئەویشیان بەو بارە شایستەی بێ . لە خاڵی یەکەودا باسی هوشیاری وشەو ئەو دەلالەتە ڕەمزیانەمان کرد کە بۆی بەکار ئەهێنرێت . لە شیعری ئەمرۆماندا ئەم ڕەمزە - مجرد - ە زۆر بەکار دێ بۆ نمونەنە :- لە زیاتر لە شیعرێکدا - لەتیف هەڵمەت داربەڕوی بەکار هێناوە ئەم بەکارهێنانی داربەڕوە لای - ڕەفیق سابیر - دەلالەتو ئی گەیشتنێکی تری هەیە . لای هەردوو ڕەمزی ڕەسەنیەتی ژیانی داربەڕوە لەگەل گەلێکی تایبەتیدا ..

لەلایەکی تریشەوە ئەڵێین :- چەندە دۆزینەوەی ڕەمز بۆشتی خۆمالی و ڕەسەنی نەتەوەیدا کارێکی گرانە سەد ئەوەندەش بەکار هێنان و دانانی لە جێگەی خۆیداو موتوربەکردنی بەلێکدانەوە - یەکی فیکری و فەلسەفی کارێکی گرنگترە . زۆر برای شاعیر هەن ڕەمزی باش ئەدۆزنەوە کەچی لە بەکار هێنان و مامەڵە کردن لەگەڵیا بێ ئەکەون و سەرکەوتن بە دەدەست ناهێنن . جگە لە مانەش هەموو ناتوانن بەپێی پێویست ئەو ڕەمزانە وەك هوشیاری وشە بخەنە کاری درامی یەوە دراماش ڕێ نادا بە ئاسان و بێ گرتنی چەند جەمسەرێکی ئەو ڕەمزو پێوانەی گیانی بەرگەگرتنی لەکۆڕی ڕووداوەکانی تردا بەکار بهێنرێ . شەقڵی درامی لە ڕەمزی بە هێزدا بۆ کاری گەورەو بچوك توانای شاعیرو سنەلیقەی فیکری و هونەری ئەو نیشان ئەدات. بڕوانە - حفار القبور - ی بدر شاکر السیاب - ئەبینین چۆن شاعیر مامەڵەی لەگەل دوو لادا کردوە . یەکەم ڕەمزی حفار القبور - کە بەرامبەر کێ وەبۆ چی بە کاری هێناوە . دوەم چۆنی بەکارهێناوە . تا چ ڕادەیەك هونەر کاری خۆی نواندوە لە تەکنیك و بەستنەوەی ڕەمزو دارشتنی شیعرەکە بەگشتی. هەروەها - سامی - چۆن - شێخ ڕەزای بەکار هێناوەو کردویەتی بەڕەمزو هوشیاری وشە لە شیعرەکەیدا . ئنجا لە بەراوردکردنی ڕەمزەکاندا بۆ دۆزینەوەو پێ بەخشینی ڕۆڵێکی تایبەتی بە دراما - ی شیعرە کوردیەکان ئەتوانین بگەینە ئەنجامی ئەوتۆ کەپێش ئەم بەراوردکردنە بۆی نەچوین وهەستمان پێ نەکردوە .

سەرچاوەکان :

١ - د. عزالدین اسماعیل - الشعر العربی المعاصر .

زاراوەی ڕەخنەیی

نامادەی کردوە : نازاد عبدالواحد

لەبەر ئەوەی شاعیر جۆری ڕواینن و بۆچوونەکانی لەگەل ڕواینن و بۆچوونی پیاوانی سیاسەت جیایە .. بۆیە ناتوانێ لەگەل ڕووداوەسیاسییەکاندا ، وەك سیاسییەك مامەڵەیان لەتەکدابکا .. بەڵکو وەکو مناڵێکی بێگوناه ، گوڵێك ، ڕووبارێ ، لە دایك بوونەوەیەکی تازەی جیهانی خودو جیهانی دەرەوەسەیری دەکا .. ڕووداوی سیاسی بەشێکی بچووکە لە ڕووداوەکانی کەون ، بۆیە بۆی هەیەو دەتوانرێ وەکو مادەیەك بچێتە ناو دنیای شیعرەوە ، بەڵام کەچووە ناودنیای شیعرەوە چۆن دەبێ بە شیعر ..؟! ئەوە ئەوپرسیارەیە کە لێپرسینەوەو ئەرکێکی سەرەکییە .. وەك چۆن زمان بێ لایەنەو ئینتمای نیە بۆ هیچ چینێ و ئایدیۆلۆژیەتێك ، هەربەم پێیە ڕووداوەکانی جیهان لەدەرەوەی شیعر بێ لایەنن.. یان ناشتر وایە بڵێین وەرسن لە پێك هێنانی (هونەرێکی) سەربەخۆ ، چونکە گرنیگیەکە لە لەدایك بوونە تازەکەو تەقینەوەکەی ناوشیعرەکەیە..

گەورەترین کێشەو فیکر ، با هەق و ڕاستیش بێت ، ئەوە ڕەت دەکاتەوە ، کە بەمساپۆرت بداتە شاعیرێکی خراپو بیپەرێستەوە ، وەك بڵێی بە گوێرەی شیعرو لەلای شاعیر مەسەلەی ئیلتزام ، تەنیا ئیلتزامی ناو هونەرەکە خۆی بێت .. کە لێرەدا مەبەست (هونەر بۆ هونەر) نیە بەو ئیفلیجیەی تا ئێستا باس دەکرێ ، بەڵکو باس کردنی ڕووداوو کێشەو شتەکانمان مەبەستە بەو شێوە تایبەتیەی (شیعر) داوای دەکات . . ئەگەر ئەم فەیە هەڵگێڕیتەوە ئەوەگەورەترین (منظر)ی سیاسی، دەبێ گەورەترین شاعیربێت ، ئەگەرچی ئەوانیش شاعیریان تیا هەڵکەوتووە ، بەڵام دوورلە شیعرو نزیك لەهەر شتێکی تو باسی بکەیت ..

لێرەوە دەڵێین بەکارهێنانی زاراوەی شاعیری (بروليتاری)و (بورژوازی)و (شۆڕشگێر) بۆ مەسەلەی شیعرو شاعیرایەتی نەهاتووە . . ئەگەر لەبێشەوە ئەوە ڕاینن کە زمان بێ لایەنەو سەر بەهیچ چین و ئایدیۆلۆژیەتێك نیە ، واتای ئەوە زمانێکی بورژاوازیانەو زمانێکی بروليتاریانە لە ئارادا نامینێ. . چونکە زمان کەلوپورێکی گشتیەو ملکی هەموو جینەکانە ، زمان (مشاع)ە ، کە (ستالین) زۆر بە وردی بۆ ئەو مەسەلەیە چووەو خاڵێکی جەوهەری گەورەی دەستنیشان کردووەو زۆر زیرەکانە کۆتایی پێ هێناوە .. ساویلکەیش ئەوەیە بگوترێ ئەم شاعیرە زمانەکەی بورژوازیانە یان دەرەبەگانەیە، ئەوەشمان لەبیرنەچێت،شاعیروەکو بیروباوەڕ هەر دەبێ لایەنگیری جۆرە بیرکردنەوەیەك بێت بەرامبەر بە بوون و کۆمەڵ چونکە هیچ شتێك نیە لە سیاسەت خاڵی بێت هەر لە پرسەیەك تا شتی گەورەتر ، شاعیر کاتێ دێت وەکو مرۆڤێك و وەکو زانایێك باسی خۆی دەکا ، دسان لەم باس کردنەیدا ، شوێنی چینایەتی خۆی دبار دەکات .. بۆیە قووڵبیەکەی شیعر دەبێ بە قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفی وەربگیرێ، واتە هەڵوێستێکی فەلسەفیە لەزمانی شیعردا ، نەك بەپێی جیاکردنەوەی مێژوویی چینەکان سەیری بکرێت .. بۆیە ناتواندرێ بە (نەزار قەبانی)بڵێیت شاعیری بورژوازیەتە بەپێی زاراوە سیاسیەکە ، بەڵکو وەکو شاعیرێك دەبێ بگوترێ : (شاعیری چێژێکی حسی ڕاستەوخۆیە (الابیقوریە) یان ناگرێ بە (مەحمود درویش) بگوترێ (شاعیری بەرگری کە خۆیشی لەسەنگەردا نیە بەڵکو ڕاستروایە پێی بڵێین : (شاعیرێکە بە دوای کاتێکی وون بوودا دەگەڕێ .. !) ناتوانی بڵێیت (بەباتی) شاعیری (بروليتاریا)یە ، بەڵکو دەڵێی (شاعیری نامۆیە لە زاتو لە جیهاندا) .. ئێمە ناتوانین (تۆلستۆی) قەرزاربار بکەین بەوەی کە سەر بە مەسیحیەت بووە یان شیللی شاعیر (ڕادیکالی) لەبواری سیاسەت ، چونکە ئەمانە کەلەپیاوی ئەوتۆن دەبێ وەکو داهێنەر سەربکرێن واتە بنچینە بڕیار دانەکانمان لە سەر بنەڕەتی بەرهەمەکانیان دەبێ چونکە تێکەبشتنێکی وردو قووڵ بدۆزنەوە بۆ دڵی مەزنی مرۆڤو بۆ کۆمەڵو مرۆڤایەتە.

لە دووایبشدا بەکارهێنانی زاراوەی (شاعیری شۆشگیر)و (شاعیری بورژ وازی کوێری و نابینایی تێڕوانینە ڕەخنەییەکانە ، کە پەیوەندی مەیە بە کوێری لە (ڕۆیای) سیاسی ، هەرچی شۆڕشگیرایەتیش هەیە، ئەگەر حیسابی شۆڕشگێرایەتی بکرینەوە لە هەگبەی شاعیر ، ناگات بەوەی فیشەکێك بەڕووی دوژمناندا بتەقێنی .. ئینر ئەم جۆرە (پۆلاندنانە)ی بۆ شاعیر دادەندرێ بۆ ..؟! باشتر وانیە ئەوانەی تووشی ئەم کوێربوون هاتوون لە ڕوانینەکانیان و لەکاتی ئیش کردنیان لە سیاسەتدا بین بە (قۆنتەراتچی ..!) نەك مابەپووچی و ناچاری ڕوویان بێ بکاتە ناو دنیای پاك و وبیرۆزی (ئەدەب) !

بۆزانین

وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

کتێبی :

« الیشن »

چیرۆکی جمعه اللامی

بەشی یەکەمی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە باسی ژیان و تێکۆشان دەکات .. پاڵەوانەکانی بەوونەیین ڕێگای مردن و قوربانیدان بە تاکە ڕێگای بەرەنگاری کردنی جەوور و ستیوانەنی ویستی مرۆڤایەتی دەزانن . لە بەشی دووەمی چیرۆکەکانیشدا پاڵەوانەکان لە پێناوی ژیان و پاشەڕۆژدا کۆشش دەکەن .

کەوتە بازاڕەوە ..

دابەش کردنی :

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد



نازاد دلزار

نیوە شەوبوو ،
زریانێکی تووش هەڵیگرد .
یەکە یەکە ،
دەرگا پۆڵا بەندەکانی - ئەسفەهانی -
لە ڕیسە برد .
ئای ئەسفەهان ! ،
ئەسفەهانی شانشین و گومەزی شین
دەدم ئێستاش وا دەسووتێ
- زایندە ڕوور(١) - ئێستاش دەگری
بۆ سوارەکانی (لەپ زێرین) ! .
ڕایندەروو د : چۆنێکە بە ئەسفەهاندا ڕەت دەبێ .

پارچە شیعرێك لە نێوان فەتحی وکوردی ی شاعیرداو

چەند سەرنجێك

جمال محمد محمد امین

ئەگەر بە وردی لە بەرهەمی شاعیرەکانمان بکۆڵینەوەو دیراسەیەکی زانیاریانەی سامانی ئەدەبی نەتەوەییمان بکەین، ئەگەینە ئەو ڕاستی یەی کە گەلی کورد خاوەنی گەلێ شاعیری چاك و بلیمەت بووە، بەلام بەرهەمیان تێکەڵاوی بەکتر بووە ، بێ گومان مەسەلەی ساغ کردنەوەیان کارێکی ئاسان نی یە پێوستی بە (سەرچاوەی باوەڕپێ کراوو تێکستی نووسراوو گەڕان و پشکنین و پرسیار کردن و بەسەرکردنەوەی بەرهەمە چاپ کراوەکان هەیە) ، ئەگینا ئەگەر ساغ کردنەوە هەر ئەوەبێت کە لە پارچە کاغەزێکا یان کەشکۆڵێکا شیعرێ بەدی بکەین و یەکسەر بڵاوی بکەینەوەو نەچینە بنچ و بناوانی یەوەو بە قەناعەت و بەڵگەی ڕاستەوەو دوور لە گومانەوە نەبێت ، ئەوا هەرگیز بەوە ناوترێ- ساغ کردنەوە ، ئینجا ئەبێت حیسابێکیش بۆ ئەوە بکەین و ئاگاداری ئەوە بین کە ئایە ئەر بەرهەمە لەوەوبەر لەلایەن کەسی ترەوە بڵاوکراوەتەوە ؟ وە ئەگەر بڵاوکراوەتەوە کێ بڵاوی کردووەتەوەو کەی بڵاوکراوەتەوە ، پێوستە ئیشارەت بۆ ئەوە بکرێ ، کە ئەم شیعرە فلانە کەسیش لە فلانە شوێندا بڵاوی کردووەتەوە ، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەکە ڕێڕەوی زانستیانە ئەگرێ و شێوەی ئەکادیمی پێوە دیار ئەبێت ، چونکە ئەو کەسەی بەرهەمێك بۆ یەکەم جار بڵاو ئەکاتەوە لەسەر ئەبێت بە ماڵو وەك تەواوی ئەوەم بۆ ئەمانەتێك ئەیگەیێنێتە دەست خوێندەواران .

برای ئەدیب کاك محەمەد عەلی قەرەداغی لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا لەژێر نارنیشانی (چەپکە شیعرێکی بڵاونەکراوەی کوردی)دا(١) ، دوو پارچە شیعری بڵاوکردەوە ، یەکەم پارچەیان حەوت بەیت شیعرەو لە کۆتایی شیعرەکەدا ناوی (کوردی) هاتووە ، هەر بەوەندە کاك محەمەد بە شیعری کوردی لە قەلەم داوەو وای دەرخستووە کە یەکەم جاریشە بڵاوی کردووەتەوەو ئەڵێت : -(ئەم پارچە شیعرە بەم شێوەیە لەو کەشکۆڵەدا بە ناوی کوردی یەوە نووسراوە ، بەڵام وەك دەبینی لێرەدا دوا شیعر نازناوی شاعیری تیدا نی یە ، لە هیچ کەشکۆڵێکی کەشدا نەمدیوە)(٢) .

جارێ ئەبێت زۆر باش ئەوە بزانین کە مەرج نی یە ناوی هەر کەسێ لە کۆتایی هەر شیعرێکا نووسرابێت ، ئیتر ئەو شیعرە هی خاوەنی ئەو ناوە بێت ، ئەمجا بڵاوی بکەینەوە .

هەمان پارچە شیعر کە کاك محەمەد بڵاوی کردەوەو (بۆ یەکەم جارو بە هی کوردی-شی) لە قەلەم داوە، کاتی خۆی لەلایەن نووسەری ئەم وتارەوە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری بەیاندا لەژێر ناونیشانی (غەزەلێکی بڵاونەکراوەی فەتحی)دا بڵاوکرایەوە ، بڕوانە (گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٣٥)، نیسان ١٩٧٦،ل٢٢٥)، واتە سێ ساڵ لەمەوبەر بڵاوکراوەتەوە . . ئەوەش لەولاوە بوەستێ کە من بە ساغ کرابووەوە کە ئەو شیعرە شیعری فەتحی یە ..، چونکە ئەو تێکستەی کە من شیعرەکەم لێ وەرگرتبوو جێی متمانەو باوەڕە ، وە ئەوەبوو کاتی خۆی دیسانەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا لەژێر ناونیشانی (کەشکۆڵێکی پڕ گەوهەر)دا(٣) ئیشارەتم بۆ ئەو قەصیدانەی فەتحی کردبوو کە لای من هەبوون .. جا چاك وابوو کە کاك محەمەد وەك نەمانەتێکی ئەدەبی ئیشارەتی بۆ ئەوە بکردایە کە ئەم شیعرە کاتی کاتی خۆی بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری بەیاندا دراوەتە پاڵ فەتحی و بڵاویش کراوەتەوە ، جا نازانم کاك محەمەد ئاگاداری ئەوە نەبووە کە بڵاوکراوەتەوە یان ئاگاداربووەو ئیشارەتی بۆ نەکردووە .

هەروەها برای ئەدیبیش کاك ئومێد کاکە ڕەش لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا ئەوەی ڕوون کردبووەوە کە ئەم شیعرە هی (کوردی)نی یەو شیعری فەتحی یە(٤) دیسانەوە برای ناوبراویش ئیشارەتی بۆ ئەوە نەکردبوو کە ئەم شیعرە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٦دا بۆ یەکەم جار لەلایەن نووسەری ئەم وتارەوە بڵاوکراوەتەوە . .

وا لێرەدا دەربارەی فەتحی و ئەو پارچە شیعرەو حیاوازی لەگەل ئەوەی کاك محەمەد بڵاوی کردووەتەوەو ئەو سەرچاوەیەی من لێم وەرگرتووە ئەدوێم .

دکتۆر مارف خەزنەدار لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا ژمارە (١٩)، ساڵی ١٩٧٦دا، دەربارەی ئەم شاعیرە هەندێ زانیاری بڵاوکردووەتەوەو ئەڵێت :-

لە ساڵی (١٣٠٠ هـ -١٨٨٢ز) کۆچی دوایی کردووە ، ئەم مێژووەی دکتۆر مارف زۆر لە ڕاستی یەوە نزیکە چونکە مێژووی نووسینەوەی ئەو شیعرە لە کەشکۆڵەکەی مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵیدا لەگەل مێژووی کۆچی دوایی کردنی فەتحی دا ئەچەسپێت و ئەگونجێ ، کە شکۆڵەکەی مەلا عەبدوڵڵا لە (١٣ - ربیع الاخرة - ١٣١٦هـ) یە(٥) ، واتە دوانزە ساڵ دوای کۆچی دوایی فەتحی نووسراوەتەوەو تەواو بوو ، وا جیاوازی نێوان شیعرەکەی فەتحی و ئەوەی کاك محەمەد ئەخەمە بەرچاو کە بە ناوی (کوردی)یەوە بڵاوی کردەوە .

١ - ئەوەی کاك محەمەد:-(٦)

لە هیجری ئاتەشی تۆ دل دەسووتێ
هەمیشە دل تەنووری پڕ لە نارم

کەشکۆڵ :-(٧)

لە هیجری تۆ دەروونم وا دەسووتێ
هەمیشە وەك شۆری پڕ لە نارم

٢ - کاك محەمەد

لە سەیری مەیلی مەحبووبانە ئێستە
زەعیفو زەردە وا ڕەنگی بەهارم

٣ - کاك محەمەد

لە ئەشئەی ماری کاکۆلت عەزیزم
دەڵێی زەهرە هەمیشە کامی زارم

کەشکۆڵ :-

لە ئەشئەی ماری زوڵفی تۆ عەزیزم
دەڵێی زەهرە هەمیشە تامی زارم

وشەی (کام) لەوەی لای کاك محەمەدا، واتە ئارەزوو، وە ئەمە هیچ پەیوەندی بە وانای ڕستەکەوە نی یە ، زار (تامی) هەیەو تام ئەکا نەك (کام) ، وا دیارە بە هەڵە کاك محەمەد ساغی کردووەتەوە .

٤ - کاك محەمەد

وەها سووتاوی عەشقی گوڵ ڕوخانم
فتیلەی داغ بوو شەمعی مەزارم

کەشکۆڵ :-

وەها سووتاوی عەشقی گوڵ ڕوخانم
فتیلەی داغە بۆ شەمعی مەزارم

ئەوەی لای کاك محەمەد زۆر لەنگەو لەنگیەکەشی زۆر ڕوونە ..

٥ - کاك محەمەد

بەتاو هات (کوردی) ، (قادر) ، بۆ فیدای دل
خودا مەحفووظ بکا چابوك سوارم

کەشکۆڵ :-

لە بۆ (فەتحی) قەلای دل وا بەتاو هات
خودا مەحفووظی کەی چابوك سوارم

تێبینی یەکی تر دەربارەی ئەو دوو ناوەی لە شیعری دوایی دا هاتووە (کوردی ، قادر) ئەگەر بە گوێرەی بڕوانە ل : ٧

ئافرەت لە (پاشماوە)

پیاو .. لە لایەکی‌ترەوە ئەگەر پیاوو ئافرەتە کارکەکان تەنگ بەدەستکەوتەکانیان هەڵبچنن ئەوا بەشی زۆری ئافرەتان دەبینین لە کەرتی خزمەتگوزاری‌دان ..

لە ئەمریکای لاتینی‌و جیهانی لە دەستسەرمایەداری رزگار نەبوو دەبینین ئەم سفەتە بەگشتی سفەتێکی درامیانەی جوارچێوەی ژێردەستەیی‌و ئەلقە لەگۆێی لەگۆێتی‌و چەوسانەوەی ئیمپریالیزمانەی پەیدا کردووە.. بەگوێرەی ئافرەتەوە لەم جیهانەدا ئەوە لەپەرێشانی دایە بەدرێژایی رۆژان لەپێناوی گەڕان بەدوای لە قەناتێکی گوزەران کردن‌دا ئەوە ئەوە خەبات دەکات لە ناو بەژارەو کۆیرەوەری‌دا دەژێت ئەنجا ئەبێتە قوربانی‌ی ژێر دەستەیی پیاو هەر ئەریشە لە ئەنجامدا رای‌لێ‌دێت دەکەوێتە لەپ رنەوەکردن‌و دەرۆزەکەری . بەڵام توانای‌تێکەڵاوبوونی چالاکی‌ی کۆمەڵایەتی‌و ژیانی سیاسی ئەوا لە گەل بۆچوونی جیاوازی‌کران‌و پێوانەی دژایەتی لە کۆمەڵی (ملکیە)دا دەتەقێن بەیەکدا. دەبینین ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە زۆربەی دەولەتەکانی ئەمەریکای لاتینی‌دا نیش‌دەکەن‌و تەمەنیان لە نێوان ۱۵ - ٦۰ ساڵیدایە رێژەی دەگاتە ۲۵٪ لە ساڵەکانی شەشتدا ژمارەی ئەو ئافرەتانەی ئیشیان دەکرد گەیشتبووە ۱۰ ملیۆن ئافرەت کە کارەکەیان ۳۰-٤۵٪ یان‌دا بوون لەم دوایانەیشدا ژمارەی کارەکەران لە نێوان سێ ملیۆن و نیوو چوار ملیۆن نبودابوون ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کەرتی کرێکاران‌دا کراون ئەوەیان دەرخستووە کە چەندین جالاکی هەن زۆربەی زۆری کرێکارانی ئافرەت لە بواری ناکشت‌وکاڵێ‌دا قووت دەدەن ئەم رێژەیانە ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە کەیبانووی ماڵەوە ۳۰ - ٤۵٪ بازرگانی ٦-۱۷٪ بۆ وێنەیشش لە بەرازیل کە سێ ملیۆن‌و نیوئافرەتی کارکەرهەن ئەوا (نزیکەی ملیۆن و نیویکیان کارکەرن لە ماڵان‌دا ئیش‌دەکەن لە بارودۆخێکی وادا وەکو بارودۆخی ئەو قوڵەڕەشانە وایە کە لە سەردەمە گۆڕ بەگۆڕەکانی کاتی دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاست‌دا باو بووە ..

بارچە شیعرێك (پاشماوە)

ناوبوایە ئەبوایە هی کوردی بان هی قادر بوایە ، دیارە ئەمەش دوورە لە رێرەوی زانستیانەوە ، چونکە زۆر کەس لە خۆیەوە (دوور نی‌یە) بە ئارەزوو ناوی کۆتایی شیعرەکە نەگۆڕێ ، بان کۆلکە خوێندەواری ئەو سەردەمە بە هەڵە بیدەنە باڵ شاعیرێکی تر ،

حەز ئەکەم ئەوەش بخەمە ڕوو کە لەباڵ ئەو شیعرەی سەرەوەی فەتحی‌دا بارچە شیعرێکی تریم بەرچاوکەوت کە حەوت بەیتە ، ئەمەش سەرەتاو کۆتایی‌یە - کەیەتی :- (٦).

سەرەتا :-

ڕەفیقان بێن دەخیلتان بم
خەلاصم‌کەن بە یەکبارە
بە تیری ناوکی ئەبرۆکەمانێ
دل بربنداره

کۆتایی‌یەکەی :-

لە بۆ فەتحی دەڵێ یاران
ئەمیش ئەوعە سروورێکە
وەگەر نە من لە کوێ بووم
لایق ئەم تەرزە گوفتارە

١ - ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق ، ژمارە (۲۵)، مارت‌و نیسان ، ۱۹۷۹ ، ل ١٤ .
۲ - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤ .
۳ - داخی گرانم ئێستا ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی هاوکاری‌م لەبەردەستا نی‌یەو لە بادیشنم نی‌یە چ ژمارەیەکە.
٤ -
۵ - ئەم کەشکۆڵە
٦ - شیعرەکانی کاک محەمەد لە پاشکۆی عێراق ، ژمارە (۲۵)ی ساڵی ۱۹۷۹دا بڵاوکراونەتەوە .
۷ - شیعرەکانی کەشکۆڵەکە - کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵی‌یە .
٦ - ئەم شیعرە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە . وبەم زوانە بڵاوی ئەکەمەوە .

سلێمانی ۱۰-۱۱-۱۹۷۹

گۆرەکو (پاشماوە)

۷ - د پێژیت : نابێت کاك « ابراهیم » ی گوتبا «گوزك دانا سەرملێ خۆ»!!! ئەرێ ئی تشتی یاسایەك پێ هەیە ؟؟ بەڵکی گەلەك جارا کچ ئان ژن لرێکا کانێ گۆزکا ددانە سەر ملێت خۆ بو کەیفو خۆشی‌و بەژنێت خۆ د بن‌ئە د لەقینن !!!

۸ - یا من د ڤێت بێژم لسەر ئی بابەتی ڕاستە « کومرێ » هندەك لایێت کەم‌کوری یێت هەین بەلێ « ئەوەکی » « سالم » بوچووی و بشێوەیەکی گشتی ب « سست‌و لاواز »ی دیارکری و دڤێت لایێ « النقد البناء» گرتبا واتە لایێت جوان‌و تازەو یێت خراب‌و کەم‌کور دیارکربان نەکو وەکی هێرشەکێ کریە سەرو د بن پێیاڤە د دابی‌و هەر ب « سست‌و لاواز »ی دیارکری .

بۆزانین
وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن
کتێبی :
« الشاطیء الجدید »
نووسینی : عبدالرحمن مجید الربیعی

بریتی‌یە لە بیروڕاوباری سەرنجی چیرۆکنووسێك دەربارەی چەند بەرهەمێك کە خوێندونیەتیەوەو لە سەری نووسیون .. کەوتە بازاڕەوە،

دابەش‌کردنی :
الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد

وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن

بۆزانین
کتێبی :
« ثورة ١٤ تموز ۱۹۵۸ فی العراق »
نووسینی : لیث عبدالحسن جواد

باسێکە ڕێبازی شی‌کردنەوەی زانستی‌یانەی تێدا پەیڕەو کراوەو بەلگە مێژوویەکان شی دەکاتەوەو دەگاتە چەند ڕاستەقینەیەك.. ئەمەش بەپێی ئایدیۆلۆجی زانستی شۆڕشگێرانە .. کەوتە بازاڕەوە .

الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد

ئافرەت‌و (پاشماوە)

کردنەوە لەپارەوە تا ئەمسال بەگوێرەی وێنەکانم وائەزانم هەستی وێنە گرتنم باشتر بووە ، بەتایبەتی دەورەیەکی وێنە گرتنم لەبەغداد لەبەکیەتی ئافرەتانی عێراقدا بینی ، ئەڵێ کەلکم لێ وەرگرت‌و نەتوانم بڵێم وێنەکانی ئەمسال گەلێ جیاوازی هونەری و هەڵبژاردنیان هەیە لەگەل وێنەکانی پارداو من لای خۆمەوە ئەمسال زۆر خۆشحاڵترو کامەرانترم ، چونکە لە هەموو ئیشوکارەکانی پێشانگای ئەمساڵدا متمانەم کردە سەر لێهاتن‌و شارەزایی خۆم .

● **چەند ساڵە خەریکی ئەم هونەرەی ؟**

× تەنهادووساڵە .

● **لەم ماوەیەدا هەستت بەچی کردووە ؟.**

× هەستی مرۆڤ ژن یان پیاو جۆراو جۆرەو منیش بەکێکم لەو کۆمەڵگایەی کوردەواری‌و ئیتر بەگوێرەی باری کۆمەڵایەتیمان زۆر هەست‌و خەیاڵاتی سەیر سەیرم بە بیردا هاتوەو بیرم لە زۆر شت کردۆتەوەو ، گرێم لە زۆر شتی تایبەتی بووە ، بەڵام مرۆڤی بەرچاو لەش‌و دووربین بۆ بێشک خستنی گۆمەڵگاکەی ئەبێ هەمیشە تەنها بیرلە ئامانجی تایبەتی خۆی بکاتەوە، ئامانجی منیش پێش کەوتن‌و سەرکەوتنی ئافرەتی کوردو نەتەوەکەمە .

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی ڕەنێوهێنان - ئەمینداریەتی‌ی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی قۆنتەراتی نهێنی‌ی ژمارە ٤/۸۰ دروست‌کردنی بنکەی بەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی فوتابیانی عیراق لە دهۆك .

لەبەر ئەوەی قۆنتەراتچی‌کان داوای نرخێکی بەرزیان دەکرد بڕیارمان‌دا بە هۆی قۆنتەراتی نهێنی‌و بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە ڕای بگەیەنین :

١ - دەتوانرێت کۆمەڵەی نیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبردنە یان لە بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری بارێزگای دهۆك بەرانبەر بە (۱۵) پازدە دینار کە نادرێتەوە دەستبکەوێت بە مەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ .

۲ - دوا ماوە بۆ پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان پێش کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ۲۰-٤-۱۹۸۰ دەبێت‌و پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەکرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا .

۳ - دەبێت ئەمانەی خوارەوە لەگەل تەندەرەکان‌دا بن :

ا - بارمتەی سەرەتایی بە (٦) شەش هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق‌دا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت بان چەکێکی مۆرکراو .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەل بەڵگەنامەیەك‌دا کە بەڕێوەبەرێتی‌ی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .

ج - ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی دابەش‌کردنی قۆنتەراتچی‌یەکان پلەی هەشتەم) بۆ ئەوەی قۆنتەراتچی بە پلەیەك لە پلەی خۆی بەرزتر بتوانێت بەشداری بکات .

٤ - هەر تەندەرێك لە کاتی دیاری‌کراوی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت‌گوێ دەخرێت .

۵ - ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە پابەندی ئەوە نی‌یە نزم‌ترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەر تەندەرێکی دیکە قبوول بکات .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواخستنی کار تەنیا (۲۵) دینار سزا دەدرێت .

۷ - ماوەی جێبەجێ‌کردنی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

۸ - پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکان نەخشەکان لەگەل تەندەرەکانیان‌دا بهێننەوە نەخشەکانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچی‌یانە دەدرێت کە قۆنتەراتیان بۆ دەدەچێت.

۹ - پێویستە قۆنتەراتچی پوولیکی (۲۵۰) فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

۱۰ - ئەو تەندەرانەی لە زەرفی داخراودا ئەبن پشت‌گوێ دەخرێن .

۱۱ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی کاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەمی‌یەوە دەبەسترێت .

۱۲ - هەر سل‌کردنەوەیەك لە لایەن قۆنتەراتچی‌یەوە لەناو تەندەرەکەیدا بنووسێت ڕەفز دەکرێت .

۱۳ - قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ پێویستە سایلۆیەك یان پتر بۆ پاراستنی چیمەنتۆ ئامادە بکات .

۱٤ - قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ پێویستە ئەندازیارێکی سەرپەرشتی‌کەر بەدەوامی تەواو دابنێت سەرەڕای ئەوەی کە چەند ئەندازیارێکی ری لە شارەزایی‌یەکانی نردا هەبێت کە لە کاردا دەخوازرێن .

و. ئەمینداری گشتی‌ی کارو خانەسازی
محمد محی‌الدین شریف

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی ڕەنێوهێنان ئەمینداریەتی‌ی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی قۆنتەراتی نهێنی‌ی ژمارە ٤/۸۰ دروست‌کردنی نەخۆشخانەیەك کە ۱۰۰ قەرەوێلە بگرێت لە رانیە بەمە ڕایدەگەیەنین کە ئەو قۆنتەراتە نهێنی‌یەی سەرەوەبەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ - دەتوانرێت کۆمەڵەی نیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبردنەیان لە بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری بارێزگای سلێمانی بەرانبەر بە (۳۰) سی دینار کە نادرێتەوە دەستبکەوێت بە مەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆوە .

۲ - دوا ماوە بۆ پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یان پێش کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ۲۱-٤-۱۹۸۰ دەبێت‌و پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەدرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا .

۳ - دەبێت ئەمانە لەگەل تەندەرەکان‌دا بن :

ا - بارمتەی سەرەتایی بە نۆ هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت یان چەکێکی مۆرکراو .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەل بەڵگەنامەیەك‌دا لە بەڕێوەبەرێتی‌ی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە.

ج - بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی پلەی حەوتەم بەوەی بتوانێت بە پلەیەك لە پلەکەی خۆی بەرزتر بێت تا بەشداری قۆنتەراتەکە بکات .

٤ - هەرتەندەرێك لە کاتی دیاری‌کراودا یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت ، پێشکەش بکرێت ، پشت‌گوێ دەخرێت .

۵ - ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە پابەندی ئەوە نی‌یە نزم‌ترین تەندەر لە رووی نرخەوە قبوول بکات یان هەر تەندەرێکی دیکە .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواخستنی کار تەنیا (۲۵) دینار سزا دەدرێت .

۷ - ماوەی جێبەجێ‌کردنی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

۸ - پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکان نەخشەکان لەگەل تەندەرەکانیان‌دا بهێننەوە نەخشەکانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچی‌یانە دەدرێت کە قۆنتەراتیان بۆ دەدەچێت.

۹ - پێویستە قۆنتەراتچی پوولیکی (۲۵۰) فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

۱۰ - ئەو تەندەرانەی لە زەرفی داخراودا ئەبن پشت‌گوێ دەخرێن .

۱۱ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی کاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەمی‌یەوە دەبەسترێت .

۱۲ - هەر سل‌کردنەوەیەك لە لایەن قۆنتەراتچی‌یەوە لەناو تەندەرەکەدا بنووسرێت‌رەد دەکرێتەوە .

۱۳ - قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆوە پێویستە سایلۆیەك‌یان زیاتر بۆ پاراستنی چیمەنتۆ ئامادە بکات .

۱٤ - قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆوە پێویستە ئەندازیارێکی موقیمی هەبێت بە دەوامی تەواو بۆ هەموو کارە مەدەنیەکان لەگەل بەکارهێنانی پسپۆڕی‌یەکەونەری‌یەکان‌دا لەو ئەندازیارانەی لە پسپۆڕی‌ی جۆراوجۆردا شارەزان ، بەرێژەی بەندەکانی ترەوە .

و. ئەمینداری گشتی‌ی کارو خانەسازی
محمد محی‌الدین شریف

بۆزانین

وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن
کتێبی :
« تجربة العمل الجبهوی فی العراق »
۱۹۲۱ - ۱۹۵۸
نووسینی : عبدالجبار عبد مصطفی

کە باسی بیری بەرەو بەرەت‌و پەرەسەندنە مێژوویەکانی ئەکات لەگەل جیاوازی نێوان بیری بەرەو هەندێ چەمگی تر کەوا دەردەکەوێ لەگەڵیدا تێکەلاون ... کەوتە بازاڕەوە.

دابەش‌کردنی :
الدار الوطنیة للتوزیع والاعلان - بغداد

Institut kurde de Paris

هونەرمەندێکی بچوک و توانایەکی گەورە

فریا عبدالله

لە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا گەمیشە هونەرمەندو بەهرەداری بە توانا و لێهاتووی تیا هەڵکەوتوە کە جێگای شانازی نەتەوەکەمان بوونو لە ئەنجامیشدا لە بێنەوای خۆیان لە بیرچونەتەوە .

لەم دوایەدا لە شاری سلێمانی لە مەڵبەندی هونەرو بەهرەوەراندا چەندین بەهرەداری مۆسیقی منالان لە ژێر سێبەری چەند مامۆستایەکی هونەرمەندا کۆبونەتەوە کە تیپەکانی مۆسیقای منالانی بێخودو نەورۆزو پیرەمێردن کە نەتوانین بە هیوای پاشەڕۆژی خۆمانیان دابنێین بە هۆی ئەو رێڕەوە زانیارییانەی مۆسیقاو ڕەوشتی هونەریەوە کە لە سەریان پەروەردە ئەکرێن .

لە ناو تیپی مۆسیقای بێخودا کە ژمارەیان پتر لە (٤٠) ئەندامە بەهرەدارێکی بەتوانا هەڵکەوتوە کە ئەگەر بۆمان بلوێت بەراوردێکی لە اە گەڵ سەردەمی ژیانی منالێتی بتهوفندا بکەین لە چەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە . چونکەبتهوفن لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەستی دایە مۆسیقاو لە دوانزە ساڵیدا بەتوانای خۆی بڕچەیەک مۆسیقای سەرکەوتوی دانا ... ئەمەش هەمان سەرەتای ئەم هونەرمەندەی ئێمەیە کە ئەویش کاکە (ئالان عارف)ەو لە هەمان کاتشیدا سەرۆکایەتی تیپەکەی ئەکات .

کاکە ئالان لە ٩-١-١٩٦٧دا لە گەرەکی مەلکەندی سلێمانی لە دایک بوەو لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خراوەتە فوتابخانە .. دەربارەی

هیچ جێگای سەرسوڕمانیش نیە کە بەڕۆژ دەبینین خۆی بەشتەکاندا دەدات چونکە ڕۆژ کۆیرەو نابینێت بۆیە دەکەوێتو ناوێرێت بەڕۆژ بەڕێت ، هەروەها چەند شتێکی تری هەیە وەك ئەوەی کە شنیلە کۆدەکاتەوەو میوە دەخوات و ماسی ڕاو دەکات و باشترین ژەمی خواردنیشی لا « جالجالۆکەیە »یە ، کەدەمی دەکاتەوە بۆ ڕاو کردنی ئەوەی دەیخوات لە ئەنجامی کار دانەوەیەکی پێچەوانەوەیە کە لە رادارەکەیەوە فەرمانی پێ دەدرێت کە دەتوانرێت لەگەڵ شەبەکەی ڕاداری ئاسایی‌دا بەراوورد بکرێت وەکو لەوێنەکەدا روون کراوەتەوە.

لە کۆتایی‌دا دەووترێت کە لە هەموو جیهان‌دا زیاتر لە هەشت سەد چەشن شەمشەمەکوێرە هەیە .. باشتریشیان بۆ زاناکان ئەو شەمشەمەکوێرەیە گەلەم ڕەنگ و فاوەیی‌یە .

عبدالقادر علی مردان

سەرەتای دەستی پێکردنی بواری مۆسیقای دەڵێ : هەر لە زۆر منداڵیەوە حەزم بە وەرزش و مۆسیقابوەو باوکم زۆر لەم ڕوەوە پشتگیری کردوم .

لە هاوینی ١٩٧٧دا مامۆستای خۆشەویستم نامدار عمر کە مامۆستای سرودی قوتابخانەکەمان بو دەورەیەکی مۆسیقای بۆ منالان کردەوەو منیش بە هان‌دانی دایکو باوکم هاتمە دەورەکەوە .. بۆ ئەم سەرەتایە کاک نامدار ئەڵێ : لە یادمە ئەو کاتە ئالان یەکجار بچکۆلانە بو تا ڕادەیەك دەستوپەنجە وردێلەکانی توانای بە سەر کەمانچەکەدا نەئەشکا بۆیە لە بەشی سەرەتای دامان ناو لە ماوەی چوار مانگدا توانی بە پلەیەکی سەرکەوتو بێتە ڕێزی پێشکەوتوەکانەوە .. .

شایانی باسە کاکە ئالان پارچە مۆسیقایەکی بە ناونیشانی کارزانەوە داناوە سەبارەت بە مەش دەڵێ : لە بەر ئەوەی هاوڕێی شەهیدان کارزان و فرمان و ڕێبوارو ئازاد بوم ... بە تای‌بەتی کارزان و فرمان چونکە زۆربەی کاتمان پێکەوە بە سەر دەبرد .. دوای ئەوەش لە ڕوداوەکەی ڕێگەی هەولێردا منیش لە گەلیانا بووم و بە چاوی خۆم لاشەی هاوڕێ خۆشەویستەکانم بینی و زۆر گریام ... هەمیشە بیرم لێ ئەکردنەوە بۆیە بە یادی ئەوان و خەیاڵی کارەساتە ناهەمواراەکەوە توانیم پارچە مۆسیقای (کارزان) دابنێم و پێشکەش چوار جوانەمەرگەکەی هاوڕێکانمی بکەم .

لێرەدا سەبارەت بە یارمەتی دانی ئەم هونەرمەندە لە دانانی پارچە مۆسیقای کارزان‌دا کاک نامدار ئەڵێ : وەك دانەر هیچ یارمەتی‌یەکم نەداوە بەڵام لە بەر ئەوەی لە نرسینەوەی نۆتەکان‌دا هەندێك هەڵەی بچوکی کردبو یارمەتیم داوە .

باشان کاک ئالان سەبارەت بە بەرهەمی ئێستای ئەڵێ پارچەیەك مۆسیقای ترم بە ناوی (دەشتی)یەوە داناوە ئەمەش بۆیە ناوم ناوە دەشتی چونکە خۆمان چوار برا بوین زۆر حەزمان ئەکرد بەزدان خوشکێکمان پێ ببەخشێت لە ئەنجامدا یەزدانی بەخشندە هبواکەی بەجێ هێنایەو منیش مۆسیقاکەم بە ناوی ئەوەوە ناونا ..

پ. هاوکاری لە سلێمانی

کوردناسی لە ئەدەبی جیهانی‌دا

پ. هاوکاری لە سلێمانی

● **لەم چەندانەی دواییدا بوو کە لێژنەی ڕۆشنبیری بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلیمانی کۆرێکی فراوانی بەوناونیشانەی سەرەوە بۆ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار سازکردوو جەماوەرێکی زۆری ئەدیب و نەدەب دۆستانی تیا ئامادەبوو.**

سەرەتای کۆرەکە کاك محمد ئەمین پێنجوێنی بەرێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر بەگەرمی بەخێرهاتنی خەڵکەکەی کردوو دەکورتی باسی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کرد کە خەزنەدار خستونیەتیە بەردەستی خوێنەرانی کورد ودوای ئەویش کاك دڵشاد مەریوانی هەندێ یادگاری ڕۆژانەی خۆی لەگەڵ مامۆستا مارف‌دا گێرایەوە ، بەتایبەتی یادگاری ڕۆژانی قوتابیەتی کاك دڵشادو مامۆستایەتی خەزنەدار لە کولیجی ئەدەبیاتی بەغداداو ئینجا مامۆستا مارف دەستی کرد بە باسەکەی و بەدرێژی باسی ئەو بابەتو لێکۆڵینەوانەی کرد کە لە ئەدەبی جیهانیدا زانایانی و وڵاتەکانی تر دەربارەی کورد نووسیونیانن .

هەروەها خەزنەدار دەستی ڕێزی درێژکرد بۆ ئەو زانایانەی‌کە لەپێناوی کوردناسی‌و دۆزینەوەی نەزادی نەتەوەی کوردا خۆیان هیلاك کردووەو لەم مەیدانەشدا ناوی هەندێ نووسەرو مێژوونووسی خۆمانەی هێناو باسی چۆیەتی بارو دۆخی ئەو سەردەمەی ئەوانی کرد کەچۆن ڕۆشنبیریان تێکەڵاوی ڕۆشنبیری نورکەکان‌بووەو ، ئەمان لەئاستی نەتەوەی خۆیاندا هەر خزمەمت گوزار بوون‌و وبستوویانە خزمەتی گەلەکەی خۆیان بکەن .

● ئەوەی شایانی باسە مامۆستا مارف باسی لێکۆڵینەوەو باسی ئەو تۆی کرد کە لە ناو کوردا نەبیستراوون و نەبیزاوون بۆیە ئەڵێم بریا مامۆستا زمان‌زانەکانی کورد، ئەوانەی‌کە زمانی بێگانە ئەزانن هەوڵیان بدابەو لە دەروازەیەکی دانسۆزی‌یەوە بۆ ئەم نەتەوەیەی خۆمان لایەکیان لەو هەوڵانەی نێوان ئەدەبی جیهانی ئەکردەوەو ئەو باسانەیان ئەکرد بەزمانی کوردی‌و کەلێنێکی ئاچوغی کتێبخانەی کوردیان پێ‌ئەگەرت‌و خوێنەواری کوردیش کەلکی لێ‌وەرئەگرت .

● د. مارف لە کۆتایی باسەکەیدا وتی ئەمە کورتەیەکی ئەم مەسەلەیە کە کراوە بەناونیشانی باسەکەم و لەکۆرێکی‌وا لەوەندە زیاتر ناتوانری روون بکرێتەوە .

● ئامادە بووانی کۆرەکە زۆریان پێ‌خۆشبو کە وتر مامۆستا مارف یەکەم پرۆفیسۆری ئەدەب‌و زمانی کوردی‌یە لەکوردستانی عێراقداو مامۆستا خۆیشی ناتو ئەم هاتنەی بۆسلیمانی ئەمەی بەکەس نەووتبو ، کەخۆیشی لە ٢٩-١٢-٩٧٩ وە بووە بە پرۆفیسۆرو ئێمەش پیرۆزبایی لێ‌ئەکەین‌و داوای سەرکەوتنی بۆئەکەین .

ترۆسکە

کاتێك پێت ووتم !

لە شەوێکی مانگەشەودا . من‌و تۆو هێمنی بووین‌و
لە سووچێکی ئەم جیهانەدا دانیشتبووین
هێمنی ، پاسەوانی دەسپاکمان بوو
بریسکەی چاوەکانت ، تاریکایی دەورو بەری ڕووناك
دەکردمەوە منیش فرمێسکەکانی خۆمم .
لە جباتی‌ی مەبی جیهان دەخواردەوە . !
چرپەکانت .. بایەکی فێنکی دڵ بووژێنن .. دێنە
گیانمەوە کە بانگم دەکەیت .. ناوم دەهێنیت .. !
تاریکایی چوار دەورم دەڕدوێتەوەو
ناوازی گۆرانی‌ی پێك کەیشتن لە چاوانم‌دا ترس
دەکوژێت ..
هەردوو خەمبار بووین ....
کاتێك لێم پرسییت بۆچی خەمی جیهانت لە چاوانتا
هەڵگرتووە ؟
بینیم وێنەی بێ‌دایك‌و باوکەکان لە سەر لێوت
دەکشێن ..
پێت‌ووتم ..
ـ ئەگەر پەژارەی ئازار چێژانی سەر زەمین هەڵنەگرم
ئەگەر نەمە قوربانی‌ی چەوسا وەکان ..
ئیتر دەتەوێت بە چی بیم ؟!

ئەگرەم مەحموود سەمین

دوو کۆڕی ئەدەبی لە هەولێر

● کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر لە جموجۆڵی نوێی خۆی‌دا کۆڕێکی ئەدەبی بۆ کاك جەمال شەمبار ڕێك خست کە ئێ‌کۆڵینەوەیەکی دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی «تیتیلەو بیبیلە »ی عمر ابراهیم عزیز خوێندەوەو هەندێکیش باسی لە ئەدەب‌و شێوازو زمانی نووسین بۆ منداڵ کرد. لەسەرەتادا کاك نزار خەیلانی لە چەند ووتەیەکی سەرپێ‌یدا میوانی کۆرەکەی پێش‌کەش کرد ، ئەنجا کاك جەمال دەستی کرد بەخوێندنەوەی باسەکەی‌و ڕاستەوخۆ ئەوەی دەرخست کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە کەلەپووری نەم مەیەستەش چەندەها نموونەی بەبەڵگە هێنایەوە.

هەروەها ڕای‌گەیاند کە کاتی خۆی نووسەر «حسین علی مبارك » بە هەمان زمانی نووسینی کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوەو بەراوورد‌ێکی لەنێوان دوو دەقەکەدا کرد . کە هاتە سەر لایەنی زمانەوانیش ئیستەیەکی لە هەڵەو ناتەوایەکانی لایەنی زمانەوانی خستە ڕوو ، وەکو شتێکی نوێ کاك عمر ابراهیم کە ڕەخنەی لەکتێبەکەی گیرابو هاتە قسەو دانی بە هەندێ لایەن هێناو بەرپەچی هەندێ ڕەخنەشی دایەوە .

● **شێرزادە** ●



لافاوی شاری هەڵچوونم

کۆمەڵە شیعریکی کاك سابیر سەرمەند لەم دواییەدا بەناونیشانی « لافاوی شاری هەڵچوونم » دەرچووە . کە بریتی‌یە لە ٥٨ لاپەڕەی قەوارە مام ناوندی .

ڕەش‌و سپی

لەچاپکراوەکانی ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان‌و لەنووسینی کاك محمد امین پێنجوینی، کۆمەڵی نووسراوی ڕۆشنبیری گشتی بەناونیشانی « ڕەش‌و سپی » دەرچوە ،کە بریتی‌یە لەو نووسراوانەی نووسەر کاتی خۆی هەندێکی بە هەمان ناونیشان لەڕۆژنامەی « هاوکاری »دا بڵاوکردۆتەوە .

سەمفۆنیای وەنەوشە

لە شیعری دلشاد محمد امین دیوانێکی شیعری نوێ بە ناونیشانی سەمفۆنیای وەنەوشە دەرچووە کە بریتی‌یە لە سێ قصیدەی درێژی ساڵەکانی کۆتایی ٧٠و لە ٦٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەدایە .

Institut Kurde de Paris

لە دەرەوەی سنوور

ڕاداری شەمشەمەکوێرە

شەمشەمەکوێرە لەو گیانلەبەرانەیە زۆر شتی ئەفسانەی دەربارەی دەگێڕنەوە . . گیانلەبەرێکە ئەگەر هاتوو لەسەر ڕوومەتی هەرکەسێك نیشتەوە بەئاوێنەیەك زێڕین نەبێت لێی نابێتەوە .. !

زۆر شت دەربارەی ئەم گیانلەبەرەو باڵگرتنەوەی‌شی دەکەنەوە . دوا شتیشیان ئەو بایەخ پێدانەی زانایانی ڕادارە کەبەم گیانلەبەرەی دەدەن بەوەی کەسیستەمی باڵگرتنەوەو هەڵفڕینی لەسەر بەکار هێنانی شەبەکەیەکی ڕاداری تایبەتی دانراوە کەهی حوێیەتی‌و لەسەر ڕووی دەرەوەی گوێی پەرشو بڵاوە .

ڕاداری شەمشەمەکوێرە تاپلەیەکی ئەوتۆ کاریگەرە دەنگانە بکات کە لە دەورو دەنگانە بکات کە لە دە دەورو بەربدان ئەویش پتر لە نیوەی خێرایی کارکردنی ئامێری ڕاداری ئاسایی .

ئەوە بوو زاناکان زۆر جار شەمشەمەکوێرەیان خستە ژێر تاقیکردنەوەوە بۆ ئەوەی لە تواناو هێزی شت جیا کردنەوەی بکۆڵنەوە ئەویش بەهۆی تاقی کردنەوەی ڕاداریەکەی لە نێوان کرمی زیندووو کرمی لە پلاستیك دروست کراودا ، هەروەها توانیان سنووری بۆ ئەم لاو ئەو لا هەڵفڕینی بزانن لە ملیمەترێکەوە تاکوو پێنج پلە !

جیهانی منداڵان

شێعر بۆمنداڵان

منداڵ

نوری حەیران

من منداڵێکی کوردم
تابڵێی ژیرو وردم
پێدەگەم بەبێ ترسی
نەوەی گەلێکی مەردم

× ×

ئامۆژگاریی بیرناکەم
من هیوای ڕێگای چاکەم
گوڵی گەشاوەی جوانی
خاکی ئەم کوردە پاکەم

× × ×

وەك دایکم گۆشی کردم
وەك باوکم فێری کردم
مرۆڤە خۆشەویستم
لەو ڕێگایە گەر مردم
خوێندن هەموو هیوامە
بۆ تاریکی چرامە
سپی بێ،یا ڕەش‌و سوور
منداڵ هەمووی برامە

چیرۆك بۆمنداڵان

سوێسکەو کۆتر

پۆلێك سوێسکە بەکوێرە کانییەك فێر بوو بوون .. کە تینوویان ئەبوو ، ئەچوونە سەر کانییەکەو تیر ئاویان ئەخواردەوە . عەسرانێك چوونە سەرکانییەکەو دەنوکیان گەیانده ئاوەکە .. کاتێکیان زانی چەند دەنکە ساچمەیەك خۆیان بەناو یانا کردو دوو سێیەکی لێ‌خستن .. ئەوانی تریش بەباڵەتەپێ خۆیان ڕزگارکردو باڵیان گرتەوە ، چوونەوە بۆ دارستانەکە ..

سوێسکەیەکیان بەوانی تری وت :

ـ تازە ئەم ڕاوچییە فێری ئەم ناوەبووەو وازمان لێ‌ناهێنێ .. لەم ناوەیشا کانییەکی تر نییە بچینە سەری .. باش وایە ئەم ناوە بەجێ بێڵین .. ئەوانیش وتیان :

بۆ سەر هەر کانییەکی تریش بچین ڕاوچی ئەمان دۆزێتەوە ..

قسەکانی ئەوان نەچوون بەگوێیا ، دای لەشەقەی باڵو لەگوێی چەمێکا-نیشتەوە ئاوی خواردەوە ، بەدەنووك بەربووە چڵەگیایەك ، ئەوەندەی پێنە چوو قەڵە باچکەیەك لەدواوە پری پیاکردو نایە ژێر .. فاچێکی شکان ، ئەویش خۆی ڕاپسکان‌و لەژێر دەستی دەرچوو باڵی گرتەوەو ڕووی کردە دارستانێك پۆلێ کۆتری لێبوو ، کەچاوی بەکۆترەکان کەوت زۆر ئەشایەوەو لەدڵی خۆیەوە وتی : (باشبوو تووشم بوو بە تووشی ئەم کۆترانەوە، ئەمانە هەمیشە خێرو خۆشی باڵندەیان ئەوێ ، هەتا بڵێی دزی خراپەکارین ـ) لەم لایشەوە قەلەباچکەیشی بەروایا هاتو لەو نزیکانە بەسەر بەردێکەوە نیشتەوە.. کۆترەکان دەوریان داو پێیان وت :

ـ بۆچی قاچت شکاوە..؟!

ـ ئەو قەلەباچکەی سەر ئەو بەردە ویستی بم خوات بەوحاڵە لەدەستی ڕزگارم بوو ..

ـ ئێوەی سوێکە بەپۆل ئەگەڕێن چۆنە تۆ بە تەنیایت .

ـ هاوڕێم هەبوو ، لێیان جیابوومەوە ..

ـ چۆن باڵندە هاوڕێی خۆی بەجێ ئەهێڵێ ..؟!

ـ تازە لەدەستم دەرچوو..

ـ ئێمە ئەتپارێزین و کارێکی وا ئەکەین ئەهاوڕێکانت شادبێتەوە ..

ئەویش زۆر پێخۆشحاڵ بوو ..

ڕوویان کردە قەلەباچکەکەو پێیان وت :

ـ بڕۆ بەڕێی خۆتەوە، شەڕ مەفرۆشە ، ئەم دارستانەی ئێمە جێی شەڕنیە .. ئەگەر سەرمان داناوە ناهێڵین لێی نزیك بیتەوە .

ئەویش کە زانی هیچی بۆ ناکرێ بەئائومێدی گەڕایەوە . سوێسکەکە پێشیان کەوت‌و گشت ڕوویان کردە دارستانەکە بە هاوڕێکانی شادبۆوە .. کە چاوبان پێی‌کەوت زۆر سوپاسی کۆترەکانیان کردوو ونیان :

ـ دەمێکە ئێمە ناو بانگی چاکەو خێر خواهی ئێوەمان بیستووە ، بڕیار بێ لەمەولا برای گیانی بەگیانی یەکتر بین ..

ئاریان جاسم

عبدوڵا کریم

لاوچاك ڕەوف

هنان خلیل

هدی خلیل

طالب طه

● **هاوڕێی« جیهانی منداڵان »**

ئارەوزو عبدالرحمن احمد لە سلیمانی گەرەکی ئیسکان ، نامەیەکی جوان‌و کارێکی پیرۆزبایی بۆ ئاردووین‌و هیوای کامەرانی‌بۆ هەموو منداڵە ئازیزەکان دەخوازێ . گەلی سوپاس‌و خۆشەویستی بۆ ئارەزووی بچکۆلانەو هاوڕێیانی «جیهانی‌منداڵان » .

● **هاوڕێیەکی تر کە ناوی « ئاری جندیانی »یە .**

لە قۆناغی ناوەندیش ئازدیی هەولێر ، ، گۆرانیەکی بۆ « چولەکە »ی جوان نووسیوەو ئاردوویەتی تیایدا دەڵی :

چولەکە ، تۆ زۆر جوانی
تەیرێکی بە ئارامی ...
دەنگ خۆشی ...
کامەرانی ...
پەروەردەی سەرداریانی
هاوڕێی گشت منداڵانی..

سوپاس کاکە «ئاری» ڕەختەوەرو سەرکەوتویی .

گەلی ئێمە گەلی پەیامێك وەسەلەیەك وبیر وباوەڕە ... گەلی لووتکەکانە نەك لاپاڵەکان

دەقی تەواوی ووتارەکەی سەروکی فەرماندە صدام حسین لە پارێزگای نەینەوادا

بسم الله الرحمن الرحيم

(ولا تحسبن الذين قتلوا فى سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون ..) صدق الله العظيم .

با بەبەکەوە ، برایان ، بە یەکەوە دەقیقەیەك پرسە بۆ گیانی شەهیدە مەزنەکانی موصل بوەستین ، بۆ شەهیدانی نەتەوەی عەرەب لە هەموو شوێنێو لە پێناوی مەسەلە مەبدەئیەکانو لە پێناوی شەرەفو بیروباوەڕەکانیدا .

ئەی گەلی مەزن : ئەم رۆژە نەمرەدا کە ئێوە ئاهەنگ بەبۆنەی بەهارەوە دەگێڕن ، وەرزی خێرو بەرەکەتو وەرزی بەخشش ، بێگومان کاتێ ئاهەنگ بەبۆنەی رۆژانی سپیەوە دەگێڕین رۆژانی تەم ورۆژانی رەشمان لە بیر بێ کە بەسەر عیراقی خۆشەویستو نەتەوەی عەرەبی مەزنمانا هات .

بەم جۆرە ، لەم رۆژەدا ، ئێمە ئاهەنگ دەگێڕین بە یادی رۆژانی سپی لە سێیەمی شۆڕشە مەزنەکەتاندا شۆڕشی ١٧ی تەموز ، ئێمە ، ئەمڕکی سەرشانی هەموومانە یادی شەهیدانی عەرەبایەتی بکەینەوە ، یادی تێکوشەرە ئازاکان بکەینەوە ، یادی ئازاکان بکەینەوە کە خاوەنی مەسەلەیەك بوون لە هەموو شوێنێکی خاکی نەتەوەی عەرەبداو یادی شەهیدانی پارێزگای نەینەوا بکەینەوە ، ئەوانەی کە بەرگریان لە شەرەفی نەتەوەی عەرەبو خاك و ڕێزی کرد لە تاڵاو ترین رۆژاندا .

ئاهەنگ بە رۆژانی شیرینەوە دەگێڕن

ئێوە لە بیرتانە برایان ، ئەمڕۆ ئێوە ئاهەنگ بە رۆژانی شیرینەوە دەگێڕن ، ئەمڕۆ لە سایەی شۆڕشەکەتانا ئاهەنگ بە رۆژانی شیرینەوە دەگێڕنو لە سایەی حزبەکەتانا،بەڵام لە سالاَم لە ٥٩و٦٠ و٦١ و ٦٢ و ٦٤ داتا تەموزی ٦٨ گەلی عیراقتان لە سالانی تاریکیدا دەژیا لە زوفێکی گراندا کە شعوبیەکان هەوڵیان داو وای بۆ چوبوون لەو کاتەدا کە دەتوانن زیان لە گەلی عیراقی مەزن بدەن ، بەڵام شعوبیەت بە کوێ گەیشت ؟ بە کەلەپوورو کارو تاسیریانەوە کەوتنە دەرەوەی سنوور ، ئەو شعوبیە کۆنانە لە ناو ئێمەدا جێگایان نابێتەوە ، دەوران دێت دەرواو ساڵان دەرواو دەگەڕێنەوە وای بۆ دەچن کە گوایە شعوبیەت دەتوانی ئەوە بکات کە لە ساڵی ٥٩دا نەیانتوانی بیکەن .

وەهمی شعوبیەکان

برایان .. ئەڵێم شعوبیەکان وایان زانی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٥٩دا نەیان توانی جێبەجێی بکەن ، گوایە لە ساڵی ١٩٨٠دا دەتوانن ، بەڵام لە بیریان چوەو ، کە گەلی عیراق لە ١٩٥٩دا شعوبیەکانی راو ناو توشی نوچدانی کردنو لە شۆڕشی ڕەمەزانی مەزنی ساڵی ١٩٦٣دا بەسەریا سەرکەوت ، ئەو گەلە توانای ئەوەیە لە ساڵی ١٩٨٠دا راوی بنێو لە ساڵی ١٩٨٠دا بەسەریا سەر بکەوێ .

کاتێ باسی شعوبیەت دەکەین ، برایان ، باسی ئەفراد ناکەین لەناو کۆمەڵدا کەرفیان لە عەرەبایەتی بێتو قینیان لە عیراق بێ ، بەڵکو باسی دەستەڵاتی هیزە گەورەکان دەکەینو هەوڵەکانی هیزە گەورەکان کە هەموویان هەوڵ دەدەن بۆ زیان دان لە شوڕشو لە وڵاتە مەزنەکەتانو لە کەلەپوورتانو لە بیروباوەڕتان عیراق بگەڕێتەوە بۆ نەهامەتیو مل کەچی ، بەڵام هەیهات ، بە براکانمان وتن لە صویرە لە پارێزگای واسط ، پێمان وتن ، هیزەکانی تاریکی ناتوانن رووی ئێوە بخوێننەوە ، چونکە باش نابینن ، ئیستاش هەمان قسەیان لە پارێزگای نەینەوا پێ دەڵێین ، گەل هەمان گەلە هەمان گەلە ، وەك لە صویرە بم وایە ، وەك لە میسان بم وایە ، هەر وەك لە کەربەلا بم ، هەر وەك لە نەجەف بم ، هەمان سۆز ، هەمان رەسەنی ، هەمان ناخو هەمان سووڕبوون لەسەربنیات نانی دەقەی تەواوکەی سەروکی فەرماندە صدام حسین لە پارێزگای نەینەوادا

عیراقی مەزن بنکەی سەختی نەتەوەی پیرۆزی عەرەب، حەزم ئەکرد شرێنێکی تۆمار کراوی دەنگی جەماوەرو وێنەی جەماوەر لە پارێزگاکانی کەربەلاو نەجەفو میسانو بەسرەو نەینەواو بەغداوە بنێرین بۆ کارتەرو بیگنو بۆ خومەینی تا سەرنج بدەنو ببینو ببیستنو هەڵسەنگێنن ، ئایا دەتوانن لەگەڵ ئەم گەلەدا زۆران بگرن یان نەتوانن ، بەڵام هەندێکیان نە دەخوێننەوەو چاوی بە درۆ دەخاتەوە ، هەندێکیان نە دەخوێنیتەوە نەدەبینێ حومەینی نەدەبینێو نە دەخوێنێتەوە ، نابینێ ، حەرامی کردوە تەلەفزیون ببینێو حەرامی کردوە گوێ لە رادیوی بگرێو حەرامی کردوە رۆژنامە بخوێنرێتەوە ، نازانینن ئیتر چۆن دەتوانی رای خوێ بۆ گەلان پێوانە بکا ؟!

مومیا .. خومەینی

نازانین رای خۆی بەرامبەر شۆڕشەکان چۆن نیشان دەدات ، ناتوانێ گیروگرفتی گەلەکەی خۆی چارەسەرکات چۆن دەتوانی گەلەکەی بەختیار بکات ، گەلانی ئیرانی داماو کە بە درێژایی میژووی لە فەرمانڕەواکانیەوە زۆری لێدەکرێت ، ئاواتەخوازبووین بۆی وەئەویش ئاواتەخواز بوو کە دوای شا رێگای بەختیاری ببینێ ، بەڵام وا دیارە کە هێشتا رێگاکەی درێژە بۆ ئەوەی رێگای بەختیاری بدۆزێتەوە ، وە هێشتا رێگای دوورە بۆ ئەوەی رێگای راستەقینەی خۆی بۆ ژیان بدۆزێتەوە . ئەم مۆمیایە خومەینی بەر لە سێ رۆژ بانگی لە گەلی عیراق دەکرد دەبووت دەمانەوێت گەلی عیراق بجێتە سەربانو ناڕەزایی لە حکومەت دەربڕێت ، چونکە حکومەتەکەی لەونیە ، تەبیعی بە ئەنجام ئێوە دەزانن تەنیا کەسێ لە گەلی عیراق نەچووە سەربان بەڵام ئەوە گومانی تێدا نییە ئێستا لە دڵی خۆیدا وای بۆدەچێت کە هەموو گەلی عیراق لە پارێزگای نەینەواو نەجەفو کەربەلاو بەسراو ئەنبار بە پێی فەرمانەکەی خومەینی چونەتە سەر بان . ئەی برایان نە راستیدا ئێمە ئاواتەخواز بووین کە گەلانی ئیران رێگای راستی ژیان بدۆزنەوە، وە ئەوە دووبات بکاتەوە بە پێچەوانەی وێنە تاریکەکەی پێشووەوە کە لە میژوودا تۆمار کراوە لە پەیوەندی نیوان عەرەبو فارسدا ، ئێستا لە رێگای ئەوەوە هەلی بۆ هەڵکەوتووە .

نموونەیەکی نوێمان دەدەنێ بۆ پەیوەندی نێوان عەرەبو نێوان هەموو ئیرانیکان وە لە نێوان عەرەبو نێوان فارسدا بە شێوەیەکی تایبەتی ، بەڵام بەداخەوە کە خومەینیو تاقمە زۆرداراە خۆسەپێنەکەی بە سەر ملی گەلانی ئیراندا ناشیرینترین نمونەیان نیشاندا کە ئیجگار تاریکە ، ئەوان لەم کارەیاندا زیان لە خۆیان بەو لاوە نە کەسی تر نادەن ، چونکە ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی راستیەوە کار دەکەن وە بە پێچەوانەی بیروباوەڕەوە لە ئەنجامدا لە خۆیان گەلەکانیان زیاتر زیان بە کەس ناگەیەنن .

● ڕەسەنی گەلی عیراق و پەیوەندی بەخاکەوە .

ئەگەر تۆزێك بۆ مێژوو بگەڕێینەوە ئەی برایان وە بەر لە وەی بگەڕێمەوە بۆ چەند نموونەیەکی مێژووی عیراقی مەزن دەڵێم وا دیارە تا وەکو ئێستا نە دۆستەکانمانو نە دوژمنەکانمان بە چاکیو تەواوەتی لە گەلی عیراق ناگەن ، هەتا وەکو ئێستا لە ڕەسەنی گەلی عیراق و پێوەی پەیوەندی بە خاکەوە شارەزانین ، هەتا وەکو ئێستا نازانن کە عیراقیکان هەموویان بە عەرەبو کوردەوە نەتەوەی عەرەبیان خۆش دەوێتو لە پێناویدا خۆیان بە قوربانی دەکەن ، تەنیا نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە : هەروەك بە گەلی عیراقمان وت لە ئاهەنگەکانی بیرەوەری شۆڕشی رەمەزاندا لە هەشتی شوباتدا ، وتمان کە ئیستیعمارو دەستو پێوەندەکانی وە هێزە گەورەکان و داخ لە دڵەکان گەلی عیراق دابەش دەکەن عیراق دەکەن بە چەند دینێکی جۆر بە جۆرو عیراق بە چەند نەتەوەیەکو چەند مەزهەبێکەوە دەژمێرن .

لە بیرتانە وتمان هەر ئەوە ماوە بڵێین کە هەروەها عیراق لە ژنو بیاو پێك هاتووە .. وە وتمان ئەوانە نازانن کە هەموو ئەو عیراقیانە ئەو خاڵە ناوەندییەن کە نوقتەیەکی تری پێش ناکەوێت . وەیا سا بڵێین نوقتەیەکی مەرکەزی هەیە هەموویان هاوبەشی تێدا دەکەنو بە تەنگیەوە دێن و ئەوە نابینن کە لە نێوان ئەوو هەموو نوقتەکانی تردا جیابوونەوە یا پێچەوانەیی هەیە .. ئەوانەن عیراقیکان وە ئەوانە هەموویان سەر بەنەرێتەکانی نەتەوەی عەرەبو کەلەپوریو مێژووی و سەرفرازییو شەرەفین .. وە چاوەڕوان بۆ ئەوەی بەشەرەفانە دەوری خۆیان وەربگرن لە خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەبیدا .. وە نموونەیەکتان لە مێژووی نوێ بۆ دەهێنینەوە ئەی گەلی مەزن .. خوا یار بێ دووچاری تاڵی نایت مادام لوتتان هەوا هەڵدەمژێت ..

ئەی عیراقیە سەرفرازەکان بە ئێوەوە ئێوەوە زۆران لە گەڵ چیادا دەگرین .

ئەی عیراقیە سەرفرازەکان ئێمە بە ئێوەوە زۆران لە گەڵ چیادا دەگرین نەك بەشەری لاواز . . لاواز .. لاواز لە بەلگەیدا وە لە بیروباوەڕیدا وە لەڕوشتیدا وە لە بەهایدا .. دەگەڕێمەوە بۆ نموونەیەك لە مێژووی نوێ ئەی برایان دوای سەربەخۆیی نیشتمانی دوای سەربەخۆیی لە دەسەڵاتی ئینگلیز تەبیعی لە دێر زەمانەوە «نۆرەیان دەگرت » لە سەر عیراق بە دەسەڵاتو بە داگیرکردن یان تورکەکان وە یان فارسەکان ، وە کاتێك سەربەخۆیی لە ئینگلیز وەرگیرا ، تورکەکان یەکێکیان پاڵاوت وە فارسەکانیش یەکێکیان بۆ بوونە مەلیکی عیراق پاڵاوت ، دانیشتوانی فوراتی ناوەراست هاتن ، وە پێویستە ئەمەی دانیشتوانی فوراتی ناوەراستان لە یاد نەچێت ، دانیشتوانی فوراتی ناوەڕاست هاتن .. وتیان میرێکی عەرەبمان دەوێت ، ئەوان بە وبسنی بەهێزی خۆیان فەرزیان کرد ، هەموو گەلی عیراقیان لە گەڵ بوو ، فیصل ی یەکەم کە یەکەم عەرەب بوو کردیان بە مەلیکی عیراق .. ئەوەیان فەرز کرد ، ئەم وشە بەلاداخەرەیان ووت وەك قسەو دڵی عەرەبی لە نێوان قسەی فارسو لە نێوان قسەی تورکدا بۆ ئەوەی بە دڵێکی زیندووەوە پەیوەندیو سڵەی گیانی بە گیانی قوڵیان بە خاکی نیشتمانی عەرەبو بە مێژووی سەرفرازی عەرەبەوە دووپات بکەنەوە .

● شایەکی عەمامە لە سەر

دوای ئەمانە هەموو وەدەشێت کە خومەینی ئەوەی نەخوێندبێتەوە داوا لە گەلی عیراق دەکات کە گەلی فوراتی ناوەڕاست لە وانە ، کە بچنە سەربانان بۆ ئەوەی ناڕەزایی بەرامبەر حکومەتەکەتان نیشان بدەن ، ئێمە وتمان مەزەندەم وایە ئێوەش هەروەها وتتان لە وانەیە شا ڕۆیشتبێتو بەکێکیتر هاتبێ .. « هەمان شا دەرچوو بەڵام ئەمجارە عەمامەی لە سەر ناوە .. » هەندێ لە برایانی عەرەب وە یا وردتر بین هەندێ کاربەدەستانی عەرەب بە ئێمە دەڵێن کەمێك لە گەڵ جەماعەتا لە سەرخۆ بن واتە لە سەرخۆ بن بە مانای ئەوەی وازیان لێبهێنن با پێ بنێن بە سەر سنگو ملتاندا ، وە لە وانەیە دەهێڵن کە ڕێگایان بدەین پێبنێن بە سەر دەمو چاوماندا .. پێیان دەڵێین کە ڕژێمینوێ ئیران .. و یاراستتر رژێمی رەگەزپەرستی دواکەوتووی .. نوێ دەیەوێت هەڵسوکەوتێکی خراپ بنرێنێ .. قەیدی ناکات ماوەیان بدەنێ چونکا ئەوان بە جۆرێك کار دەکەن کە سوودی بۆ نەتەوەی عەرەب هەیە .. لێیان دەپرسین بە چی سوودیان بۆ نەتەوەی عەرەب هەیە.. وەڵام دەدەنەوە بە قسە چونکە .. ئەوان دەڵێن ئێمە لە گەڵ مەسەلەی فەلەستینداین .. چاکە ئەم قسەیە بەرەو ئیرانێکان دەکەینەوە .. هەموو ئیرانێکانی گەل نەك ئیرانیە فەرمانڕەواکان ، چوونکە ئێمە دەستمان لێ شوشتوون ، .. ئیرانێکانی گەل ئەم قسەیەیان بەرەو ڕوو دەکەینەوە کە چیان پێشکەشی مەسەلەی فەلەستین کردووە ؟ چیان لە پێناویدا کردووە ؟ ئایا بەلەستین خاکێکی عەرەب نەبوو .. فەلەستین خاکی عەرەبەو خاکێکە بێگانە زەوتی کر دووە ، ئەو بێگانەیە جا ئەگەر جولەکە بێت وە یا غەیری جولەکە بێت ئەو بێگانەیەو خاکی فەلەستینی زەوت کردووە ، چاکە ، ئەگەر ئەوانە لە پێناوی مەسەلەی فەلەستیندا لە گەڵ ئێمەن ، پێویستە لە سەریان بە نوێنەری خاکی عەرەبی بڵێن کە ساڵی ٧١ داگیریان کردووە پێویستە بدرێتەوە بە عەرەب ئەگەر بەڕاستی لە گەڵ مەسەلەی فەلەستیندان .

بە چ شتێ لایەنگیری فەلەستین دەکەن ؟

جارێك لە فەلەستینێکانم پرسیار کرد .. پرسیارم لە هەندێ سەرکردایەتی شۆڕشی فەلەستین کرد ، پێم وتن ! ئایا هیچیان بۆ کردوون کە نەزانین؟ ئایا چەکتان دەدەنێ ، ئایا پارەتان دەدەنێ ؟ وتیان بە خوا نە تومەنێك و نەگوللەیەکو نە تفەنگێکمان لێ وەربەگرتوون » کەواتە ئەوان بە چ شتێ لایەنگیری مەسەلەی فەلەستین دەکەن .. یەعنی وتیان ئێمە پەیوەندیمان لە گەڵ زایۆنیدا بڕیوە چونکە شا پەیوەندی قونسوڵی لە گەڵ زایۆنیدا هەبووە ، ئایا هەر ئەوان پەیوەندیان لە گەڵ زایۆنیدا بڕیوە ؟ ئایا ئەفریقای ڕەش هەمووی پەیوەندی دەگەڵ زایونیدا نەبڕیوەو نیوەیان مەسیحیو مسوڵمان نین وە هەندێکی تریان دیانەتیان نییە ؟ وە ئایا دەوڵەتێکی ئیسلامی

Institut Kurde de Paris



کاتێ لە یەك کەوتن ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت بە هەموو شێوەکانی یەدوە خۆمانی تێ دەهاوێین

هەیە کە پەیوەندی لە پلەی بالوێزخانەدا لە گەل قەوارەی زایۆنیدا هەبێ ؟ تەنیا دوو دەولەت نەبێ بەرادەیەکی بنەرەتی ، پەیوەندی قونسولی لە گەل تورکیا ، وە لە گەل ئیراندا هەبوو .. کەواتە ئەوەی هەبوو شتێکی ئاسایی نەبوو .. ڕاست کردنەوەی شتێکی نائاسایی دەبێت بیکەن بە نازێکی گەورە بە سەرماندا ، وە پێویستە دوای ئەوە ملمان بکەین بە پرد بۆیان بۆ ئەوەی بەئامانجە ناشەریفەکانیان بگەن . ئامانجەکانی دوژمنایەتیان دژی نەتەوەی عەرەب ئایا ئەمە دەشێت ؟

قسە بێ سەرو بنەکانی بنی صدر

بەر لە ماوەیەك بنی صدر ووتارێکی توندو تیژو بە هێزی خوێندەوە دەبێت لێی بترسن و بەشەو نەنوون !! ووتی بۆ ئەوەی بەهێزی و سەرەڕۆیی خۆی بنوێنێت .. ووتی صدام حسین ناوبژی کەرمان بۆ دەنێرێت و ئێمە قایل نابین .. یەکەمین شت بۆ ئەوەی بەپەندی توندو تۆڵ، بیانگرین نەك بەپەندی شل وخاو ، بە بنی صدر دەڵێم و ، بە ئەوانیش دەڵێم .. بە گەلانی ئێران لە خاکی ئێراندا ، شتێکی خراپ نی یە ئەگەر ئێمە لە خراپەکردن لەگەل گەلانی ئێراندا خۆمان لا بدەین ، شتێکی خراپ نی یە خۆمان لە پێکدا هەڵبژان لەگەل ئێراندا لابدەین ، ئەگەر پێکدا هەڵبژانەکە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی نەبێت ، . کاتێکیش پێکدا هەڵبژانەکە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەبێت ئەوا بە هەموو جۆرێکیەوە بەشداری دەکەین .. بێجگە ئێمە کێ داکۆکی لە سەربلندی نەتەوەی عەرەب و لە سەربلندی عیراق و لە نەبەردی عیراق دەکات ؟ . ئەم بنی صدرە هەژارە نازانێت نیوەی باوباپیرانمان بەسەربشتی ئەسپەوە مردن ، برایان ئەوەمان، بەسە کاتێك پەنا بۆ مێژووی پرشنگدارمان دەبەین دەبینین هەر دەرسێکی تێدا وا لە هەموو یەکێك دەکات لە عیراقداو لە عەرەبدا ببێتە پاڵەوانێکی نەتەوەیی بۆ دەیەها ساڵ بەبێ جارسی و وورە بەردان بۆ داکۆکی کردنی سەربلندی و ماف بجەنگێت ، لەگەل ئەوەشدا بە بنی صدرو ئەلقە لە گوێ و دەست و پێوەندەکانی دەڵێین : ئێمە هیچ ناوبژی کەرێکمان بۆ نەناردووە ، نە عەرەب نە بێگانە ؛ ئێمە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێمان ووتن .. لە سەر داواکردنی خۆی وەزیری دەرەوەی پێشوویان لە هاڤانا چاوی پێم کەوت و ووتی : ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیمان لەگەڵتاندا ئاسایی بێت ، پێم گوت : ئێمەیش دەمانەوێت پەیوەندیمان لەگەڵتاندا ئاسایی بێت .. ووتی کەواتە بناغەکانی پەیوەندی ئاسایی چین ؟ .. ووتم ئێوە بەبێ تاوان و بەبێ هیچ هۆیەك خراپەتان دەربارە کردین ، دەستتان کرد بە جنێو پێدانمان .. دەستتان بە هاندان کردو لە لاتان وابوو کوڵە بنە دەستیان بە هاندانتان کردو بەسەر بستە باڵا دەستیان بە هاندانتان کردو بەسەر خراپەتاندا دەبەن .. بەداخەوە هەندێکیان زێدنامەی هاوولاتی هەندێك وولاتی عەرەبیان پێیە .

پێم ووت کە وانە سەرەتا ئێوە خراپەتان بەرانبەر کردین ، دەبێت واز لەم کردارەبێنن . ووتی ئیتر چی ، پێم ووت : هەر سێ دوورگە عەرەبیەکان طنبی گەورەو طنبی بچووك و ابو موسی خاکی عەرەبن دەبێت بیدەنەوە دەستی خاوەنەکانیان .. ووتی ئیتر : پێم ووت . . لە دۆخێکی تایبەتدا ساڵی ٧٥ ڕێککەوتنێك لە نێوان ئێمەو ئێوەدا کرا بەبێ هیچ هەقێك بەشێکی شط العرب تان برد ، دەبێت جارێکی تر بدرێتەوە بە عیراق ، پێشم ووت : خاڵەکەی تر دەبێت مامەڵەکردنتان لەگەل گەلانی ئێراندا مامەڵەکردنێکی باش بێت ؛ ئەمەیش ئامۆژگاری ی ئێمەیەو ئاراستەی ئێوەی دەکەین ، دەبێت هەڵس و کەوتی باش لەگەل گەلەکانتاندا بکەن ، کە مامەڵەیەکی باش لەگەل گەلەکانتاندا دەبێت چاوتان لە مافە نەتەوەیی یەکانیان بێت و دەبێت ئەوەتان لە باد بێت ئەوانەی لە عەرەبستاندا دەژین عەرەبن .. خوێنی ئێمە نابێت ببێت بە (دۆ) خوێنی ئێمە خوێنی عەرەبە .

پیاوی ئایینی یەو .. درۆیش دەکات !!

ئەی برایان ئەمەیە شتێکی سروشتی یە دەزانن وەڵامدانەوەیان چی یە .. وەڵامدانەوە بە هەموو بی ئابڕوویی و بەبێ شەرەف .. ئەو مامۆستایانە یان لە قوتابخانەکەیاندا کە لێرەن لامان ، کاتێك خۆیشاندانەکە بەوێدا تێپەڕی تەرمێکیان بەڕێ دەکرد ، ئەوانە لە کوێ و ئیسلام لە کوێ ؟ .. تەرمێکیان پێبوو بەنارنجۆك تێی بەربوون و منداڵ و منداڵ و ئافرەتان و پیرەمێردان و پەککەوتەیان کوشت و بربندار کرد ، وا دەزانن بەم نارنجۆکە بچووکانە کە منداڵان یاریان پێ دەکەن ، وا دەزانن دەتوانن خواستی گەلی عیراق بچەوتێننەوەوە، لەوەی نیازیەتی و ، لە ئامانجەکانی و ، لە سەربەرزی و لە کەلەپووری و لە مێژووی دەگێڕنە دواوە ، ئەمە بۆچوونی ئەوانەیە کە دەڵێن ئێمە پیاوی ئایینین ، ئاشکرایە هەموو شتێکیان لە دەست داوە ، هەموو شتێك لە نەریتی ئایین لەهەموو شتێکەوە لەوانەوە دوورە ، دوا شت ئەوەیە کە لە جیهاندا زانراوە پیاوی ئایینی ڕاستگۆیەو درۆ ناکات . بە چاوپۆشین لە هەموو شتێك لە بیرکردنەوەیدا ، لە دوایدا ئەوانە خۆیان پیاوی ئایینین دەڵێن عیراق سوپای میسری ی هێناوە جەنگی پێ بکات ، تو خواتان لەگەل ڕیزماندا بۆ سوپای میسریمان ئێمە پێویستیمان پێیە ، ئایا ئێمە پێویستیمان بە یەکێکی ترە لە جیاتیمان بجەنگێت ..

جێگاکەتان لوتکەکانە

برایان.. ئەگەر بێت و مێژووی عیراق بخوێنن.. کاتێکیش کە مێژووەکەی دەخوێنن .. دەبینن یان دەدرەوشێتەوە .. یانیش لەژێر سمی ولاغدا پێشێل کراوە .. ئەگەر بۆ مێژووەکەی بگەڕێینەوە هەمیشە دەبینین لەشارستانیەتدا یان لە دەوری مێژوودا یان لەچوارچێوەی نەتەوەی عەرەبدا شوێنێکی جیاوازی هەبووە یانیش لەژێر زولم و زۆرداری دا پێشێل کراوە ، چونکە عیراق خاسیەتەکانی گەلی تێدایە . . ئەو گەلە هەمان گڵە بۆ هەرکوێ دەچی دەبینی گەلی پەیام و گەلی خاوەن مەسەلەو گەلی بیروباوەڕو گەلێکی خەباتکەرو گەلێکی موجاهیدە بۆ بەرگری کردن لەحەق .. گەلی لوتکەیە نەك گەلی دامێن و گەلی دۆڵەکان .

لەبەر ئەوە دەڵێین برایان مادەمەکی بەسەر چیادا سەرکەوتن دەبێ لە ڕۆیشتنتان بەردەوام بن هەتا دەگەنە لوتکە .. لوتکەیش ئەوەیە کە خزمەتی نەتەوەی عەرەب بکەن و ، لەهەموو شوێنێکدا بە عەرەبەکان ڕابگەیەنن کە هەرێکێك لەوان دژی بێگانە جەنگ بکات بۆ بەرگری کردن لە شەرەفی و بیروباوەڕو خوو ڕەوشتەکانی لە ناو سوپای عیراقدا پشتگیری یەکی بەهێزی هەیەو ، لە هەموو جێگایەکدا بە نەتەوەی عەرەب بڵێن ئەوەی بیەوە خۆی لەهەلخلیسکان و لەبێگانە بپارێزێ هەتا ئێستا لەخاکی عیراق و گەلی عیراق و سامانی عیراقدا بەشی هەیە .

برایان دوای شۆڕشی مەزنی ١٧ی تەمووز خوێنتان بۆ بەرگری کردن لەوڵاتی شام و ئافرەتانی دیمەشق لەخاکی جۆلاندا ڕژاوەو ... تا ئێستاش خوێنتان لە ئەردەن و لە لوبنان و لەسینای ئازیزدا هەر ڕژاوەو ئاواتە خوازین خوێنە پاکەکانتان بۆ بەرگری کردن لە نەتەوەو شەرەف و بیروباوەڕو بۆ هەموو زەرەیەك لە خۆلی خاکی نیشتمانی گەورەی عەرەبدا بڕژێ .

بەراستی ئالەو کاتەدا لە لوتکەدا دەبن و .. وابزانم ئەم شەرەفە مەزنەیە لە دەست نادەن .. ئەدی وانی یە .. بەڵێ برایان شەرەفێکی مەزنە ، شەرەفێکی مەزنە کە هاوولاتی مەزنی عیراق بانگ هەڵدێری و لەڕووی هێزی تاریك و هێزە گەورەکاندا هاوار بکات و بڵێ . . دەبێ خاکی نیشتمانی عەرەب یەك خاك بێت و گەلی عەرەب یەك نەتەوە بێت و دەبێ لەسەر ئەو بیروباوەڕە بێت کە نەتەوەی عەرەب یەك بخات و نەك لەسەر ئەو ڕێگایە بێت کە بەش بەش بکرێ و هەربەشێکی بکەوێتە بەر ئەو دەوڵەتە یاخود ئەری تر کە چاوی تێبڕیوە .

بیروباوەڕ پێویستی بە خۆ بەخت کردن هەیە

برایان ئەو بیروباوەڕانە پێویستی بە خۆبەخت کردن هەیەو ئێوە ئەوە دەزانن .. ئایا لەخۆبەخت کردندا ماندوو دەبن .. دەتان ناسین کە لە خۆبەخت کردندا ماندوو نابن .. بیروباوەڕەکانی ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە (٨) شوباتدا ڕاگەیەندرا جەوهەرەکەی ئەو بیروباوەڕانەیە کە ئیمڕۆ لێوەی دەدوێین .. بەڵام بەداخەوە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا توانی قەناعەت بە صومالی کان بێنی و بەپێچەوانەی ئەو بیروباوەڕانە بنکەی سوپایی چنگ بخاتوە ، زۆر جێگای داخیشە کە ئێستا هەندێ لە حاکمە عەرەبەکان هەوڵی یاریکردن و تاکتیك کردن دەدەن .. تاکتیکیان خۆشی دەوێ و هەوڵی تاکتیك کردن دەدەن تاوەکو دەورەی ڕاگەیاندن و بیروباوەڕەکانی ڕاگەیاندن بدەن بەڵام ڕاگەیاندن و بیروباوەڕەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کاغەزدا نەنووسراوە بەڕاگەیاندنەکە بە خوێنمان و ناو دڵمانەوە نووسراوە .. لە وێژدانی هەموو عەرەبێکی ئازاد هەموو ئافرەتێکی ئازادا لە نیشتمانی عەرەب کە سەر بەرزی شەرەف و کەرامەت دەوێ بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕەکانەوە نووسراوەو ئالاکە هەر دەشەکێتەوە. برایان خوا یاریێ ئالاکەتان لەپێناوی کامەرانی عیراقی یەکان و سەر بەرزی و شەرەف و سەرفەرازی و دوارۆژیان لە پێناوی بەرگری کردن لەشەرەفی نەتەوەی عەرەب و کەرامەتی و سەربەرزی و ئازادی و کامەرانی یەکەیدا هەر دە شەکێتەوە . برایان ئێوە بەپیاوو ئافرەتەوە دەبنە شمشێرو بەرگری لە بیروباوەڕانەوە دەکەن و .. هەموو زەرەیەك لە خۆلی خاکی عیراقدا دەمێنێتو ... هەروەهاش دەشت و دۆڵ و گردو شاخ و ڕووبارو ئەهوارەکانی دەمێنێت و بەشەرەفەوە شمشێرەکانیان . ڕادەکێشن بۆ بەرگری کردن لە کەرامەتی عیراقی یەکان و کەرامەتی نەتەوەی عەرەبدا .

برایان داوا دەکەم سلاومان سلاوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سلاوی سەرکردایەتی حزبەکەتان ئەی عیراقی یەکان بۆ هەموو ماڵێك و کێڵگەیەك و کارگەیەك و قوتابخانەیەك .. بۆ ئەو منداڵە بچووکەیە کە گۆرانی شۆڕش و کەرامەت و شەرەف دەڵێ بۆ ئافرەتە نەجیبەکانی عیراق بە هەمووبانەوە ڕابگەیەنن و هیوای سەربەرزی و شەرەف و کەرامەت و کامەرانیتان دەخوازم .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته .

بەزەیی بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و خوێنیش دەڕێژن

ئاشکرایە قسەکەی ئەم دوایی یەی بنی صدر بۆ ئەوە بوو بەزیی عیراقی یەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بنی صدر پێتان دەڵێت من (سەید)م ، باشترە بەیانی کارتر نایەت و ناڵێت من سەیدم .. لەوانەیە دیسان یەکێکی تر بڵێت من سەیدم ، ئەگەر بنی صدر سەیدە بۆ بەزەیی بە برا عەرەبەکانیدا نایەتەوە ؟ ، ئەگەر ئەو سەیدە بۆچی بەزەیی بەبرا عەرەبە موسوڵمانە شیمەکاندا نایەتەوە لە عەرەبستان ؟ هەموو ڕۆژێك بە نارنجۆك تێیان بەردبێت و هەموو ڕۆژێك خوێنیان لە عەرەبستاندا دەکەوێتە ڕێ . ئەم کینە لە سکەی دژ بە عەرەبایەتی و کینە لە سکەی دژ بە ئیسلام . چونکە ئیسلام ئالاکانی عەرەب هەڵیان گرت و شمشێرەکانی عەرەب داکۆکی یان لێ کرد تا گەیشتە دوورترین خاك لە سەر زەوی لەوانەیشە خاکەکەی بنی صدر کە ئێستا لە سەری دانیشتووە .

جارێکی تر دەیەوێت بە یادی عەرەبدا بهێنێتەوە دەیەوێت پێیان بڵێت من بنی صدرم و دەستو پەیوەندەکەیشم دیسان لەو کەسانەن کە دەبێت دەسیسە بۆ عەرەب بنێمەوە ئێمە ئاواتەخوازین گەلانی ئێران یەکێکی تری جگە بنی صدر بۆ خۆیان بدۆزنەوە لە پەیوەندی یەکانیان لەگەل عەرەبدا ئابڕو وبان سپی بکات ، هەروەها لە پەیوەندی یەکانیاندا لەگەل موسوڵمانەکانداو ، یەکێکی تری جگە ئەم بۆگەنە خومەینی بدۆزنەوە ، یەکێکی تر بدۆزنەوە . . ئەگەر گەلانی ئێران کەسانێکیان بینی بە شەرەف و سەربەرزی و بە هاریکاری یان بە هاوسایەتیەکی باش لەگەل عەرەبدا دەژین بێ پێکدا هەڵپژان و بێ دوو ڕوویی و بێ خراپە کاری دژ بە عەرەب ئەوا گەلانی ئێران دەبینن ئێمە ببینە یارمەتیدەریان لە ژیاندا ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر دوژمنێك لە ژیاندا دەبێتە تووشیانەوە .

دەبینە شمشێرێك ئاگای نەوین و ملکەچی نەزانێت

ئەی برایان .. ئەی گەلی مەزن

جارێکی تر بۆ عیراق نووسرایەوە دەوری عەرەبی ی سەرکردایەتی کردن لەسەر ڕێگای خزمەتکردنی بە شەرەفدا ببینێت ، جارێکی تر بۆ عیراق نووسرایەوە خزمەتی نەتەوەی عەرەب بکات لە پێناوی پاراستنی شکۆمەندی و سەربلندی و دەستەڵاتی سەر خاکەکەی ، جارێکی تریش بۆی نووسرا دژی هێزی تاریکی تێبکۆشێت کە لە دەوڵەتە گەورەکان و هەندێك دەوڵەتی مام ناوەندی و هەندێك دەوڵەتی بچووکی وەك ئێمەو لە ئێمە گەورەتر وەك دەوڵەتەکەی خۆمەینی پێك هاتوون .

بەڵام جارێکی تر پێیان دەڵێین وا دەزانن ئەم نارنجۆکە بچووکانەی کە منداڵان یاریان پێ دەکەن.. ڕووداوێکتان بۆ دەگێڕمەوە یەکێك لە لاوە بچووکەکانی خوێندنی ناوەندی .. باوکی هات بۆ لامو پێی ووتم ئەمە کوڕەکەمە قسەی بە لێپرسراوەکەی وتووەو ، لەگەل لێپرسراوی حزبی ی خۆیدا شەڕی کردووە ، ئاشکرایە شتی وایش نابێت و ناکرێت لێپرسراوی حزبی لێی عاجزەو تۆراوە ، بۆچی لەگەل لێپرسراوی حزبی یدا تێکچووە ، پێی دەڵێت ئەگەر تۆ بتخستمایەتە پێشەوەی خۆپیشاندانەکە منیش پریشکی نارنجۆکێکم پێ دەگەیشت ، تۆمنت خستبووە پاشی خۆپیشاندانەکەو هیچ شتێکم پێ ڕانەگەیشت .

لەوانەیە ئەم دەوڵەتە مەزنانەی کە ئێستا دووانەکانیان دەبیستین و لە ناوچەکەدا ئەلقە لە گوێکانیان دەبزوێنن ، وا بیر بکەنەوە ئێمە لێیان بترسین پێیان دەڵێین ئێمە هەر خۆمانین خۆمانین دەزووی (تەختە) دەهێنین دەزوویەکی بچووك لەسەر ڕێگای ماف و ڕێگای دۆستایەتی و ڕێگای ئاکارو دەبینە شمشێرێك دژی ستەمکاران و لە پێناوی ماف دا کە هیچ ئاگای نەوین و ملکەچی نەزانێت .

Institut Kurde de Paris

ڕێگا بە هیچ بێگانەیەك نادەین کە خاکی ئەم نیشتمانە پاکە پیس بکات

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین
لە سەردانەکەی بۆ لەردوو
پارێزگای «مثنی» و «قادسیە» دا



دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەرێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الجمهوریە
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکار

التعاون

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● دووشەممە ٢٨ی نیسان ١٩٨٠ ژمارە ٥٢٣ ●

● الاثنين ٢٨ نيسان ١٩٨٠ العدد ٥٢٣ ●

جێگای بێگانە لەسەر خاکی ئێمە نابێتەوە وەك میوان نەبێ و جێگای داگیرکردنی خاکمان و جێگای گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ سەر خاکمان نابێتەوە ..

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

ئەرکی سەرشانتان تەنیا بنیاتنانی عیراقی خۆشەویست و پاراستنی سەربەخۆیی و سەربەستی یەکەی نیە .. بەڵکوو ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە کە سوارچاك بن و خاکی عەرەب لە هەموو شوێنێك بپارێزن .. ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە خۆتان ئامادە بکەن کە خاکی فەلەستین لە چەپەڵی زایۆنیزم پاك بکەنەوە

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین دووپاتی کردەوە کە بێگانە لەسەر خاکی عیراق جێگای نابێتەوە وەك میوان نەبێ و جێگای زەوت کردنی خاکی ئێمە نی یەو جارێکی تر کۆلۆنیالیزم ناگەڕێتەوە بۆ سەر خاکی ئێمە .

سەرۆکی بەریز وتی :

لەوانەیە بێگانەو کۆلۆنیالیزم خەون بەوەوە ببینن کە جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی سەر بە گەل شۆڕ بکەن ، هەر وەك جاران لە ڕێگای تاقمێکی کەمی خەڵکی سود پێ گەیشتووەوە لەم وڵاتەداو کە سودو قازانجیان بە سودو قازانجی جەماوەرەوە بەسترا بوو خۆشیان نۆکەر بوون .. بەڵام جارێکی تر بەڵە ڕەشەکان ناتوانن بەری خۆری عراق بگرن .

ئەی گەلی مەزن لە «رمیثە»ی مەزن وەك دوێنێ لە میهرەجانی هەڵبەستی شاعیرە میللی یەکاندا وتم دەبوو زووتر بێم و دەبوو پێش ئەم کاتە سەرتان لێ بدەم .... هاتین بۆ بینینی (رمیثە)و خەڵك و خاکەکەی ..

براینە ڕۆڵەکانی (رمیثە)ی خۆشەویست پێش ئەم کاتە لاری مثنی بن حارث الشیبانی بوون و دوای ئەو ڕۆڵەی شۆڕشی بیست و درای ئەویش ڕۆڵەی شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ و دوای ئەو ڕۆڵەی شۆڕشی ڕەمەزانی ١٩٦٣ و دوای ئەو ڕۆڵەی شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بوون .

ڕەسەنێتی خاك

براینە ڕۆڵەکانی پارێزگای « المثنی » .. براینە ڕۆڵەکانی رمیثە هاتین بۆ ئەوەی بتان بینین و خاکەکەتان ببینین و لە خاك بپرسین .. پێی دەڵێین .... ئایا ئەسپەکەی (مثنی)ت لە بیر چووە ... دەربارەی مثنی، لەشکرەکەی لە خاکمان پرسی و دەربارەی پاڵەوانێتی خەڵکەکەی دژی نینگلیز لە خاکمان پرسی و ڕووەکەیمان بینی هەمان ڕووە نەگۆڕاوە ، ئەوەی گۆڕاوە هەندێ وێنەیەتی ئەویش بە هۆی پرۆژەکانی شۆڕشەوە بەڵام ڕەسەنێتی یەکەی هەمان ڕەسەنێتی یەو گەلەکەی ئەم گەلەیەو جل و بەرگەکەی لە جاران جوانترە .. بەڵام ئەو هەمان گەلەو هەمان ڕووەو هەمان ڕەسەنێتی یەکە مێژووی دێرینی عەرەبی ئیسلامیمانی گرتە ئەستۆو کە ڕەسەنێتی باو پیرە گەورەکانمانی گرتە ئەستۆ کە بە خوێنی گەشیان خاکی هەموو (رمیثەو مثنی)یان گوڵاو پژێن کرد ، هەر وەك خاکی قادسیەیان گوڵاو پژین کرد .

خاکەکە بە خەڵکی خۆی نەبێ قایل نابێ

براینە لە ڕێگای هاتنماندا بۆ لاتان لە خاکەکەمان پرسی: هێ خاکی - مثنی - و هێ خاکی - رمیثە - رازی دەبی کە ئارسەکان ئەمڕۆ بەسمی ئەسپەکانیان بت شێلن ... خاکەکە وەك خەڵکەکەی وەڵامیان دایەوە ، وەڵامی دایەوە کە بێگانە ڕەفز دەکات و لە هەر جێگایەك بێ و خاك بە خەڵکەکەی خۆی نەبێ قایل نابێ و لەو خەڵکە بەوڵاوە کە تێیدا ژیاون و لە پێناویدا قوربانی یان داوە رازی نابێ . براینە .. بۆیە خومەینی قورسایەك نی یە لەسەر شۆڕش و ئەرکێکی سەرەکی شۆڕش نی یە ، چونکە ئەو لەوە بچوکترە کە ئەرکی سەرەکی شۆڕش بێ .. گەلی نێران بە گشتی و گەلە مەزنەکەتان لە عەرەبستان چەندین دەرسی دادەدەن ، خۆ ئەگەر پتر لە سنوری خۆی تێپەڕێ ئەوا گەلی عیراقیش چەندین دەرسی دادەدا .

ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە سوارچاك و پارێزەری خاکەکەبن

براینە ، ئێستا ، هەر وەك پتر لە بۆنەیەکدا وتمان، ئەرکی سەرشانتان تەنیا بنیاتنانی عیراقی خۆشەویست و پاراستنی سەربەخۆیی و سەربەستی یەکەی نی یە ... ئەرکی سەر شانتان ئەوەیە کە سوار چاك و پارێزەری خاکی عەرەب بن لە هەموو جێگایەك کە پێویستی پێتان بێت .. ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی خاکی فەلەستین لە چەپەڵی زایۆنیزم پاك بکەنەوە .. ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە ئەو ڕۆڵەتان لەبیر نەچێ کە ئەر پەیامە پێرۆی سپاردوون کە بۆ خزمەتی نەتەوەی عەرەب و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هەڵتان گرتووەو هەر کات و شوێنێك پێویستی پێتان بێت و ئێمە لە لای خۆمانەوە دووپاتی دەکەینەوەو پتر دووپاتی دەکەینەوە کە پەنا بەخوا ڕێگای بێگانە نادەین کە بە پێی ئەم خاکە پاکە پیس بکات جا ئەو بێگانەیە ئەمەریکایی بێت یاخود ئینگلیزی یاخود فەرەنسایی یان هوڵەندەیی یان سۆڤێتی یان ئیرانی فارسی بێ .

جێگای بێگانە نابێتەوە

جێگای بێگانە لەسەر خاکی ئێمە نابێتەوە وەك میوان نەبێ و جێگای داگیرکردنی خاکمان و جێگای گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ سەر خاکمان نابێتەوە .. لەوانەیە ئیمپریالیزم خەون ببینێ کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرتان پێ دابنەوێنێ هەر وەك لە ڕێگای هەندی خەڵکی هەڵپەرستەوە لەم وڵاتەدا کردیان و کە سودو قازانجیان بە سودو قازانجیەوە بەسترا بوو تێیدا نۆکەر بوون بەڵام جارێکی تر پەڵە ڕەشەکان ناتوانن بەری خۆری عراق بگرن ، ئەوی بە ویستی خۆی واز نەهێنێ بە شمشێر وازی پێ دەهێنین .. ئەو خاکەی مثنی و قعقاع و مژووی سعد بن ابی وقاص و مژووی خالد بن ولیدو نبوخذ نصرو مێژووی سرجونی دووەم و شلیمنصرو مێژووی حامورابی و صلاح الدین و هارون الرشیدی تێدایە ئەم خاکە ئەوی وازی لێ نەهێنێ بە شمشێر وازی پێ لێ دەهێنین .

شانازیتان پێوە دەکەین

خومەینی چۆن دەگاتە ئێرەو ئێوە لێرەدا پیاون ... خومەینی دەڵێ : سوپایەکی ٢٠ ملیۆنی دادەمەزرێنم و ئەگەر ئەم سوپایە بڕوا ئەو دەڕوا تا دەگاتە خاکی رافیدەین تا دەگاتە دیجلەو نورات .. ئایا لە بیست ملیۆن دەترسن . ئێمە ئاڵێین لەشکرێکی بیست ملیۆنی دادەمەزرێنین بەڵکو دەڵێین ئێمە بەم گەلەو بەم سوپایە مەزنە دەتوانین بیست ملیون لە ئەوانە بەزێنین کە خومەینی و غەیری خومەینی دژی گەلەکەمان و دژی سوپاکەمان دایدەمەزرێنێ . بە سایەی خەڵکی رمیثەو رارنجیەو فوراتی ناوەراست لە عیراقی یە گەورەکان لە هەموو جێگایەك ئەگینا ئێمە بەچی پتر دەبین .. ئێمە بەپێی پێودانگە سەرەتاییە نوێ یەکان دەوڵەتێکی بچوکین و پێویستە بەپێی ئەم پێودانگانە قسە نەکەین و بەشداری خەڵکی تر نەکەین ، بەڵام شانازیتان پێوە دەکەین چونکە لە شەرداو لە بنیاتنان و لە دڵسۆزیداو بە قوربانی دان و بەخشی ناسیومانن لەسەر ئەم بنەرەتە ئێمە لە ١٣ ملیون و نیو پترتان دەبینین .

هەندێ کەسی وامان باس دەکەن کە لە خۆبایین و دەڵێین (١٣) ملیۆن و خۆتان بەرامبەر دەوڵەتەگەورەکان دادەنێن ... براء والله ئێمە گەلەکەمان

بڕوانە ل : ٧

بەرێز سەرۆکی فەرمانده لە یەکەم فیستفاڵی ڕۆشنبیری کوردی یەوە بڕوسکەیەکی سوپاسنامەی پێ دەگات

ئێمە بەشدارانی یەکەم فیستفاڵی کوردیین کە لە هەولێر لە ماوەی ٢٠-٢٦-١٩٨٠دا لە ژێر دروشمی لە پێناوی ڕۆشنبیری یەکی سەربە ئامانجەکانی ١٧-٣٠ تەممووزدا گیراو .. سوپاس و ستایشی بێ پایانی خۆمان بەرامبەر جەنابی بەرێزتان و سەرکردایەتی حزب و شۆڕش دەردەبڕین بۆ ئەو چاودێری و بایەخدانەی بە مافی گەلی کوردمانی دەدەن کە مافی ڕۆشنبیری بەردی بناغەکەی پێك دەهێنێت ، وەئەم فیستفاڵەمان بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو چاودێریەی لە ڕۆشنبیری کوردی دەکرێت ، وەبە گشتی بۆ هەموو ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد .

ئێمە لە کاتێکدا ئەوە ڕادەگەیەنین کە لە ریزی شۆڕشداین لەو کارانەیدا کە بۆ لێدانی دەستی تاوانباران بە دڵنیایی هاوولاتیان دەیانوێنێت ئەو پەڕی بارەزایی خۆمان بەرامبەر بڕیارەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارس و دەست تێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتمان نیشان دەدەین و دەبە توندی نارەزایی خۆمان بەرامبەر ئەو تۆقاندن و سەرکوت کردنە خوێناویە نیشان دەدەین کە ئەو ڕژێمە دژی گەلانی ئیران و گەلی کوردمان لە ئیراندا دەیبنوێنێت ، کە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا تێدەکوشێت لە پێناوی مافی نەتەوایەتی ڕەوای خۆیاندا .

داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین لە پێناوی خۆشی گەل و گەشەکردنیدا . هەر بژین .

بەشدارانی یەکەم فیستفاڵی
ڕۆشنبیری کوردی

ئەمینداریتی گشتی کۆمەڵەی عەرەب سوپاسی عیراق دەکات

ئەمینداریتی گشتی کۆمەڵەی عەرەب سوپاس نامەیەکی گەرمی پێشکەشی عیراق کردووە ، سەبارەت بەو هاوبەشی یە کاریگەرەی عیراق لە ئاهەنگەکانی کۆمەڵەی عەرەبدا بە بۆنەی بیرەوەری سی و پێنج هەمین ساڵەی دامەزراندنیەوە کردوویەتی کە ئەو ئاهەنگانە لە مانگی رابوردوودا کراوە .. ئەوەی شایانی باسە

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ڕاستنی ساوایان

هەفتەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم دوو بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد :

بە ناوی گەل
ئەنجومەنی سەرکردایەتی
شۆڕش
ژمارە : ٥٥٥
ڕۆژی بڕیار : ٢٠ - ٤ - ١٩٨٠

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چل و دووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٠-٤-١٩٨٠ ئەم یاسایەی دەرکرد :

ژمارە (٨١)ساڵی ١٩٨٠ یاسای

چاککردنی یاسای ساوایان ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٧٢ .

بەندی یەکەم : ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر بەندی چل و نوی یاسای ساوایان ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٧٢ و بە بڕگە (٥)ی دادەنرێ .

(٥) ئەگەر پێڵاوی بۆیاخ کرد یاخود جگەرەی فرۆشت.

بەندی دووەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

بە ناوی گەل
ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
ژمارە : ٥٥٤
ڕۆژی : ٢٠ - ٤ - ١٩٨٠.

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چل و دووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٠-٤-١٩٨٠ بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی‌دا : ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٨٠ یاسا .

چاککردنی یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

بەندی یەکەم :

ئەم بڕگەیە دەخرێتە سەر ٣٨٨ی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ و زنجیرەی بڕگەکانی تر بەم پێیە پاش و پێش دەخرێن:

٢ - هەر خاوەن بارێک و ئەوانەی کاری تیدادەکەن ئەگەر ڕێکایاندا کە منداڵێک کە تەمەنی نەگەیشتۆتە هەژدە ساڵ بچێتە ناو بارەکەوە لەبەر هەر هۆیەک بێ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕی حەپس دەکرێ یاخود پەنجا دینار سزای لێدەسێندرێ یاخود هەردوو سزایەکەی دەدرێ .

بەندی دووەم : ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبونەوە لە ڕۆژنامە ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین سێ فەرمانبەری خەڵات کرد

هەفتەی ڕابوردوو سەرۆکی فەرمانده صدام حسین سێ فەرمانبەرو ئیش‌کەری دامەزراوی گشتی ئیستکەی ڕادیۆو تەلەفزیونی خەڵات کرد بەرامبەر بەو کۆششو تەقەللایەی بۆ پێشخستنی دەزگاکە داویانەو ئەیدەنو خەڵات کراوەکان ئەمانەن :

- بەڕێز سعد سلیم عباس سەرۆکی بەشی دەنگ و باسی سیاسی .
- ناطق سلیم - موزیع .
- قاسم عباس - دەرهێنەر .

بروسکەی پیاوە ئاینی یەکانی دهۆک

پیاوە ئاینی و مەلاکانی پارێزگای دهۆک بە توندی ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە دژی تاوانەکانی ئاڵق لە گوێکانی ڕەگەزپەرستی ئێران کە ڕق و ئینەیەکی زۆریان لە دڵدایە دژی عەرەب و ئیسلام .

وەلە بروسکەیەکدا کە بۆ سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەرزیان کردۆتەوە وتویانە : لە کۆتایی ئەو تۆڕەدا کە بەرێوەبەرێتی ئەوقافی دهۆک لە مزگەوتی گەورەی دهۆک سازی کردوە بەڵێنتان دەدەینێ کە قوربانی بدەین و خۆمان بەخت بکەین لە پێناوی دەستخستنەوەی گشت خاکی زەوت کراوی عەرەب و هەموو یەک ڕیز دەوەستین دژی پیلانەکانی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم .

ئەوی شایانی وتنە لەم کۆڕەدا نوێنەری ئەمینداریتی گشتی کاروباری ئەوقافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و سەرۆکی لیژنەی هوشیارکردنەوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و پێش نوێژو خەتیبی مزگەوتی ئیمامی ئەعزەمی سلیمانی و دهۆک دەربارەی ڕاگەیاندنە نەتەوەییەکەی سەرۆکی فەرمانده سەرو وتاریان خوێندۆتەوەو باسی نیازە فراوان خوازی فارسی‌یەکانیان کردوە لەگەڵ ئەو پیلانانەی کە بە درێژایی چەرخەکان دژی ئیسلام گێراویانە .

ئا. د. ع

ووتاری بەڕێوەبەری گشتی لە کۆتایی یەکەمین میهرەجانی ڕۆشنبیری کوردی دا

ڕۆژی ٢٥-٤-١٩٨٠

کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی لە هۆڵی (ابن المستوفی) دانیشتنێک بۆ خوێندنەوەی باسەکەی مامۆستا تیلی ئەمین پێکهێنرا ، کە بە ناونیشانی (بشنگرتنی چینی چەوساوە لە شیعری کوردیدا ، بوو ، کە د. نافع ئاکرەیی پێشکەشی‌کرد ، پاش ئەوە بەڕێز اسماعیل رسول ووتارێکی خوێندەوە ،ئەمەیش دەقی ووتارەکەیە :-

برایانی خۆشەویست
برایانی . . . نووسەرو ئەدیب وئەدەبدۆستان بە ناوەی خۆمو دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی .. بە ناری گشت کارگەرانی ئەم دەزگایە ، گەرمترین سڵاوو قوڵترین هەستی خۆشەویستی برایەتیو دۆستایەتیتان پێشکەش‌دەکەم، سوپاسی بەشداربوونتان ئەم میهرەجانەدا دەکەم ، هەرچەندە میهرەجانەکە هی خۆتانە .

برایان

وەکوو دەیزانین ئەرکی سازدانی ئەم میهرەجانەو بارە قورسەکەی بە زۆری کەوتە سەر شانی دەزگاکەی ئێمە ، بەڵام من هەرگیز و بەردەوام لەم باوەڕەدام کە بەبێ یارمەتی ئێوە ، لە توانامانداە نەبوو هیچ شتێک بهێنینە کایە ، ئێوەی ئەدیبو ڕۆشنبیر،بێ‌گومان کەرەستەی هەموو جوڵانەوەیەکی ڕۆشنبیرین ، بەبێ ڕووناکبیرو ڕۆشنبیرو ئەدیبو نووسەر ، لە توانادا نی‌یە ، هیچ جۆرە جوڵانەوەیەکی ڕۆشنبیری پەیدا ببێو گەشە بسێنێ. جگە لەوەیش نامەوێت ئەرکی لایەنانی تر کە هەر یەکە بەپێی توانای خۆی لەم میهرەجانەدا ، بەشداری‌ی کرد ، پشت‌گوێ بخەمو لێتان بشارمەوە .

دەبێ بڵێم یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد بە گشت لقەکانی‌یەوە ، مەردانە هاتنە مەیدان ، زۆربەی زۆری بەشدارانی میهرەجان ئەندامی ئەم یەکێتی‌یەن ، زۆربەی ئەو لیژنانەی کە بە کاری هەڵسەنگاندنی ووتارو شیعرو چیرۆک هەڵسان کە لەم میهرەجانەدا خوێندرانەوە، ئەندامی ئەم یەکێتی‌یەن ، من خۆمو گەلێک کارگەرو کارگێرانی دەزگاکەمان ئەندامی ئەم یەکێتی‌یەن .

دەبێ بڵێم زانکۆی سلێمانی و مامۆستاکانی بەشی کوردی‌ی کۆلێجی ئەدەبیات چالاکانە لەم میهرەجانەدا بەشداری‌یان‌کرد، ئەم باسانەی دکتۆر کامل بصیرو دکتۆرە کوردستان موکریانی‌و دکتۆر جمال رشیدو دکتۆرە شکریە رسوول ، کە لە کۆڕەکانی میهرەجاندا پێشکەشیان کردو خوێندیانەوە جێی شانازین، ئەمەیش وا ناگەیەنێت کە باسەکانی تر جێی ڕەزامەندیم نین ، بەڵکوو مامۆستاکانی تریش بەو باسانەی لە کۆڕەکاندا خوێندیانەوە،دیسان جێی شانازی‌ی ئێمەن‌و دەبێ بە چاوێکی پڕ لە ڕەزامەندی‌و بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی‌و ڕێزلێنانەوە سەیریان بکەین‌و ناویان بهێنین .

بەڵام تۆزێک گللەیم لە شاعیرەکان هەیە .. لەوانەی بەشداربوون‌و لەوانەی تری کە بە گەلێک بیانوو خۆیان دەربازکرد . ئەمەیش گللەیی دۆستێکە نەک ناحەزێک، جارێ با بێمە سەر ئەوانە کە بەشداری‌یان‌کرد . بێگومان ئێمە سوپاسیان دەکەین ، بۆ بەشداربوونیان ، چونکی بوون بە هۆی ڕازاندنەوەی میهرەجانەکە ، .. میهرەجان بەبێ شیعر خوێندنەوە ،زۆر زەحمەتە پێی‌بڵێیت میهرەجان ، .. بەڵام دەبێ شیعر هەر بۆ شین‌و گریان‌و فیغان‌و واوەیلا بێت .. ؟!! دەبێ شاعیر بە ڕەشبینی سەیری کاتی خۆی‌و ڕووداوی وڵاتەکەی بکات ؟ ئایا هیچ شتێک نی‌یە ، پێیدا هەڵبڵێن‌و بۆی بێ‌بکەنین‌و ناخی دڵمانی پڕ ڕوونناک بکەینەوە ؟ ئاستۆ بۆ هەر سوور بێت ، دەبێت چاو لە شنەبەفی شین‌و سەوزی ئاستۆ وەربگێرین .. ؟! ئەمە بڕسیارێکەو بەس .

با بێینە سەر ئەوانەی بەشداریان نەکرد .. لێیان‌دەپرسم بۆ .. لەبەر چی ؟! من بەش بە حاڵی خۆم داوام لە زۆربەی زۆریان کرد .. ئەوانەی ئاسراوو ناودارن‌و چەندین ساڵە بە شاعیر دادەندرێن بۆ ئەوەی گللەییمان لێ‌نەکەن‌و توانجمان لێ نەگرن‌و نەڵێن ئەوانەی بەشداریان کرد ، نیمچە شاعیر بوون‌و شیعرەکانیان بێ‌بەهرەو بێ‌تام‌و بێ بوون. . هەر یەکە بە بیانوویەک خۆی دەربازکرد ، ئەوەی گوتی هیچ شتی تازەم نی‌یە بۆ میهرەجان دەست بدات . . هەتا دوابی .

من بۆیە ئەم گللەیە دەکەم، چونکی زۆر بە ئەستەم‌و گرانی دەزانم لە بەشداربوونیان ، ، لەبەر ئەوەی زۆربەیان دۆست‌و ناسراومن ، بە گوێ‌لێ‌بوونی دەنگی ڕەسنەیان دەگەشامەوە ، زۆریش پیم‌ناخۆش بوو جێگایان بەتاڵ بێت . بەڵام چیم لە دەست دێت هەر ئەوەم بە دەستە سوپاسیان بکەمو ئومێدەواری بەشداربوونی میهرەجانێکی نربانلی یکەم .

لەوانەیە قسەم زۆر بێت، ئەوەیش دەزانم ئێوەی خۆشەویست ماندوون، حەقی خۆشتانە ئەگەر بە پەلەی گەڕانەوە بن ، بێ‌گومان ئەو چەند ڕۆژانەی ڕابوردوو ماندووی کردن‌و لە حەسانەوەی خستن . لەبەر ئەوە نامەوێت ئەوەی لە دەروونماندایە هەمووی بە یەکجار دەپەڕێنم ، حەزیش بە سەرئێشەتان ناکەم ، بەڵام ئەوە دەڵێم ، کە ئەم میهرەجانەی سازدراو ئێستا خەریکی ئەوەین کۆتایی بێ‌بهێنین، شتێکی زۆر جوان‌و پڕوز بوو ، بۆ جووڵانەوەی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری ، دەستکەوتێکی زۆر گرنگ بوو ئەگەریش هەر کەمەمو کورتییەک لە بەڕێوەبردنیندا ڕووی‌دابێت ، لە گرنگی‌و سەرکەوتوویی کەم ناکاتەوە ، دەبێت ئەوەیش بزانین ، کە یەکەم میهرەجانەو یەکەم تەجرەبەیە ، ئومێدەوارم ، هەر هەڵەیەک‌و هەر کەمەو کورتی‌یەک ڕووی‌دابێت ، ببێت بە دەرسێک بۆ سازدانی میهرەجانانی دواڕۆژ .

لەوانەیە هەندێک برادەر گللەیان هەبێت‌و ، هەندێک شت بە دڵیان نەبووبێت ، ئێمە دەڵێین حەقی ئەوانە ، داوای لێ‌بوردنیان لێ‌دەکەین، دەبێت خۆیان بە خاوەن‌ماڵ

برایان

کە چاو دەگێڕم ، جێی‌ی هەندێک لە دۆست‌و برادەرانی بوسەرو ئەدیبان بە بەتاڵی دەبینم ، داخێکی زۆر بە گوڕ لە دڵمدا وا جۆش دەدات ، لەبەر ئەوەی دەرفەتی بەشداری‌کردنی میهرەجانەکەیان چنگ‌نەکەوت ، بەڵام هەر وەک خۆمو لەگەڵ شادومانیم بە دیدەنتان لێرە ، هەرگیز هەستم بە خەمباری‌ی دبارنەبوونیان دەکرد ، لەو باوەڕەشدام ، هەتا ئەوانەی بە ئەنقەستیش نەهاتبن لە ناخی دڵیانەوە بیرو هەستیان دەگەڵ ئێوەو میهرەجانەکەدا بووە . دەی دونیا دوورو درێژە ڕۆژی ئەوەیش دێت لە میهرەجانێکی ترو کۆڕێکی تردا ، بە دەیدەنییان شادومان‌بین .

برایان

ئێمە وەنەبێ لەم ئاستە بچەقین‌و پشتی خۆمان بکەینەوە ، بڵێین ئای ماندوو بوین‌و میهرەجانمان سازداو بەسە ؟! نەخێر دەبێت بڵێین ئەمە سەرەتای جووڵانەوەی ڕۆشنبیریمانە . ئێمە ئامانج‌و ئاواتێکی زۆر فراوانمان لەبەر چاوە ، دەبێت هەموومان ئامادەبین .. بە ئاواتی ئەوەین کۆڕێکی فراوان لە شاری سلێمانی ببەستین ، دوکتور جمال رشید بەڵێنی ئامادەکردنی باسێکی مێژوویی پێداوین ئومێدەوارین پسپۆڕانی تریش بەشداری‌ی تێدابکەن . ئەگەر بێت‌و ئەدیبانی بادینانی هیمەتێک بکەن ئێمە ئامادەین کۆڕێکیش لەوێ ببەستین ، دیسان بە ئومێدی ئەوەین کۆڕێکی تایبەتی بۆ زمان‌و زمانەوانی‌و گیووگرفتەکانی لە بەغدا ببەستین ، ئومێدەوارین پسپۆڕانی زمان بەشداری‌ی تێدا بکەن .

بەڵێنی ئەوەشتان پێ‌دەدەم، کە ئەم باس‌و ووتارو هۆنراوەو چیرۆکەکانی ئەم میهرەجانە بە قەشەنگی لە چاپ بدرێن ، ژمارە یەکی تایبەتی‌ی ڕۆشنبیری‌و بەبان ، بەم بۆنەیە دەربچن ، دەگەڵ نامیکەیەکی تایبەتی بە چالاکی‌یەکانی میهرەجان بخرێتە ئەرشیف‌و بڵاوبکرێتەوە .

لە کۆتایی دوانەکەمدا ، هەر ئەوەم بۆ ماوەتەوە کە ئێم چالاکی‌ی ئێمە ڕەنگدانەوەی چالاکی‌ی ئێوەیە .. چالاکی‌ی دەزگاکەمان بۆ ئێوەو بۆ گەلی کوردە .

ئیتر بە خواتان نەسپێرم .

براتان
اسماعیل رسول

بەیاننامەی کۆتایی یەکەمین میهرەجانی ڕۆشنبیری‌ی کوردی

لەژێر چاودێری بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌دا لە ماوەی نێوان ٢٠-٢٦‌ی نیسانی ١٩٨٠ یەکەمین میهرەجانی ڕۆشنبیریی کوردی لەژێر دروشمی (لەپێناوی ڕۆشنبیری‌یەکی سەر بە ئامانجەکانی شۆڕش‌و بنیاتنانی عیراقێکی سۆشیالیستی گەشاوە)دا لە هەولێر بەسترا‌و بەڕێز طە یاسین وەکیلی وەزارەتەکە لە جیاتی وەزیری بەڕێز بە ووتارێک کردیەوە تیایدا پێشوازی‌ی لە ئامادەبووان کردو ئاوات‌و هیوای سەرکەوتنی بۆ بەشداربووان خواست بە چەشنێک خزمەتی ئەرکە نەخشە بۆ کێشراوەکانی مبهرەجان بکات هەروەها تیایدا روونی کردەوە کە سازکردنی ئەم میهرەجانە خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی بایەخدانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش‌و بایەخدانی سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر (صدام حسین)ە بە مافە نەتەوەیی‌یە ڕەواکانی گەلی کوردمان کە مافە ڕۆشنبیری‌یەکان لایەنی گرنگیان پێکدەهێنێت .

هەروەها ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌و دام‌و دەزگا جۆراوجۆرەکانی لە گوڕ خستنە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری‌و هونەری لە وڵاتدا ڕوون‌کردەوە بۆ خوڵقاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیری هۆشیاری بە زانست‌و ڕۆشنبیری‌و زانیاری چەکدار . پاشان ئەو بەڕێز اسماعیل رسول احمد بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ، سەرۆکی لیژنەی بالای ئامادەکردنی میهرەجان ووتارێکی خوێندەوە تیایدا بە خێرهاتنی ئامادەبووانی کردو بە دوورو درێژی باسی ئەو ڕەنجانەی کرد کە لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی‌یەوە بە هاریکاری لەگەڵ دام‌و دەزگا ڕۆشنبیری‌یەکانی نردا دراون بۆ ئامادەکردن‌و سازدانی ئەم میهرەجانە ، هەروەها باسی سیاسەتی دەزگاکەی کرد کە مەبەستی گوڕ خستنە نیو بزووتنەوەی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌ی کوردی‌یەوەو گرد کردنەوەی نووسەران‌و ڕۆشنبیران‌و هاندانیان بۆ ئەوەی بەشداری‌یەکی کاریگەرانە لەم بزووتنەوەدا بکەن هەروەها ستایشی ئەو دەستکەوتە مەزنانەی کرد کە سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش لە بوارەکانی ڕۆشنبیری‌و بەروەردەو زانستدا بەدی‌ی‌هێناون‌و خوڵقاندنی یێداویستی‌یەکانی ڕابەرینێکی زانستی‌ی ڕۆشنبیری‌ی ئەوتۆ لە مێژووی هاوچەرخماندا وێنەی‌ی لەوەویش نەبووبێت .

لە ئاهەنگی کردنەوەدا کە لە کاتژمێری شەشی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ٢٠-٤-١٩٨٠ لە هۆڵی ابن المستوفی‌دا بوو ، ئەم وەزیرە بەڕێزانە عبدالله اسماعیل‌و هاشم حسن عقراوی‌و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەراندنی ناوچەی کوردستان بەڕێز احمد عبدالقادر النقشبندی‌و سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان بەڕێز محمد علی‌و بەڕێز ئەمینداری نهێنی‌ی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و بەڕێزان ئەمینداره گشتی‌یەکان‌و بەڕێز پارێزگاری هەولێرو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان‌و ژمارەیەکی زۆری ئەپرسراوە بەڕێزەکان‌و نوێنەرانی حزبە نیشتمانی‌یە کورده بەشدارەکانی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو نوێنەرانی ڕێکخراوە میللی‌و پێشەی‌یەکان ئامادە ببوون . سەرەڕای بەشداربووان‌و بەشداری - کەرانی میهرەجانەکە لە نووسەرو ئەدیب‌و ڕۆشنبیرە کوردەکانی تر . ئەوەبوو میهرەجانەکە چالاکی‌ی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەری‌ی هەمە چەشنەی مۆسیقاو گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی میللی‌و شانۆگەری نوێنران ، تیایدا تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی‌و تیپی چالاکی‌ی قوتابخانەکانی پەروەردەی پارێزگای هەولێرو تیپی بەڕێوەبەرێتی‌ی ڕۆشنبیری‌ی جەماوەر لە پارێزگای سلێمانی‌و ، هەندێک هونەرمەندانی هەولێرو سلێمانی بەشداربوون هەروەها تیپی هونەرە میللی‌یەکانی بەسرە ئاهەنگێکی هونەری‌ی میللی‌ی پێشکەش‌کرد تیایدا نمونەیەکی نایابی مۆسیقاو سەمای میلی‌ی نواند ، سەرەڕای بەشداربوونی تیپی هەولێر بۆ نواندنی سەر بە دەزگای سینەماو شانۆ بە شانۆگەری‌ی (هەبوو نەبوو)و تیپی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر بە شانۆگەری‌ی (ئەو پیاوەی بوو بە سەگ) ئەوە بوو ئەم چالاکی‌یە میللی‌یانە ڕەزامەندی‌و پەسەندکردنی بەشداربووان‌و جەماوەریان بەدەستهێنا ، سەرەڕای ئەوەی پێشانگایەک بۆ کێبی کوردی لە هۆڵی ڕۆشنبیری‌ی جەماوەر دا پێک‌هێنرا تیایدا ئەو کێبو چاپەمەنی‌یانە پیشان‌دران کە بەر لە دە ساڵ تاکوو ئەمڕۆ لە لایەن دام‌و دەزگا ڕۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکانەوە دەرچوون ، میهرەجانەکە خۆیشاندانێکی ڕۆشنبیری‌یانەی گەورە بوو بە ڕاستگۆیانە خواست‌و ئاوانی جەماوەری ئەدیب‌و ڕۆشنبیرانی کوردی دەربڕی ئەوانەی لە پارێزگاکانی دیکەوە هاتبوون بۆ ئەوەی تیایدا بەشدار ببن‌و بەشداری - کردنێکی ڕاستەقینەی چالاکی‌کردنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی بکەن ئەویش بە هۆی ئەو کۆڕو چاوپێکەوتنانەی پەنجەمان بۆ ڕاکێشان .

لە لایەکی تریشەوە سەرلەنوێ سووربوونی شۆڕش‌و سەرکردایەتی‌یە تێکۆشەرەکەی دووپات‌کردەوە بۆ پشت‌گرتن‌و هاندانی ڕۆشنبیری‌ی کوردی بە هەموو جۆرە شێوازێک‌و لەباوەش‌گرتنی نووسەران‌و ڕۆشنبیران بەوەی کە بەهەڵگری فیکری ڕوونناک داددەنرێن‌و کاریگەرترین چەکیان بە دەستەوەیەو لە ڕووی ئیستیعمارو کۆنەپەرستان‌و زایۆنیزم‌دا بەرزی دەکەنەوەو لە توانایان‌دا هەیە بە بیرو پێنووسەکانیان بەشداری‌ی مانەوەی کۆمەڵی نوێ‌و چەسپاندن‌و پتەو کردنی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی گەلی عیراقمان بکەن .

بەشداربووانی ئەم میهرەجانە ڕیزێکی بەرز لەو ڕەنجانە دەنێن کە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی‌ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لە پێناوی سازاندنی‌دا بەم جۆرە سەرکەوتووە داویەتی هەروەها ڕیزێکی بەرز لەو پشتگیری‌یە مەزنە دەنێن کە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری‌و

بروانە ل : ٧

٩ - محمد فریق حسن .
١٠ - جزا علی امین .

ئەمەو لە ڕۆژانی میهرەجانەکەدا چالاکی‌ی هونەری‌ی هەمە چەشنەی مۆسیقاو گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی میللی‌و شانۆگەری نوێنران ، تیایدا تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی‌و تیپی چالاکی‌ی قوتابخانەکانی پەروەردەی پارێزگای هەولێرو تیپی بەڕێوەبەرێتی‌ی ڕۆشنبیری‌ی جەماوەر لە پارێزگای سلێمانی‌و ، هەندێک هونەرمەندانی هەولێرو سلێمانی بەشداربوون هەروەها تیپی هونەرە میللی‌یەکانی بەسرە ئاهەنگێکی هونەری‌ی میللی‌ی پێشکەش‌کرد تیایدا نمونەیەکی نایابی مۆسیقاو سەمای میلی‌ی نواند ، سەرەڕای بەشداربوونی تیپی هەولێر بۆ نواندنی سەر بە دەزگای سینەماو شانۆ بە شانۆگەری‌ی (هەبوو نەبوو)و تیپی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر بە شانۆگەری‌ی (ئەو پیاوەی بوو بە سەگ) ئەوە بوو ئەم چالاکی‌یە میللی‌یانە ڕەزامەندی‌و پەسەندکردنی بەشداربووان‌و جەماوەریان بەدەستهێنا ، سەرەڕای ئەوەی پێشانگایەک بۆ کێبی کوردی لە هۆڵی ڕۆشنبیری‌ی جەماوەر دا پێک‌هێنرا تیایدا ئەو کێبو چاپەمەنی‌یانە پیشان‌دران کە بەر لە دە ساڵ تاکوو ئەمڕۆ لە لایەن دام‌و دەزگا ڕۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکانەوە دەرچوون ، میهرەجانەکە خۆیشاندانێکی ڕۆشنبیری‌یانەی گەورە بوو بە ڕاستگۆیانە خواست‌و

Institut Kurde de Paris

یەکەمین میهرەجانی رۆشنبیری کوردی لە هەولێر

****

لە پێناوی رۆشنبیری یەکی سەربە ئامانجەکانی شۆڕش و بنیاتنانی عراقێکی سۆشیالیستی گەشاوەدا

****

بە چاودێریی بەرێز لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن لە سەعات شەشی ئێوارەی ٢٠-٤-١٩٨٠ یەکەمین میهرەجانی رۆشنبیری کوردی لە ژێر دروشمی :
« لە پێناوی رۆشنبیریەکی سەر بە ئامانجەکانی شۆڕش و بنیاتنانی عیراقێکی گەشاوەدا » .
لە ایاریزگای هەولێرو بە وتارێکی بەرێز طە یاسین علی جێگری وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن لە هۆڵی «ابن المستوفی» دەستی پێ کرد .
ئەمەیش دەقی ووتارەکەیە :

دەقی وتارەکەی نوێنەری بەرێز وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن

خوشك و برایانی خۆشەویست ..

شادمان و پێخۆشحالم کە لەجیاتی بەرێز وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن مامۆستا لطیف نصیف جاسم میهرەجانی یەکەمی رۆشنبیری کوردی ،کەمەوە کە لە هەولێر مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لەژێر دروشمی « لەپێناوی رۆشنبیریەکی سەر بە ئامانجەکانی شۆڕشی سەربەرزی ١٧-٣٠ی تەموزو لەپێناوی بنیاتنانی عیراقێکی سوشیالیستی گەشەکردوودا » دەکرێتەوەو شادمانم کە بەشداری ئەم دەستەیەی ئەدیبو رۆشنبیرانی کورد بکەمو لەم میهرەجانەدا پێیان بکەم ، کە ئە بەغداو پارێزگا جۆربەجۆرەکانی ناوچەکەوە هاتوون و ئەم میهرەجانەش ، سازکردنی خۆپێشاندانێکی رۆشنبیری شارستانیانەیە ، هیوادارم لەو ئامانجانەی کە رەنگی بۆ رێژراوە سەرکەوتوو بێت .

خوشك و برایانە ..

سازکردنی ئەم میهرجانە رۆشنبیریە ، بێ گومان بایەخ پێدانی حزبمان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی کە بەوپەری لێهاتوویی شۆڕشە گەورەکەمان سەرکردایەتی دەکات و بایەخی سەرکردەکەی و بایەخی پێدانی سەرۆکی فەرماندە تیکۆشەر سدام حسین بەمافی رەوای نەتەوەیی گەلی کوردمان ساغدەکاتەوە کە مافی رۆشنبیریش لایەنێکی گرنگی بەشی دەهێنێ . بەیاننامەی ئادارو راگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی و جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەم یاسایەو دامەزراندنی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەڕاندنو دامەزراوەکانی نری ئۆتۆنۆمی و دانانی پارەیەکی زۆر لە نەخشەی پێنج ساڵەی پرۆژەکانی کشتوکاڵو پیشەسازی و خزمەتگوزارو رۆشنبیری و تەندروستی و پەروەردەیی و زانستیدا .. . هتد و رێگا دانی گەلی کوردمان کە مافە دیموکراتی-یەکانی خۆی بەکاربێنێ ئەمانە ئەو بایەخ پێدانە ساغدەکەنەوە کە پەنجەمان بۆ کێشانو کە رەستێتی و مەبدەئیەتی حزبمانو باری سەرنجە مرۆڤپەروەری یەکەی بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر ساغدەکەنەوە .

وەزارەتەکەمان وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن کە لە جوستو چالاك کردنی بزوتنەوەی رۆشنبیری و هونەری لە ولاتەکەمانو بۆ دروست کردنی نەوەیەکی رۆشنبیری هوشیارو چەکدار بەچەکی زانستو رۆشنبیری و زانینو لەپێناوی پەرەپێدانی دۆخی رۆشنبیریمان بۆ ئاستێکی شارستانیانە لەرێگای دامەزراوە رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی و هونەری یەکانەوە ، بەشداری یەکی نەرەتی یانە دەکات ... بایەخێکی زۆری داوە بەرۆشنبیری کوردی و چوستو چالاك کردنی بزوتنەوەکەی و یارمەتی دانی ئەدیبو نووسەرو رۆشنبیرانی کورد بەگشتی بەرێگا جۆربەجۆرە مادی و مەعنەوی یەکان ، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی شان بەشانی دامەزراوەکانی تری رۆشنبیری و پەروەردەیی و خوێندن ، دامەزراوێکە لەو دامەزراوە گرنگانەی سەر بە رەزارەتەکە مان کە بایەخ بەم چالاکی یانە دەدات و چەند گۆڤارو رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی دەردەکات سەرەڕای چاپ کردنی کتێبو چاپەمەنی لە بواره جۆربەجۆرەکانی زانین دا .

لەپێناوی ئەوەدا کە ئەم دەزگایە بتوانێ بەپێی پێویست ئەرکی سەرشانی راپەڕینی وەزارەتەکەمان بایەخێکی زۆری پێدەدات جا لەبارەی دانانی ئەو پارەیەوە بێ کە ئیش و کارەکانی پرویستیان پێ یەتی لەگەل بارمەتی دانی بەرێگاو توانا جۆربەجۆرەکان بۆ ئەوەی ببێتە دەزگایەکی پەرەسەندووی رۆشنبیری کە ئەرك و خزمەتە رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی یەکانی بۆ گەلی کوردمان بەباشترین شێوەو لەچوارچێوەی گشتی رێرەوی حزبمانو شۆڕشەکەماندا جێبەجێیان بکات .

خوشك و برایانە ..

ئەو شۆڕشەی کە هەمیشەو بێ پسانەوە بەخشش پێشکەش بە رۆڵەکانی گەلەکەمان رۆشنبیرو ئەدیبو زاناکانی دەکات و هەموو ئەو دۆخانەی پێویستی دابین دەکات و بەرێگای جۆربەجۆر بۆ تەقاندنەوەی وزەو توانایانو دەرخستنی داهێنانو نواناکانیان و ئەم شۆڕشە وا لەرۆڵەکانی چاوەڕوان دەکات کە لە ئاستی ئۆبالی سەرشانیاندا بنو بەدڵسۆزی یەوە داکۆکی لەو دەسکەوتانە بکەن کە بۆیانی وددی هێناونو چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکات کە تەنیا لەگەلی بن بەلکو پێویستە دڵسۆزانە تێکەلی بن و لە بزوتنەوەو بەردەوامی یەکەی ئیلهامو سروش وەرگرنو داکۆکی لە دەسکەوتەکانی بکەن دژی دوژمنانی گەلە کەمان کە ئیمپریالیزمو نۆکەرانیانی .

خوشك و برایانە ..

لەکۆتایی ئەم وتارەدا کورتەمدا هیوادارم کە میهرەجانەکەتان سەرکەوتوو بێ بەو پێیەی کە خزمەتی ئەو ئامانجانە بکات کە رەنگیان بۆ رێژراوەو هیوادارم کە هەموو بەشداربووان تێیدا سەرکەوتوو بن پێش بکەونو ... خواتان لەگەڵ .

ئەمەیش دەقی ووتارەکەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی مامۆستا (اسماعیل رسول)ە کە لە ئاهەنگی کردنەوەی میهرەجانەکەدا خوێندیەوە :

دانیشتوانی بەرێز

بەرێزان بەشدارانی ئاهەنگ

بەدڵ بەخیرهاتنتان دەکەم و سوپاستان دەکەم بۆ بەشداری کردنتان لە ئاهەنگی یەکەم فیستفالی کوردیدا کە لەژێر دروشمی «لەپێناوی رۆشنبیریەکی سەر بەشۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموزی سەرفرازو بنیاتنانی عیراقێکی گەشاوەدا » سازکراوە .

خوشکان برایان

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، ئەم دەزگای راگەیاندنو رۆشنبیریە کوردیە گرنگەی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن بەچاودێری بەرێز وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن مامۆستا لمیف نصیف جاسم یەکەم فیستفالی کوردی پێك دەهێنێت کە بەسوپاس مەندیمانەوە هەموو یارمەتی و پێویستیەکی پێشکەش کردووین بۆ سەرکەوتنی فیستفالەکەمان کە لە هەولێری مەلبەندی ئۆتۆنۆمیدا ساز دەکرێت .

پێك هێنانی ئەم فیسفالە بەشێکە لەو نەخشەیەی دەزگاکەمان بۆ گورج کردنەوەی بزووتنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی داناوە ئەویش بەهێنانەکایەی هەلی ئەو تۆوە کە ئەدیبو رۆشنبیران هەلگرانی مشخەلی رۆشنبیری و زانستو روناکی تیابدا بەبەك بگەن .

ئەم فیستفالەمان برێتیە لە پێك هێنانی کۆڕی شیعرو چیرۆك و تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆر ، کەبەسەر رۆژانی فیستفالەکەدا بەتۆیرەی پرۆگرامێکی نەخشەکێشراو دابەش کراوە ، کە شاعیران و ئەدیبانو مامۆستا بەرێزەکان بەشداری تیادا دەکەن .

دانیشتوانی بەرێز ..

ئێوەی بەرێز ئاگادارن لەوەی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ماوەی چەند ساڵێکە دەورێکی گرنگ لە ژیانی رۆشنبیرو ئەدەبیدا دەگێڕێت ، هەر ئەوە رۆژنامەی «هاوکاری »ی هەفتانەو گۆڤاری « رۆشنبیری نوێ »و «بەیان» دەر دەکات .

ئەو چاپەمەنیانە شیلەی بیرکردنەوەو هۆش و فکری مێشکی رۆشنبیرانمان دەڕێتە توێی لاپەڕەکانی نووسەرانمان بەچالاکیەوە بۆ دەولەمەندکردن و پەرەپێدانی رۆشنبیریی کوردی لەرێگای بەهەمەکانیانەوە بەشداری تیادا دەکەن ، ئەوەتا رۆژنامەی « هاوکاری » تاکە رۆژنامەیەکە لەمیزووی کوردیدا بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵ بەبێ راوەستان بەپلەیەکی پێشکەوتوو چ لە بارەی دەرهێنانی هونەریەوە وەیا لەبارەی ناوەرۆکی بابەتەکانیەوە دەردەچێت ، رۆژنامەکە ، رۆژنامەیەکی گشتی یە بایەخ بەهەموو بەشەکانی گەلی کورد دەدات و هیچ دەستەو تۆیژێکی کۆمەڵایەتی پشت گوێ ناخات . هەر لە هەواڵی جیهانی و ناوخۆ و راپورت و شی کردنەوەی سیاسی یەوە تا وەکو خستنەرووی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، سەرەڕای ئەو لاپەڕانەی بۆ ئەدەب و هونەرو ئافرەت و لاوان و زانستو وەرزش و لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژو هەمەرەنگو شتی تر تەرخان کراوە .

دەزگاکە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی لەسەر پرۆگرامێك نەخشەیەکی رۆشنبیری بۆ سەرجەمی ئیش و چالاکیکانی خۆی دابنێت وە لە چوارچێوەی ئەم نەخشەیەدا چابەمەنیکانی هەر یەکەیان بۆ مەبەستێك تایبەتی کات ، بۆ نموونە گۆڤاری بەیان بۆتە گۆڤارێکی ئەدەبی تایبەتی بەبڵاوکردنەوەی چیرۆك و شیعرو کەلەپورو لێکۆڵینەوەی رەخنەی ئەدەبی یەوە ، وە « رۆشنبیری نوێ »یش رێبازێکی تازەی بۆ دانراوە لە بێتە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی و لێکۆڵینەوە دەربارەی هەموو جۆرە لقێکی زانیاری مرۆڤایەتی وەك میژوو، زمانو ئەلسەفەو تەبابەتو باری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو زانستی دەرون شوناسی و هونەرو ئابووری بڵاو بکاتەوە، وە ئامانجیش لەوەدا دەرلەمەند کردنی رۆشبیریی کوردیە بەجۆرە ناوەڕوکێکی نوێی ئەوتۆ کە جێگای ئاسۆگری هەمە جۆری زانستی تیادا بێتەوە سەرەڕای ئەوەی بتوانی خواستی ئەو تاقمە رۆشنبیرانە وەدی بهێنێت کە ئەدیب نین .

هەروەك دەزگاکە هەوڵی داوە هەروەك بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی هەموو ئەدیبو رۆشنبیران لەدەوری خۆی گرد بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە مەلبەندێکی رۆشنبیریی گرنگی ئەو تۆ کە کارێکی تەراو بکاتە سەربەری رۆشنبیری بەرەو پێشکەوتن و بەرەسەندنێکی تەواوی بەرێت ، رۆژنامەو گۆڤارەکانمان هەر بەوەوە رابەوەستاوە کە لاپەڕەکانی بۆ هەموو قەلەمێکی خیرخوا

بڕوانە ل : ٧

چالاکی یەکانی یەکەمین میهرەجانی رۆشنبیری کوردی



ئە ئاهەنگی کردنەوەی ئەم میهرەجانەدا بەرێز عبدالله اسماعیل وەزیری دەولەتو ژمارەیەك لە بەرێزان ئەمینداره گشتی یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو بەرێز پارێزگاری هەولێرو بەرێز سکرتێری لقی هەولێری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو ژمارەیەکی تر لە کاربەدەستانی دەولەتو میوانان کە لە بەغداو شارەکانی تری کوردستانەوە هاتبوون لە میهرەجانەکەدا ئامادە ببوون .

هەروەها لە کردنەوەی میهرەجانەکەدا چەند چالاکی یەکی هونەریی پێشکەش کرا کە ماوەی دوو سەعاتیان خایاندو تێیاندا چەندە گۆرانی یەکی هەمە چەشنەی کوردی لە لایەن تیپی زانکۆی سلێمانیو چالاکی قوتابخانەکانی هەولێرەوە پێشکەش کران چەند بروسکەیەکی سلاوو پیرۆزباییش خوێنرانەوە کە لەم لایەنانەوە هاتبوون : ئۆمەلی هونەرو وێژەی کوردی لە هەولێر . هەردوو نقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێرو سلێمانی . نیقابەی هونەرمەندان لە تیپی نەتەوەیی لقی هەولێر .

رۆژی ٢٢-٤ و لە هۆڵی ابن المستوفی دا دوکتور جمال رشید لە ژێر ناونیشانی « بنەڕەتی وشەی کوردو کرمانجی » باسێکی گرنگی خوێندەوەو لە سەرەتادا کاك سامی شورش دوکتور جمالی بە خەڵکەکە ناساند . ئنجا کاك ممتاز حیدری دەربارەی رۆژنامەنووسی کورد کاك مصطفی شوقی وتارێکی گرنگی خوێندەوە . سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ چوار چیرۆکی کوردی خوێندرایەوە کە کاك محمد موکری چیروکەکانی هەڵسەنگاندنو بیروڕای خۆی لە بارەیانەوە پێشکەش کرد .

لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە میهرەجانەکەدا خوێندرانەوە ئەو باسە بوو کە کاك محمد امین هەورامانی لە رۆژی چوارەمی میهرەجانەکەدا لە ژێر ناونیشانی « نەورۆز.. ئاگرو بەهار »دا خوێندیەوە، ئنجا لە دەرهێنانی کاك صباح عبدالرحمن تیپی نواندنی هەولێر شانۆگەریی « هەبو نەبووی » پێشکەش کرد .

وە لە کۆرێکی شیعر خوێندنەوەدا ئەم شاعیرانە سەرو پارچە شیعریان خوێندەوە :

- داری ساری حیدر .
- مؤید طیب .
- محمد امین پێنجوینی .
- عبدالله عباس .
- محسن ئاوارە .
- محمد امین قەرەداخی .

سەرلەبەیانیش مامۆستا اسماعیل رسول لەهۆڵی روشنبیری جەماوەریی لەهەولێر پێشانگای کتێبی کوردی کردەوە . . لەپێشانگاکەدا ئەو کتێبە کوردیانە نیشاندران کە دەزگای رۆشنبیری کوردی و دەزگاکانی تر چاپیان کردوون.

● دکتور کامل بصیر عەمیدی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لەمیهرەجانەکەدا پێشکەش کرد کە لەژێر ناونیشانی«لاسایی و رەسەنی لەرەخنەسازی کوردیدا » بوو .. دوای ئەمە بەرێز دوکتور کوردستان موکریانی لەژێر ناونیشانی « دەنگی ئافرەتی کورد لە هوراوەکانیدا » پێش کەش کرد ئەمیش گەلێك لایەنی ژیانی ئافرەتی کوردی رون کردبۆوەو چەند نموونەیەکی شیعری هێنابۆوە . بۆ خۆشکردنی میهرەجانەکەش تیپی هونەری میللی پەسرە ئاهەنگێکی هونەریی پێشکەش کرد .

● لەچوارەمین رۆژی میهرەجاندا بەرێز دکتور شوکریە رەسول لەژێر ناویشانی « رۆڵی فۆلکلۆری کوردی لەرووداوی مێژوویدا » باسێکی گرنگی پێشکەش کردو لەباسەکەیدا تیشکی خستە سەر سامانی فۆلکلۆری گۆرانی کوردیو چەند نموونەیەکی سەرکەوتوانەی بۆ ئەم بابەتە هێنایەوەو لەدواییدا ئامادەبووەکان رای خۆیان لەسەر باسەکە دەربڕی .

سەر لەئێوارەش کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە ساز کرا کە ئەم شاعیرانە سەرو پارچە شیعریان تیدا خوێندەوە :-

- مدحت بێخەو .
- نافع عقراوی .
- حسیب قەرەداخی .
- خورشیدە بابان .
- محفوظ مایی .
- عثمان شەیدا .
- مکرم رشید .
- خلیل دهۆکی .
- سلام محمد .
- نەوزاد رفعت .
- د. شۆ .

هەر لە رۆژی ٢٤-٤ داو بۆ دەرکردنی ماندو جارسی ی بەشداربووان گەشتێك بۆ هاوینەهەواری شەقلاوە سازکراو کاتێکی خۆش لەگەشتەکەدا برایە سەر .

Institut Kurde de Paris

وەرزش لە هەندەران :

هەڵبژاردەی کاسی تۆپی پێی جیهانی

ل. گەل ئەوەشدا هێشتا وەماوەی هەڵبژاردنی مەشق پێکەری تیمی یاریەکانی کاسی جیهانی زۆری ماوەو یاری یەکانی تۆپی پێی ئەم کاسە لە ساڵی ١٩٨٢ لە سپانیا دەکرێ ، بەڵام مەشق پێکەری ئەرجەنتین سێزار مینوتی دوو هەفتە لە مەوبەر ٢٨ یاری کەری لە تیمی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بۆ ئەم یاریە هەڵبژاردوەو قەدەخەش کراوە ئەم یاری کەرانە لە هیچ یانەیەکی وەرزشی بێگانە دا کاربکەن .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەم یاری کەرانەی دیاری کراون ، زوربەیان یاری کەری نوێن و تاقی کردنەوەی گرەوی تۆپی پێی جیهانیان کەمە .

● دوای ئەوەی وازی لە یاری بەرز کردنەوەی قورسایی هێنا قوتابخانەی راهێنانی یاریکەرانی تازەپێ کەیشتوی لە موسکۆ کردەوە . ئێستاش خاوەنی نامەی دوکتورایە لە فەلسەفەدا . وەیەکێکە لە پاڵەوانەکانی داهێنانی میژووی وەرزش،شان بە شانی (پیت ڕەش جون دیفرای ئەمەریکیو ئەلەکسیفی سوفیەتی) .

● کاتێك کە یوری فەلاسوف مەدالیانی زیرینی بەرز کردنەوەی قورسایییەکانی وەرگرت لە ساڵی ١٩٦٠دا کە سەر بە یاریەکانی ئولومپی بوو ، یەکێك لە مامۆستاکانی راهێنانی یاری کەران ووتی:ـ فەلاسوف پاڵەوانی یاریەکانی ئولومپی جیهانییە

فەلاسوف کێ بوو !

عومەر حەسەن قادر — سلێمانی —

لەبێ نکۆلێ .

● لە گەڵ ئەوەشدا هێزی فەلاسوف ، هێزیکە کە گونجاندنی تەواوی خۆی لەگەڵ بیرو دەماغی هێمن‌دا ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵە وەو هەبە .. بەم جۆرە لە گەڵ ڕێکخستوە ، ئەمە بگە لە زانیاریە حەتمیەکانی ژیان بەوەنمونەیەکی باشیش ئەوەیە کە فەلاسوف شەوێك لە ڕێگا تووشی کابرایەکی سەرخۆشی زل‌و کەتە ئەبێ کە ئەکەوێتە قسەکردن بەفەلاسوف‌ودەست بەرزکرد‌نەوە لێی بەڵام فەلاسوف بە هێمنی باوەشی پیا دەکات‌و بەرزی دەکاتەوە بۆ سەرەوە ، کابرا دەکەوێتە هاوار کردن : فەلاسوفیش هەر بە هێمنی دایئەنیتەزەوی‌و پێی ئەڵێ:ـ

ـ برو بۆ لای دایکت با پێت بگەیەنێ .

تەنانەت فەلاسوف زۆر بە خۆشی‌و لێو بە زەردەخەنەوە: ڕێگای ماڵەوە ئەگریتەبەر.

● فەلاسوف ئەندازیاری فرۆکەی ئاسمانییە . . و . . ژنی هێناوەو دوو منالی هەبە .. بەم جۆرە لە گەڵ جیهانی وەرزش لە گەورەترین خێزانەکەیدا لە مۆسکو ئەژی .. ئەمە جگە لە کتێبەکانی کە ژمارەیان ٤٠٠ کتێبن لە گەڵ ئەوەشدا کە دوکتورایی لە فەلسەفەدا هێناوە زۆر حەز بە بووسینەوەو لێ ـ کولینەوەی میژوو ئەکاو حەز بە زانیاری پاشماوە دیرینەکان ئەکاو ژنەکەشی دەستێکی باشی لە هونەردا هەیە .

● هەروەها هەموو ڕۆژێك سێ سەعات خەریکی خۆڕاهێنان بووەو لە هەموو سەعاتێك‌دا ٢٠ تەن ئاسنی بەرز کردۆتەوە .

● لەیاری ئولومپی‌دا کە لە ساڵی ٩٦٤ لە زۆرانبازی دابەشداربووە کە ئەویش لە نێوانی فەلاسوف‌و ژابوتنسکی سوفیەتیدا ڕووی‌دا کە هەردووکیان هەڵگری هەموو ژمارە جیهانیەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی بوون . لە کێشی فورسدا لەم دابەزینەدا زابوتنسکی توانی ژمارەیی پێنسوی فەلاسوف بشکێنی کە در٥٢ کیلوی بە سەردا تومار کرد ، بەڵام فەلاسوف جگە لەوەی کەژمارەکەی خۆی شکاندەوە توانی ژمارەکەی زابوتنسکی بە ٥ر٢ کیلو بشکێنێ ، بەمانا ٥٧٠ کیلوی کۆکردەوە . بەم جۆرە بوە یەکێك لە ١٠ یاری‌کەرە پاڵەوانەکانی جیهانی‌و یەکیتی سوفیەت کە بروميل پلەی دووەمی لە دوایەوە داگیر کرد بوو .

خولێکی پاڵەوان بازیتی بۆئەو وڵاتانەی کاسی جیهانی یان بردۆتەوە

مەغدید حاجی وەریگێراوە

ئەوەیکەم جار لە مێژووی یاری تۆپی پێ‌دا خولێکی یاری کردن لە نێوان ئەو وڵاتانەی کاسی پاڵەوان بازیتی جیهانی‌یان بردۆتەوە ، لە کۆتایی ئەم ساڵەدا لە نوروغوای ڕێك دەخرێت .

ئەم خولەش کە لە ٣٠ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠دا تاکو ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨١ دەخایەنێت تیپەکانی یاری تۆپی پێی ئەم وڵاتانە بەشداری تیادا دەکەن: ئەرژەنتین ، بەرازیل ، نوروغوای ، ئیتالیا ئەلەمانیای ڕۆژئاواو هۆلەندە . ئەوەی شایانی باسە ئەم خولە جیهانیەش بە بۆنەی تێپەربوونی پەنجا ساڵ بە ڕێکخستنی بەکەم بتشبرکێی یاری تۆپی پێ لە سەر کاسی جیهانیدا ڕێك دەخرێت .

لێژنەی ڕێکخەری ئەم یاریانەش وڵاتە بەشداربوەکانی بەسەر دوو کۆمەڵدا دابەش کردوو ، کۆمەڵی یەکەم هولەندەو ئیتالیاو ئوروغوای دەگرێتە خۆی . کۆمەڵی دووەمیش لە ئەرژەنتین‌و ئەلەمانیای ڕۆژئاواو بەرازیل پێك دێت.

یاری‌یەکانیش بە پێی ئەم نەخشەیەی خوارەوە دەکرێن :

یەکەمین یاری لەڕۆژی ١ ـ ١ ـ ١٩٨١دا لە نێوان ئەرژەنتین‌و ئەلەمانیای ڕۆژ ئاوادا دەکرێت .

سێیەمین لە ڕۆژی ٣ـ١ـ ١٩٨١دا لە نێوان ئیتالیاو نوروغوای‌دا دەکرێت .

چوارەمین یاری لە ڕۆژی ٤ـ١ـ١٩٨١دا لە نێوان بەرازیل‌و ئەرژەنتین‌دا دەکرێت .

پێنجەمین یاری لە ڕۆژی ٦ـ١ـ١٩٨١دا لە نێوان هولەندەو ئیتالیادا دەکرێت.

شەشەمین یاری لە ڕۆژی ٧ـ١ـ١٩٨١دا لە نێوان ئەلەمانیای ڕۆژئاواو بەرازیلدا دەکرێت .

دوا یاریش لە ڕۆژی ١٠ـ١ ١٩٨١دا دەکرێت . شایانی باسە کە ئەم شەش تیپەی لەم پاڵەوان‌بازیەدا بەشداری دەکەن تاکو ئێستا هەر ئەوان کاسی پاڵەوان بازیتی جیهانیان بردۆتەوە .

تۆپی پێی جیهانی

بووکی بەفر

بەفر)ی پێشکەش کرد کە مەهدی ئومێد نووسیویەتی وکاك طلعت سامان دەری هێناوە.

شانۆگەری‌یەکە لە سەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی (رزگاری) پێشکەش دەکرێ .

ئەم دەمە تەقێ‌یەش کە لە گەڵ دەرهێنەرو ئەکتەرەکانی شانۆگەری‌یەکەدا کراوە ، پێش دەس پێ کردنی پیشاندانی شانۆگەڕیە کە ئامادەکراوە .

ئەو ڕۆژەی چاومان بە چەند خوشك برایەك کەوت لەوانەی کە لە نواندنی شانۆگەری‌یەکەدا بەشداریان کرد .. زاتێکی دەویست پیاو لە گەرمەی کارکردندا خۆی لەو لاوەهونەرەمەندانە نزیك بکاتەوەو لەو جیهانە پێشکەوتوە پڕ بەهرەیە دوورياں بخساتەوە ..

هەر چۆنی بوو ڕووم کردە کاکە طلعت سامانو گوتم :

ـ (بووکی بەفر) دەقێکی حۆماڵی‌یە .. ئایا وەکو دەرهێنەرێك هەست بە جیاوازی دەکەی لە نێوان دەرهێنانی دەقێکی حۆماڵی‌و دەقێکی وەرگێڕراو یان ئامادەکراو لە دەقێکی بێگانەوە و .. چۆن سنووری نەم جیاوازی‌یە دیاری دەکەی؟

وەڵام ـ هەڵبەتە ، ئەم جیاوازی‌یە دەقی خۆماڵیش دەگرێتەوە ، چونکە هەر دەقێك قەوارەو شێوە وناوەڕۆکی تایبەتی خۆی هەیە ، مۆرکی نووسەرو ئەم ڕۆژگارو شوێنەی لە سەرە کە لە ناخیدا پشکووتوە ، ئەگەر پتریش قوول بینەوە دەبینین بۆ چوونی دوو دەرهێنەر بۆ دەقێکی دیاری‌کراو دەگۆڕی وجیاوازی تەواوی لێ بەدی دەکرێ . جگە لە مانەش دەرهێنەری خاوەن شێواز لە کاتی تعامل‌کردنیان لە گەڵ دەقێکدا هەوڵ دەدەن هەر هەمان شێوازی خۆیان بسەپێنن بە سەر دەقەکەدا ، ئەگەر دەقەکە بە شێوەی ئەرستۆیش نوسراین بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەرهێنەران لە تعامل کردنیاندا لە گەڵ دەقێکی دیاری‌کراودا هەر ئەو شێوەیە دەچەسپێنن کە لە گەڵ دەقەکە دەگونجێ .

برسیارێکی دیکەم لێ کرد :

ـ نووسەر لە شانۆگەری بووکی بەفردا بەرای تۆ دەیەوێ چی یگەیەنێ ، تۆش وەکو دەرهێنەرێك چۆن بۆ قوتابخانەیەکی تایبەتی‌یەوە بەستوە ؟

وەڵام ـ لە سەرەتادا حەز دەکەم ئەوە رایگەیەنم کە شانۆگەری‌یەکە وەکو زوربەی دەقەکانی تری کاك مەهدی هەوڵدانێکی گەنجانەی توندو تیژە لە پێناوی داهێنانی دەقێکی رەسەنی کوردی ... هەر بۆیەشە دەبینین کەسایەتی‌و بیرۆکەکان‌و دیمەنەکان مۆرکی چەندەها شێوازی شانۆگەری تیدا بەدی دەکرێ .

« نامافوول‌و ریالیستی‌و برنجستی ، رەمزی ...هتد» گشت ئەم شێوازە جۆراو جۆرەی خستۆتە نیو چوار چێوەی کەلەپوورو فۆلکلۆرەوە بۆ ئەوەی شارستانی‌یەت و مێژوو بە بەك ببەستێتەوە و قەوارە هونەری‌یە رەسەنەکە بدۆزێتەوە .

خوازێ : کورە کەلە دەڵێی چاوت هەڵنایە تەماشایەکی ئەم لاو ئەو لای خۆت بکەی ؟

بەردەشانی :

بەخوا زەرێ، چاوم هەڵدێ خانم وا تێدەگەی چاوم بەفر بردوویەتی ...

خوازێ :

مەبەستت ؟

بەردەشانی :

خانم بۆنی مێنمەك زیاتر گێژی کردم .

ئامادەکردنی : عبدالوهاب تالەبانی

لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر خەریکی پێشکەش ـ کردنی شانۆگەری (بووکی بەفر)ی پێشکەش کرد کە مەهدی ئومێد نووسیویەتی وکاك طلعت سامان دەری هێناوە.

شانۆگەری‌یەکە لە سەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی (رزگاری) پێشکەش دەکرێ .

ئەم دەمە تەقێ‌یەش کە لە گەڵ دەرهێنەرو ئەکتەرەکانی شانۆگەری‌یەکەدا کراوە ، پێش دەس پێ کردنی پیشاندانی شانۆگەڕیە کە ئامادەکراوە .

دەربارەی دەقەکەی کاکە مەهدی ئومێد دەڵێ :

دەقەکە خۆماڵی‌یەو لە واقیعی کوردەواری‌یەوە هەڵقولاوە ، کەواتە کاروکە بۆ ئەکتەرێکی کورد شتێکی ئاشنایە ... نووسەر لە شانۆگەری‌یەکەیدا وای‌کردوە کە کورە گاوان پلە پلە هۆشیار بێتەوە ئەویش لە ئەنجامی تاقی‌کردنەوەی ڕۆژانە وداگیرکردنی گوندوکەیان لە لایەن ژەندرمەکانەوەو قەدەغەکردنی گواستنەوەی خۆشەویستەکەی ، ئەمانە هەموو لە لایەك (بووکی بەفر)یش وەکو نەفسانەیەك لە لایەکی ترەوە مێشکی دەکاتەوە و دەیخاتە ڕیزی میللەتەوە ..

● کچی هونەرمەندیش (نازەنین عومەر شەریف) کە دەزگیرانی کورە گاوانە دەربارەی دەورەکەی گوتی :

کورە گاوان‌و دەزگیرانەکەی لە گوندێکی بەفرینی ئوێستانەکانی کوردستاندا دەژین وچاوەڕوانن بەفر بتوێتەوە بۆ ئەوەی زەماوەندیان بگێڕن بە یارمەتی هونەرمەندەوە لە گەڵ سەردەمدا هەنگاو دەنێ .

بۆیە بە بۆ چوونی من ئەدەب و هونەر شورشێکی بەردەوامی ژیانن وتا مرۆڤ لە سەر رووی ئەم زەمینەدا بژی ، ئەم شۆرشە هەر بەردەوام دەبێ .

● کاك عبدالله خۆشناویش دەربارەی دەورەکەی دەڵێ :

لەم شانۆگەری‌یەدا دەوری گەنجێکی بێباوەڕو ترسنۆك دەبینم لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی پێویستی‌یان پێی‌هەیە .

هەوڵم داوە بە شێوەیەکی کۆمیدی دەورەکەم ببینم تا لایەنە سەلبیەکە بە باشی‌و کاریگەر وە دەرخەم .

جا تیا سەرکەوتوو تیایدا بان نا .. ئەوە من حەکەم نیم تیایدا .

دەربارەی دەورەکەی خۆی کە (وەستا)یە دەڵێ :

ـ ئەکتەری سەر بە میللەت دەبێ سڵ نەکاتەوە لە دەورانەی کە رەنگی ژیانی زوربەی زۆری جەماوەر دەداتەوە ، من لە گەڵ هونەرمەندی ئیتالیای (جیان ماریا فولتز)م کە دەڵێ :

ئەو ئەکتەرانەی کە تەنیا دەوری رایواردن لە سینەمادا دەبینن ، ئەوانە بووکی سەماکەرن .. هتد).

● کاك ڕزگار شێخانیشی کە دەوری (یوزباشی) دەبینێ گوتی :

ـ هونەر پاکترین جوانترین دەسکەوتی مرۆڤەو، توانیویەتی ڕەش سپی لە یەك جیا یکاتەوە ... واتە هونەر

● کاك ئەسعد عومەر کە دەوری کورە گاوان دەبینێ

لەشانۆگەری (پێشانگا)دا دەورم بینیوە ، جگە لە شانۆگەری‌یەك کە دەریارەی لە ناو بردنی نەخوێندەواری بوو .

بەفر دەتوێتەوە و لە گەرمەی ژەماوەنددا ژەندرمە دەورەی گوندەکەیان دەدەن و دارای تاچێکی زێڕ دەکەن بۆ سولتان ... دەزگیران وکورە گاوان دەبێ لێرەدا چۆن بچن بە گژ ئەم داواکاری‌یە سەختەدا ؟ لە گەڵ کێ‌دان؟لە شانۆگەری‌یەکەدا ئەو وەڵامە دەدەینەوە .

● کاك شوان ئیسماعیلیش

● کاك مؤید محدیش دەڵێ:

لەم شانۆگەری‌یەدا دەوری جارچی دەبینم .. فەرمانی سولتان دەخوێنمەوە ، بەڵام خەڵکی گوێم نادەنێ وکرنۆش بۆ تاجی سولتان نابەن .

● کاك ئەکرەم رەوەندیش دەڵێ :

لە مێژەوە ژەندرمە ناوبانگێکی خراپی هەبوە لە ناو ئەلەکەماندا‌و دەماودەم کارە نارەواکانیان تێپڕاوەتەوە کە وێنەی زوڵم‌و زۆری سەردەمی رەشی عوسمانیلی‌یەکان بوە. من دەوری ژەندرمەیەکی ئەو سەردەمە کۆتانە دەبینم‌و هەوڵم داوە کە خراپەکاری‌یان بە هەموو توانایەکی هونەریمەوە بخسەمە کار .

● ئەوەی لە سەرەوە گوترا رای بە هەمهێنەرانی شانۆگەری‌یە کەیە ... هەر چەند شتێکی ئاسایی‌یە کە خۆکم هەر لە دوایی‌یدا دەدرێ ، بەڵام هەر لەو بڕوایە دابن کە (بووکی بەفر) وەکو کارێکی ئەدەبی‌و شانۆیی جێگەیەکی دیاری‌کراو بۆ خۆی لە کاروانی هونەری کوردیدا دەکاتەوە .

نازنین

ئازادە

اکرم

مؤید

شوان

رزگار

ئەسعد

Institut Kurde de Paris

پالاکیە کانی کرێکارانی سلێمانی

● بۆ دەرخستن‌و روون کردنەوەی چالاکی‌و جموجوڵی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی‌و هەروەها دەرخستنی هەوڵی کرێکاران بۆ زیادکردنی بەرهەم لە شوێنەکانی کاروباری لایەنی سۆشیالیستی‌دا ، بەشی رۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لە یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانیدا پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆغرافیان لە هۆڵی یانەی وەرزشی کرێکاراندا کردووە.

● پێشانگاکە بەرێز هوشمەن مصطفی بەرێوەبەری ناحیەی سەرچنار لە جیاتی پارێزگاری سلیمانی لە ئاهەنگێکدا بە ئامادە بوونی چەند ئەندامێکی نوسینگای تەنفیذی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی کردی‌یەوەو وێنەگری یەکیەتی کرێکارانی سلیمانی کاك سامان ئیسماعیل بابەتی‌و وێنەکانی بۆ روون کردەوەو ئەوەی دەرخست کە ئەو وێنانەی پێشانگا کە هەموویان بە کاڵیرانی ئەو گیراوون‌و سەر بەرشتی پێشانگاکەشی کردووە .

● دوای گەران بە ناو پێشانگاکەدا ئەم گفتوگۆیەمان لە گەڵ وێنەگری تایبەتی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی‌دا کرد .

● کاك سامان باسی چۆنی‌یەتی پێك هێنانی ئەم پێشانگایەمان بۆ بکە .

× ئەم پێشانگایە بریتی‌یە وێنانەی کە لە چالاکی‌و جموجوڵی یەکیەتی کرێکارانی سلیمانیدا بە کامێرای خۆم گرتوومن‌و دوای زۆربوونی وێنە رەنگاورەنگەکان حەزمان کرد کە هەوڵ‌تەقەلای کرێکاران بە جەماوەر ناسێنین بۆیە هەوڵێ کردنەوەی ئەم پێشانگایەمان داو لە بەر ئەوەی کە لە بەشی رۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی یەکیەتیماندا ئامێری وێنە ئەورەکردن‌و چاپکردن نیە لە دەرەوە واتە لای وێنەگری ئەهای وێنەکانمان گرتەوەو گەورەمان کردن‌و پێشانگاکەمان پێ کردەوەو.

● کاك سامان لە یەکیەتی خەریکی ئیشوکاری وێنەگرتنی ؟ .

× سێ ساڵە لە یەکیەتی نەقابەکانی سلیمانیدا خەریکی ئیشوکاری وێنەگرتنم‌و بێجگە لە وێنەگرتنی کامێرای فۆتۆغرافی بە کامێرای سینەمایی وێنە ئەگرم‌و هەر چی دەنگو باسوو چالاکی کرێکارانی سلیمانی هەیە ئەیگرم‌و ئەیێنێرین بۆ تەلەفزیۆنی کرکوك‌و لەوێوە پیشان ئەدرێت‌و گەلێ جار چالاکی‌و جمو جولێ شوێنەکانی تریش وێنە ئەگرم‌و ئەینێرین بۆ تەلەفزیۆن .

● ئەم پێشانگایەتان چەند وێنەی تیابوو ؟ .

× نزیکەی ٢٩ وێنەی ئیشوکاری وێنەگرتنم‌و بێجگە لە وێنەگرتنی کامێرای فۆتۆغرافی بە کامێرای سینەمایی وێنە ئەگرم‌و هەر چی دەنگو باسوو چالاکی کرێکارانی سلیمانی هەیە ئەیگرم‌و ئەیێنێرین بۆ تەلەفزیۆن کرکوك‌و لەوێوە پیشان ئەدرێت‌و گەلێ جار چالاکی‌و جمو جولێ شوێنەکانی تریش وێنە ئەگرم‌و ئەینێرین بۆ تەلەفزیۆن .

● ئەم پێشانگایەتان چەند وێنەی تیابوو ؟ .

× نزیکەی ٢٩ وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ وئەمەش بەکەم پێشانگامانە .

● کاك سامان تۆ هەر بەم ئیشەوە خەریکیت ؟ .

× بێجگە لە ئیشی وێنەگرتن خەریکی خوێندنیشم وئە قوتابخانەی شەو لە دواوەی ساڵی ١٩٥٩ لە شاری هەڵەبجە لە دایك بووم‌و ئیستاش بە هۆی ئیشوکارو ژیانی خێزانی‌یەوە واین لە سلیمانی وئیتر من نەم توانیوە شتێکی وا دیاریش بکەم کە لەوە زیاتر باسی خۆم بکەم‌و مەسەلەیەکی کوردیش هەیە ئەڵێ (عەیبە پیاو باسی خۆی بکات) .

● کاك سامان ئێمەش لە کۆتاییدا داوای سارکەوتنت بۆ ئەکەین‌و یاخوا نمونەتان زۆربێ بۆ خزمەت کردنی ئەم نەتەوەیەی ئیمە کە چاوەروانی دەستی لاوان‌و هەوڵی دڵسۆزانەی ئەوانە .

پۆلی دووەمی ناوەندی دەوام ئەگەم .

● لە ژیانی هونەری‌و وێنەگرتندا نیازتان چی‌یە ؟.

داهێنان‌و پەرە پێدانێکی هونەری وتا ئیستاش هەر بچم نەزانیبێ لە هاوێیانی شارەزام پرسیوەو بە گوێرەی پێویستی ئیشوکاری خۆیشمان تاکو ئیستا هیچی وام لێ نەگیراوە کە پێوەی دابمێنم‌و برادەرانی یەکیەتیش زۆرم هان ئەدەن‌و یارمەتی یەکی باشم ئەدەن.

● کاك سامان ئەی باسێکی خۆتنا نەکرد ؟

× من ساڵی ١٩٥٩ لە شاری هەڵەبجە لە دایك بووم‌و ئیستاش بە هۆی ئیشوکارو ژیانی خێزانی‌یەوە واین لە سلیمانی وئیتر من نەم توانیوە شتێکی وا دیاریش بکەم کە لەوە زیاتر باسی خۆم بکەم‌و مەسەلەیەکی کوردیش هەیە ئەڵێ (عەیبە پیاو باسی خۆی بکات) .

حەمە سعید حمە کریم
پ. هاوکاری لە سلیمانی

کاروباری کۆمەڵایەتی خەڵك

گەڕاجە گشتی یەکەی هەولێر و نرخ دانان

عبدالله بابە علی

هاتوچۆکردن لەنێوان شارەکان بەگورج‌و گۆڵی ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی شارستانی لە هەر وڵاتیکا‌و بەتایبەتی ئیستاکەش کە کۆتایی چەرخی بیستەمەو پلەی بەرزبونەوەی بارو ژیانی خەڵك پێشکەوتوەو (عصر السرعەیە) وەوڵاتی بەمەش یەکێکە لەو وڵاتە تازە پێگەیشتوانەی کە شان‌بەشانی چەرخ هەنگاو ئەنێ لەگەڵ ئەو شتانەی کە لەسەرەوە ناسمان‌کرد تائیستاکە وەکو پێویست نەتواندراوە زاڵ‌بن بەسەر ئەو (ئوتۆمبیلانە) کە لە نیوان شارەکاندا هاموشۆ ئەکەن .

هەرچەندە لەهەمو شارێکا گەڕاحیکی گشتی کراوەتەوەو لەژنەیەکی تایبەتی سەرپەرشتی ئەکات‌و نرخ لەنیوان هەر شارێك‌و قەزاو ناحیەیەیێ دانراوە بەڵام ئەمە بەزۆری هەر نوسینەو بەس!!! وەك چایخانەو جیشتخانەکانی رێگا گشتی‌یەکەی (دوزە) کە چۆن بۆیاخ‌و گڵوپی زەردو سور کراوە لەوانەیە چایەك بخۆی بەرەو رێگای نەخۆشخانە بکەویتە رێگا .

ئەگەر بێتو رۆژێ نەرۆژان سەر لە گەڕاجە گشتی‌یەکەی هەولێر بدەین‌و بازی رویشتنمان بۆ بەغدا یان موسل یان کەرکوك ... هند هەبێ ئەوسا بەچاوی خۆمان دەبینین :-

خاوەن تونومبیلەکان کە دبنا ناو گەراچەوە بەخیرایی لێ‌ئەخورن‌و ناچن لەریز رانوەستن تەنیا چەند ئوتەمبیلێ نەبێ ... ئەوانەی ئەیانەوی بڕۆن بۆشارێ لە شارەکان ناچار ئەبن بەدواباندا ڕابکەن‌و بگەنە ئەو جێگایەی کە ئوتەمبیلەکە ڕائەوەستێ ئەوسا لێخوری ئوتەمبیلەکە ئەلی کاکە نارۆم هیلاکوماندوم دائیستا هاتوم ... ئەوسا بە ساردی ئەگەڕێنەوە خۆ ئەگەر منال یا ئافرەت یا پیری پێ‌بێ ئەوا کاری زۆر دژوارە خۆ باسی ئەوەش مەکە ئەگەر هەندێ کەل‌و پەلی فورست پێ‌بێ ... هەر خاوەن ئوتەمبیلی یان لێخورێ لە کەنارەوە ڕائەوەستی‌و چاو ئەبڕێتە خەڵکەکە بزانێ بۆ کوێ ئەرۆن ئەو شوفێرەی بۆ بەغدا ئەروا چاو لەو کەسانە ئڕئەدا کەبۆ بەغدا ئەچن.... نزیك ئەبێتەوە ئەڵێ کاکە ئەگەر پارەی زیادم ئەدەیتێ ئەڕۆم وەنەفەری بەغدا ئەگاتە نزیك ...رە پێنج دینار ... هتد .

جا خەڵك ئیشی هەیەو یا پەلەیە ئوتەمبیلیشی دەست ناکەویت بەناچاری ئەروات .

ئەوەی نەیەویت زیادەکەش بدا هەربا بەدوای ئوتەمبیلا ڕابکا ... بەڵام ئەوەی ئەوکەسانەی کە سەرپەرشتی گەراج ئەکەن ئەوکارە ناپاکە نازانن ؟؟!! جا بۆ ئەوەی لەدەستی ئەو جۆرە کەسانە بدرێ پێویستە کاربەدەستان‌و بەرپرسیاران بەتوندتر چاودیریان بکات‌و نەهێڵی ئەو بەرەڵلایی نرخە پەرە بسەنێ تاهاموشۆکەران لەکاتی رویشتنیان بۆ جێگایەك توشی گیروگرفتی نرخ نەیەن .. وەئەگەر بێت ئەو دەزگایانەی بەرپرسیاری هانوجۆکردنن چەند ئوتەمبیلێ بێنن بەرێك‌وبێکی ئەنیوان شارەکاندا خەڵك بگرازیتەوە ئەوسا خاوەن ئوتەمبیل‌و شوفیرەکان ناتوانن ئەوها بەو جۆرە دەست دریژی بکەن‌و بەو شێوەیە لەگەڵ هاوولاتیان بچولیتەوە چارەسەری ئەو گیروگرفتە رازی هاوولاتیانە لای بەرپرسیار با ئاورێك بداتەوە.



سەمون خانەیەکی کارەبایی

جمیل کریم

زۆر لە مێژە شاری هەڵەبجە چاوەڕوانی ئەوەیە کە گیرو گرفتی نان نەخێك کەم بێتەوەو ئەوەش کە زۆر ڕون بێت بونی نانەوا لە هەرشوێنێکدا دەسکەوتێکی باشی ئەو خەڵکەیە لەوێدا دەژین ، بەڵام لە بەر زۆری خەڵك‌و کەمی نانەواکان خاوەن نانەواخانەکان ئەو گرنگی‌یەی هەیانبوو لە سەر نان دروست کردن خستیانە پشت گوێ‌و هەتا ئیستاش ئەو نانەی کە دەیفرۆشن کەلکی نی‌یە. بەڵام لەم دوایی‌یەدا سەمون خانەیەکی کارەبایی بۆ هات‌و ئیمە زۆر بە پێخۆش حالی‌یەوە ئەم سەمونخانەیە بەرێوە دەبەین‌و هەرچەند لە سەرەتاوە خەڵکەکە پێی ڕانەهاتبون بەڵام ئیستا لە بۆژێکدا نزیکەی (٥) فەردە ئارد دەکەین بە سەمولە .

لە بارەی جیاوازی سەمونی کارەبایی‌و دەستیدا ووتی : ئەوەی ڕاستی بێت ئەم سەمونە هەر لە سەرەتاوە تا ئەوەو بونی هیچ کاریکی دەستی تێدا نی‌یەو ، بە هۆی کارەباوە دێتە بەرهەمو بە تەواوی لە کورەکەدا دەبرژێت‌و توشی سوتان‌و زەرد بون نابێت .

لە دوایدا ووتی : ئیمە بەردەوام هەوڵ دەدەین بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە گشت حەزێکی ئەو خەڵکە بینینە دی‌و بە پێی توانای خۆمان بەرهەمێکی باشیان وە دەست بخەین‌و بە ئارەقەی ماتدوو یونی ئەم پێنج کرێکارە خەڵکەکە ڕازی بکەین .

نەختێ نەبونی نانی کەم کردەوە .

● کاك عظیم حمە رەحیم ئەو سەمونخانەیە بەرێوە دەبات‌و لەم بارەیەوە ووتی :

کاروباری کۆمەڵایەتی خەڵك

نامەی ئەم قوتابیە !

قوتابی رزگار عثمان اسماعیل لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی پیشەسازی سلیمانی لە نامەکەیدا دەڵێ : لە کاتی پارەدانی مانگانەی قوتابیاندا ، تەنیا رۆژێ ، دواکەوتم ، کە دوایی چووم بۆ وەرگرتنی«موخەسەساتەکەم وایان وەڵام دامەوە کە حەقم ئەوتاوە نەك هەر ئەمە،بەڵکو تا ئیستا (قائمە سفری) ساڵی یەکەممان بۆ سەرف نەکراوە.

هاوکاری :

وا بزانین ، ئەمە یەکەم نامە نیە دەربارەی ئەم کێشەیەو هەر لەو قوتابخانەیەدا پێمان دەگا . نازانین ،لێپرسراوانی قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی لە سلیمانی بۆ وەڵامێك نادەنەوە ! هیوا دارین ئەمجارە ، شتێ دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەربڕن .

گوندی زەماوەنگە لە کەلار

نامەی هاوولاتی حسین-حسن ..

لە گوندی زەماوەنگە لە کەلار ، داوا دەکە کە رێگای نێوان گوندەکەیان‌و شەقامی گشتی کەلار - دەربەندیخان فێرتاو بکرێ چونکە تەنیا (٣) کم لە وشەقامە گشتی‌یەوە دوورە .

دیسان دەڵێ لەمەوبەر نە نەخوشخانەی گوندەکەمان یاریدەدەری پزیشك هەبوو ، کەچی دوای گواستنەوەی ئەوەی پێشو تائیستا نەخۆشخانەکە بە چۆڵی ماوەتەوە .!

دیسان هەڵبجەو شەقامەکانی

(بێ‌گومان هەتا ئیستا چەند جارێ داوایە حراوەتە پێش چاوو کە گرنگتر نییان فیرتاوکردنی شەقام‌و کۆڵانەکانی شارەکەیە کە ئەم باسە هەمیشە لە سەر زاری دانیشتوانەوگوایە بارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە چەند ساڵ لەمەوبەر کە ئەوپارەیە بەشی کشتی‌ئەکات ، بەڵام چەند مانگێ لەمەوبەر چەند شەقامێکی سەرەکی لە شارەکەدا فیرتاوکرا بە ناتەواوی ئاشکرایە بەڵام لە زستاندا هەندێ لە کۆڵانەکان تەنانەت مەکینەی جووتیشی (تراکتور) یشی‌تیا دەرناچێت لە بەر زۆری قووڕ ، وەلە هاونیشیدا هەر چاو چاو نابینێ لە شەکامەکاندا لە بەر تەپووتۆز کە ئەمەش بێ گومان کار ئەکاتە سەر تەندروستی دانیشتوان ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە بەر تەپووتۆز کە ئەمەش نەو بەر واتە کانیسکان بەتایبەتی دەوروبەری شێخ سمایل ژیانیکی تاڵیان هەیە بەهۆی نەبووی ناوەوە ، ئەم خێزانانە بە تەنەکەو کوونە رووئە کەنە ماڵەکانی ئەوبەر بۆ ئاوهاوردن کە ترنکەی (٥٠٠) مەتر ئەبڕن بۆ ئەم مەبەستە .

دیسانەوە داواتان لێ ئەکەین کە وەك برایەکی دڵسۆزی ئەم نشتمانە ئەم دارایە نجەنە ڕوو بەلکو ئبتر ئەمە کۆتایی پێ بهێنێ

براتان
بکر رشید احمد لە هەڵەبجە

Institut Kurde de Paris

گوپال

● بەدرخان عبدالحمید ●

ئیڤارە درەنگە ، سیبەریت ئیڤاریا یێت شورِبوین (داربِی) گەلەك ماندیبو ، داس‌و بفریت حو هلگرتن ، بەریف رێبوو رێکا وارێ خو گرت راست بو بن کوخێ ، ئەوا د کەفتە فنە نیفا رێلی ، رحمەتیێ بابێ وی ئافاکربوو لوی کڤلەگوندی ، .. برێڤە د هات بابێ وی د هاتە بیرێ دەمێ شیرەت لێتکرن‌و هەر ئەو شیرەت بو دوبار د کر داخو بپارێزیت ژ دەهبێت ڤی رێلی ، (داربِی) یێت خو سڤك کرن دا زوی بگەهتە بن کوخێ چنکی تاریا شەڤێ بسەرداهات ... ئەڤەبوو کارێ داربِی هەرو داچیتە سەر شولێ خو ، ئیڤاری دا زڤریتە بن کوخا خو لوی واری ... رۆژەکێ ژ خەو رابوو هەر زادەکێ بدەست کەتی خار ، ژ کوخێ دەرکەفت دەوسا مرۆڤەکی دیت یێ ل دور کوخێ زڤرِی‌ی باشی راست یێ چووی بو بوشاتیا دارستانێ ، داربِی لێ نێرِی هزرێت خو کرن بەلێ بچڤە نەگرت داس‌و بفریت خو هلگرتن چو سەر کارێ خو .. بوو ئیڤاری ڤەگەریا وارێ خو چەند دەمەکێ کێم روینشت پێزنەك هاتە گوها وەك چوونا دەهبا ، پرچێ سەرێ وی قژ بوو لەرزی ددانێت وی ل سەرێك شدیان...دەمێ هاتیە پێزیك‌و ل رەخێت کوخێ زڤرِی هاتە راستا دەرگەمی گوپالێ خو ل دەرگەهی دا ، ترسا داربِی پیچەکێ کێم بوو زانی ئەڤە مرۆڤە نە دەهبەیە .

دەرگەهە بو ڤەکر ژێهەل لێ نێرِی پیرەمێرەکێ بەلنگاز، ناف سالڤە چوبی ، نەشێت خو ل سەر پیا بگریت بێ گوپال پشتی سلاڤ کری بژورکەت ... روینشت گوپالێ خو بالدا دیواری ، داربِی بسیار ژێ کر .

– چ کەسی ، ژ کیڤە د هێی دێ کیڤە چی ؟

– ئەز .. سەروکم ، سەرکێشێ خێلێ خومە ، بابێ من مر ئەز بتنێ کوڕم ژ خێزانێ هێلای .. پشتی مرنا وی ، قێلی ئەز هلبژارتم، ئەز بوومە سەروك ، بەلێ ژ سەر دەمێ بابیرێ من هندەك ببانی‌یا هێرِشەك دا سەر خێلی ئێخستە بن دەستێ خو ماقولێ خێلی بکوچکا وان بو ئێخسیرو بەنی ، . . ئەڤژی لناڤ خێلی گەرام سرۆڤێت خو هەمی مێن تێگەهاندن ئو رۆژەك نیشان‌کر دا بفی کاری رابین ، خو ژ ڤێ زوردارێ هەوکەین ژیانەکا سەربەستی بژین ، لێ رۆژا ئەم رابووین مرۆڤێت من دەستێ هاریکارێ بو من درێژ نەکر ئەز شکەستم ئەز ژ وان بەرزەبووم .. نزانم دریماهی‌یێ کا چ ل وان هات، فەلەکێ ئەز ئینامە ڤێرێ ، بەرزەمە لناڤ ڤێ دارستانێ سحبەتێ گەلەك نە کێشا چنکی داربِی گەلەکێ ماندیبو ... رابو جمەك بو مێڤانی جێکر ژ پویشی‌و کەڤێت ناژالا هەردووا سەرێ خو داناو نفستن ، .. بارانەکا هویر یا لێدکەت گژێنا کوخێ‌یە ژ بەر بارینا بارانێ. دەمێ بی‌یە سپێە ژ خەو مێڤانی گوتێ :

– ئەرێ تو د شێی‌ی رێکێ نیشا من بدەی ؟

– نەکارەکێ ب زحمەتە.

مینا ژ کوخێ دەرکەفتن بایەکێ تەزی یێ د هێت ڤویساری ئەردێ سپی‌کری وەك تەخەکا تەنك ... ژوردا ب رێکی‌دا مێڤانی گوتێ :

– ئەرێ تو د زانی ئەز سەرکێشم ؟ ئو هەر دێ مینم سەرکێش چەند ئەڤ دارە لنك من بیت ، ئو ئەڤەیە نەپەنیا ژینا من ! داربِی بری‌یەکێ مەندەهۆ شن لێ نێرِی ! هزرا وی لێ خەلەت بوو، کەتە دلی کو وی داری ژێ بستینیت دا ئەو ببیتە سەرکێش گوتە مێڤانی :

– ئەرێ تو وی وگپالی نا فروشی ؟

– ئاخفتنەکا سارە ، چەوا ئێك خو بفروشیت، نەچێبویە ئەڤە !

بەلێ بیرەمێر لا بەر نەهات ، هزرکر تشتەکێ گەلەکێ بکیماتی‌یە ...داربِ ژێڤە نەبوو جارەکادی گوتێ :ـ

– باشە بکە دیاری‌و بدە من ! .. بیرەمێر لێ‌خوری بدەنگەکێ بلند .

– مانە بەسە ... هەر دێ بێژی !!

بڕوانە ل : ٧

دوو پارچە شیعری پورتوگالی

عبدالله عباس کردوویەتی بەکوردی

شەو

ئەو خانمە ، پیانۆیەکی هەیە ...
پیانۆیەکی چاك ،...
لەگەل ئەوەشدا ، لەرینەوەی ...
لەگەل خوڕەی رووبارو ،
خشپەی گەلاکاندا بێوانە ناکرێت ، !
پیانۆمان بۆ چی‌یە ... !!؟
وا چاکتر نی‌یە ، گوێ‌یەکمان هەبێت ،
بزانێ ، چۆن گوێ لە سروشت دەگرێت ؟!
شیعری : ئەلبیرتۆ کایدۆ

پیانو

لە ناوەراستی کێڵگەیەکی سپیدا
بە تەنیا بووم ...،
لە پەنجەرەی شینەوە ،
شەو ، هاتە ماڵەکەم ...
دیمەنی شەوو ، ئەستێرەکان ...،
ساردو ، کەڕ بوون .. !!
شیعری : صۆفیاوی برینێر

کوپرئۆغلی

● محمد رەنجاو ●

(ئەفسانەی کوپرئۆغلی کە لێرەدا نوسراوەتەوە ، نواندی هەستو سۆزو خەباتی دوورو درێژو لە مێژینەی گەلە ، راپەڕین‌و باخی بوونی کوپرئۆغلی راپەڕینە دژی بەگزادەو دەرەبەگە چەوسێنەرەکان)

– سەمەدی بیهرەنگی –

لەم رۆژانەی دوایدا شەوچەرەیەکی تری دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی کەسێ لە تینوێتی خوێنەری کوردی شکاند بۆ ئەو شاکارە جیهانیە رەسەنانەی کە پێویستیەتی. دوا بەرهەمی ئەو دەزگایە ئەفسانەی کوپر ئۆغلی‌یە کە نوسەری ناسراوی تورکیا لە دەمی یەکێکی ترەوە کێراویەتیەوەو کاك شکور مستەفا ش بەزمانێکی تەرو پاراو چێژدار وکوردیەکی خۆماڵیانە وەرێگێراوە .

کوپر ئۆغلی ئەفسانەیەکی فولکلۆری ئەو رۆژهەلاتەیەو لە ناو تورك وکوردو فارس دا باوەو ئێستاش زۆر لە کۆنینەکانی خۆمان ئەو ئەفسانەیان بە تەواوی لەبەرەو پێش دەرچونی ئەو کتێبەش کرد گوێی بەو ئەفسانەیە هەر ئاشنابو ، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر رەسەنی‌و جێژی ئەفسانەکەو (لە سەرەتادا لە ئازەربایجانی ئێران‌و تورکیاو لەئاسیای ناوەندیەوە تا رۆخەکانی رۆژهەلات‌و رۆژئاوای خەزەر ناسراوەو بیستراوەو وەریش گێڕراوەتە سەر زووربەی زمانە زیندوەکانی جیهان ئەوەتا بۆ یەکەم جار لە نیوەی سەدەی نوزدەهەم وەرگێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی‌و لە ساڵی ١٨٥٦ یش بۆ زمانی رووسی‌و فەرانسەوی وەرگێردراوە) کە ئەمەش بە پێزی‌و ناوبانگی ئەو ئەفسانەمان زیاتر بۆ رۆون دەکاتەوە .

کوپر ئۆغلی لەگەل ئەوەدا کە ئەفسانەیەو لە زۆر شوێندا لە زەمینەی واقیع دوور دەکەوێتەوەو زیاتر لە ئەندێشە دەچێ تاراستی بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەفسانەکە دەکاتە گۆڕەپانی بەرەنگاری کردن و بەگژداهاتنەوەی دوو مەسەلەی ناکۆك‌و دژ بە یەك کە ئەوەیان جەوهەری مەسەلەکەیەو کێشەی باڵەوانەکانی لە پێناودا دروست بوە ، کێشەی مرۆڤی خوارەوە دژی مرۆڤی سەرەوەی خواپێداو ـ چەوسێنەر ، چۆك دانەدانی مرۆڤی چەوساوەو رازی نەبون بە واقیعی وەستاوی بۆگەن .

ئەوە جگە لەوەی کە باڵەوانەکانی ناو ئەفسانەکە لە گۆڕان‌و تکامل بونێکی سابکۆلۆجی‌و بیرکردنەوەیەکی دروست دان ، ئەوەتا عەلی ڕووشەن لە سەرەتادا هەرزەکارێکی ساکارو ترسەنۆك بو هەرزەکارێ باسەوانی دوو نانی پێنەدەکراو بە هەرەشەیەکی رێگرە سەرسەریەکان نانێکی جێ‌دەهێشت‌و بە سکی برسیەوە لەگەل باوکیدا مل کەچی واقیع دەبون‌و شوکرانە بژێری ناچاری نانێك بون ، بەلام هەر هەمان عەلی ڕووشەن لە ئەنجامدا لە پۆبەی یاخی بوون سەرکێشی فۆناغ بە فۆناغیا دەبیندرێتەوە ، لە دروست کردنی (تۆیز)ە کەوە راو دوونانی رێگرە سەر سەریەکان تا فراندنی تیڵی‌نیگاری خۆشەویستی لە ناو کۆشی سەرداری باوکی‌و کوڕی وەزیری عوسمانیان‌و پیل بەست کردنی هەمو باڵەوانە رێگرەکانی رۆداوەکان‌و شوێن‌و کاتی ناو ئەفسانەکەو هێزی خۆشەویستی تیڵی‌نیگار ونامادەبونی بۆ تووڕ هەڵدانی کۆشك‌و دیوانی میرایەتی‌و رەگەل کەوتن لەگەل کوپرئۆغلی بە هەمو مەترسیەکەوەو رۆیشتنیان بۆ جامڵی‌بیل ئەوندەی تر پێزی زێدەی داوە بە جامڵی‌بێل‌و ڕووت‌کردنەوەی ئەو کاروانەی کە تا ئەو ساتە دەستی کەسی نەگەیشتبۆیەو چەسپاندنی هەمو خەون‌و خەیال‌و وەسێتەکای باوکی :

های لەوێ رۆژێ کوڕۆ
رووشەنۆ لەوێ رۆژێ .
دوژمن ونژدەی زۆردار
دەستە شەق‌و پەق دەکەی
کە دەچێتە بارەگای پاتشا ،
زار دەچێتە کلیلە ، پیاوم
دەوێ زار بگرێ
ڕیز ڕیز کەلە مێردان ڕیز
دەکەی
شایی‌و داوەتان تێك‌و پێك
دەدەی
بنەو باران لە جامڵی‌بێل
دەدەنێ–٣–)

گۆڕانی باڵەوانانی داستانەکەو یەکیەتی ئەفسانەکە .

ژانەکانی کوپرئۆغلی لە پێناوی خۆشەویستی‌و تۆڵەی باوکی کەتۆڵەی هەمو مرۆڤێکی چەوساوەو زۆرلێکراوە لە چەوسێنەرو زۆرداران‌و یاخی‌بونی بەرەو جامڵی‌بێل ئەوەمان بۆ دەردەخا کە (کوپرئۆغلی لە پێناوی گەیشتن بە میرایەتی‌و بەرزە ڕۆیی‌و ناوبانگی زاتی خۆی هەول نادات‌و تەنها لە پێناوی هەق‌و ئازادی خەڵکداو باشەڕۆژی شەرەفی مرۆڤایەتی دا دەجەنگێ–٤–)

ئەوەتا لە جامڵی‌بێل یش لە پێناوی جەماوەری ڕەشو ڕووت‌و هەژاراندا لە پێناوی ئەوەدا کە وەسیەتەکەی باوکی (ئەو شوێن وهەرێمەی تیوبانگتی تێدا بلاودەبێتەوە زابێ لات‌و هەژار بە خۆیەوە ببینێ–٥–) کە وەسیەتی هەق‌و عەدالەتەو دبسانەوە ئەفسانەکە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلە بنچینەیەکەی کێشەی کۆمەڵایەتی لە پێناوی نەمانی جین‌و توێژەکانی کۆمەل و چەسپاندی یەکسانی بۆ هەموان ئەوەتا یوسفی مەیتەر ئەو بەندە دەکاتە سەر وەسیەتێکی ترو دەڵێ .

(دەبێ بە تۆبزان رێگا بگری
بازرگان تاڵان کەی لە چەرچی بدەی –٦–
هەژاران پۆشتەکەی ، ترسیان تێرکەی)

چونکە (لە چامڵی‌بێل بەیوەندی کۆمەڵایەتی بەیوەندیەکی دادگەرانەو بەکسانیە کە ماڵ‌و سەروەت لە خان‌و بازرگانە گەورەکان دەستێن کە لە سەر چەوساندنەوەی کەسانی تر دەستیان کەوتوەو دەبێتە ماڵی هەموان –٧–) .

لە کۆتایدا هیوادارم دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی هەر بەردەوام بێت لەو جۆرە خزمەتە گەورانەو دەست رەنگینیشی بۆ وەرگێری ئەفسانەی کوپرئۆغلی .

سەر چاوەکان

١ – مجموعە مقالەکا – چاپی‌دووەم – سەمەدی بیهرەنگی ل ١٥٩ .
٢ – هەمان سەرچاوە ل١٥٦ .
٣ – کوپرئۆغلی –ل١١٠.
٤ – مجموعە مقالەکا –ل١٦٢– سمدی بیهرەنگی .
٥ – کوپر ئۆغلی ل١٠٩.
٦ – هەمان سەرچاوە ل١٠٧ .
٧ – مجموعە مقالەکا – سمدی بیهرەنگی – ل١٦٦.

سەمای قەرەجانە

– محەمەد حەمە باقی –
بۆ « سلێمانی موعینی »

– ١ –

هەر ئەبان ویست بمگرێنن ،
نەئەگریام ...
« پیرەمەگروون »یان لە سەرما ووردو خاش کرد،
فرمێسکێ لە چاوم نەهات ...!
بەلام دایە – دایکی زریان – ،
کە تۆم خۆش ویست ، فێر بووم بگریم !
مەڵێ : پیاو دل ڕەقە . ناگری ..
بڕوا بکە . « سیروان » ئاوی چاوی منە ..
بۆیە کە سیروانت چێ‌هێشت ،
ئەویش هەموو رۆژێ لە دوات ،
ئەوەندە بە سەر شان‌و ملی – زمناکۆ – دا ،
سەرکەوتووەو ، بۆت گەڕوە ...
ئێستا گۆناو ، گەردن‌و ، سنگی زمناکۆ .
پاکی بۆتە نێرگز جاڕ .

– مارتی ١٩٧٨ –

– ٢ –

دڵنیام چاك .
لە باسەوانەکەم کەمر، لەبەندیخانەدا ئەژیم ..!
ئەوە ئەگەر شەو ، نا شەوێکیش ،
بچێتەوە ماڵەکەی خۆی ،
لە باخەڵی ژن‌و ، منداڵەکانیشیا ،

خەو بە کلیل‌و ، کێلونی بەندیخانەوە ئەبنێی ..!
بەلام من هەموو شەوێکم ، تا بەیانی ،
لە خەوما وام لە باوەشی ،
جیهانێکی گەورەو ، سپی‌و ، بێ پەرژینا ..!

– نیسانی ١٩٧٩ –

Institut Kurde de Paris

دەسکی عەشق

دلپاك طاهر
کرکوك
شوباتی ١٩٧٩

هەور هەر چەند ،
گرژو مۆن بێ ..
دەریای باران ، هتمیەکات !
چاوی شەویشی ،
هەر چەند کوێر بێ ..
پزیشکی رۆژ ، چاری ئەکات !
خوای ئووبادیشی ؛
هەرچەند وێڵ بێ ،
کچی زەوی ئەیبەرستێ !
چیا هەرچەند
رووتەنە بێ ،
هەر گوڵی ئاڵ پۆشتەی ئەکات !
دە بە خوا تۆشی .
چەند بڵند بێ
باڵای وەفات ..
دەستی عەشقم هەر پێت ئەگات !

محمود زامدار

یەکەم شاعیری ئەم دەستەیە ، ڕۆبەرت گریڤزە کە لە ساڵی ١٩٧٥دا تەواوی کارە شیعریەکانی دەرچووە، لە یەکێ لەو قەسیدانەی کە ناوەکەی (یاگۆ)یەو لە دەفتیکی شانۆیی شەکسپیرەوە وەری گرتووە ، ئەڵێ :

« یاگۆ » لەو ژنە جادوویازە فێر بە
چۆن بە دوو فاقی‌بەوە
ژنو پیاوێکی ئەفیندار نکوژی
جارێ درۆ لە گەل ژنەکەو جارێ لە گەل پیاوەکە بکە
دڵاو دڵیان بخە نێوان .
گوناەو گومان ئەو روە زەردەی داپۆشیوە
لە نکاوێکا هەردوکیان گیان ئەدەن و ئەمرن .

شاعیری دووەم نۆرمان کامیرۆنە کە لە چوارینەیەکیا ئەڵێ :

فریشتەکانی سزا ، بیر بکەنەوە .
کە ئێمە مانان ، هەر لە باباوە تا ئیستا
لە (دان)ی پیسایی رێژەوە تا جۆن . د. رۆکفلەر
چەند منالێکین چاومان بڕیوەتە دوکانی شیرنی فرۆشێك

سێیەمیان ڕۆنالد برتراکە ، کە بە گاڵتەجاریەوە ئەڵێ ، بەلام قوڵ :

ژنەکە سوریکی خواردو ئاوری بۆ دواوە دایەوە
بوو بە ستوونە خوێیەك .
پیاوەکە سوریکی خواردو ئاوری دایەوە
ژنەکەی خۆی دۆڕاند .
کوڕەکە ئاوری دایەوە
پاشەڕۆژی خۆی لە دەس‌دا .

لە سایەی ئەم هەشت دەنگە لاوە رۆبەرت گریڤز – نۆرمەن کامیرۆن – رۆنالد برتراك – گ . د. ئەنرایت – گیفری گریکسۆن – جۆرج بارکەر – رۆبەرت کۆنکوست – باری بلیز)ەوە ئەتوانین رەنگی هەندێ لە روخساری راستەقینەی شیعری ئینگلیزی بڕێژین .. ئەوەی خەم شاعیرانەیشی کۆکردۆتەوە بەندە بە هەوو شتەوە .

یەکەمیان : هەموویان کەرەستەی شیعرەکانیان لە ژیانی رۆژانە هەڵئەهێنجن‌و بە هەیش شیعر ، لە ئاسمانی خەوتەمینی ڕەمزو ئەفسانەوە نەگەیەنە سەر زەوی .

دووەمیان : قەسیدەیتی – بە تایبەتی کورتە قەسیدە – لە لای ئەمانە تەنیا وردبونەوەو ئاوردانەوەیەکی بەهێزو داهێنەرانەیە ، بێ گوێدانە پەرەسەندنی هێڵی درامایی یا چیرۆك ئامیزی شیعر .. بەلام هەر یەکەیان رێبازی تایبەتی خۆی هەیە .. بۆ نموونە : (رۆبەرت)یان گەلێ جار رەمزو ئەفسانە ئەخاتە کار . (ئەنرایت)یان گەلێ جار چیرۆکێك ئەگێڕێتەوە . (بارکەر) یان مل بە چیرۆکی درێژەوە ئەنێ .. تاد .. تاد .. بەلام خاسیەتی هەرە دیاری ئەم هەشت شاعیرە لاوە ، سادەیی و دوور لە کە شان کەشان‌و تەعبیراتی خشەل – دوور نیە تا راستگۆترین‌و دووربن لە درۆو نخمنخ کردن – ونزیك لە گیانی گاڵتەجاری‌و راونانی شتی پروپوچ‌و دردۆنگ‌و ناراستە .

کچە ناوری دایەوە
شەرفی خۆی زراند بەرەو هەوراز چووەکە ناوری دابەوە
جێ‌پێی خۆی وون کرد .
ئەندامی پەرلەمان ناوری دایەوە
رەبەنەکە ناوری دایەوە
لە ئێمان وەرگەڕا .
باشا ناوری دابەوە
سەری هەڵکێشرا
سەر وەزیران ناوری دایەوە
یادداشتنامەکانی خۆی بە ملیۆنەها دۆلار فرۆشت.

شاعیری جوارەم (ج . د . ئەنرایت)ـە کە لە پال (٩) لێکۆڵینەوەی رەخنەیی‌دا ، (٩) دیوانە شیعریشی چاپکردوە .. لە چامەی (رۆژانەی شیعریانە)دا ئەڵێ :

باوکم ئەیوت : من لە رەچەلەکی پادشا (برایان بۆرۆ)
کە کونە قارەمانێکی ئیرلەندەیی بوو .
دایکیشم ئەیوت : هەمو نیرلەندەیەك وا ئەزانن
کە لە رەچەلەکی پادشاکان کەوتونەتەوە ،
بەلام لە راستیا : ئەمان هەموویان کاسولیك بوون
جاران حەزمان نەکرد بڕوا بە باوکمان بکەین
کەچی تا قیمانە فێری کردین ، بڕوا دایکمان بکەین!

شاعیری پێنجەم (گیفری گریکسۆن) ـە کە زۆربەی بابەتەکانی بە لای گاڵتەجاری‌و تیرو توانج‌و سیکەوە لار ئەبێتەوە :

ئەزانم ، بیر لە باری‌دا هەیە زۆر شت بکات ،
ئەشزانم کە دور نیە تۆ بمردایت ،
بەلام هیچ بیرێك نانوانێ
تۆ لە پال منا ، بخاتە سەر پێخەفی نووستن .

شاعیری شەشەمیش (جۆرج بارکەر)ە کە لە برگەی (٣١)ی قەسیدەیەکی درێژیدا ئەڵێ :

مەنحوتەب‌و ڕەمسیس
کە لە چاخی خۆیانا دوو خواوەند بوون
ئەمڕۆ هەردوکیان دەستەوەژنۆ دانیشتوون
وەکو دوو مردووی شکۆدار
دوو شکۆداری مردوو ، دانیشتوون
چاویان لە یەك زەق کردوە
مێش‌و مەگەزی ماین‌و مەرو مالاتیش
لە سەر سەریانەوە بە گیزگیز تێ ئەپەڕن ..!

شاعیری حەوتەمیان (رۆبەرت کۆنکوست) ـە کە ئەم شیوەنە بۆ رەخنەگری هاوڕێی (لیونیل تریلینگ) ئەگێڕی و ئەڵێ :

هەر چ جۆرە رژێمێکی بێ‌هێز هەبێ ، زنجیر ئەگرێ
هەر چ جۆرە دکتۆرێکی وەفادار هەبێ
شیرینی بیرو هەنگوینی شانەی عەقل ئەپارێزن ..

دوا شاعیریان (باری بلیز)ـە کە لەم چوارینە بێ نازناوەدا ئەڵێ :

دوێنێ شەو منالێك بوو
دۆشی حەمامێکت وەرگرت
دوێنێ شەویش منالەکە مرد
گراسێکت لە خم نا .

سەرۆکی فەرمانده: رێگا بە بێگانە نادەین «پاشماوە»

نەوەندەی دەولەتە گەورەکان دەبینین و ئەمە چاوەنانە پێیتان دەبینین وئەگەر چاوی خۆمانیان بدەینی ، من وای بۆ دەچم گەلەکەمانیان بەو چاوە نەدەبینی کە ئێستا پێی دەبینن .

دوێنێ بە برایانتان بە شاعیرە میللییەکانمان وت :

ئەگەر ماوەی میهرەجانی شیعرەکەمان درێژ بکردبایەوە بۆ (١٢)ی مانگ ئەوا هۆڵی ـ خلد ـ هەر پڕ دەبوو لە شاعیران و ئەمڕۆ لە رمیثە بۆتان دووپات کردینەوە ، هەر وەك ئەلەمان لە شوێنی تر دەبینین ئەلەکەمان هەموویان شاعیرن ئەمەش خاسی یەتی عەرەبە... شیعر خاسی یەتیکە کە هێ ئەرەبەو پێی سەرکەوتوون بەسەر ئەتەوەکانی تردا شیعر هەمیشە لەگەڵ سوارچاکی یەتی دابووەو عیراقی یەکان تەنیا شاعیر نین بەڵکو سوارچاکیشن وشیعر دەڵێن و بەشمشێریش شەر دەکەن .

بۆ ئەتەوە بنیات دەنێن و داکۆکی لێ دەکەن .. مێژوو شەرەفەکەی دەپارێزن و سەر بەخۆییەکەی دەپارێزن ... ئەگەر هەر یەکێك لەگەڵ هەر توێژێکدا بدوێ لە هەر جێگایەك بێ لە خاکی عیراق و لەگەڵ میللەتە مەزنەکەماندا دەبینێ ئەو قسەیەی کە دەیکات پڕ بە پێستی ئەوە نییە کە دەیەوێ بیڵێ ..

خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ ناچێ

تکایە سلاوی سەرکردایەتی حزب و شورش بگەیەننە دوورترین ناوچە لە خاکی رمیثەو پێیان بڵێن کاتێك چاوتان بە خێزانی شەهیدەکان دەکەوێ کە لەسەر خاکی رمیثە دژی ئینگلیز و بۆ داکۆکی کردن لەسەر هەق و لە شورشی بیستدا شەهیدبوون پێیان بڵێن بچنە سەر گۆڕی شەهیدان و لە گۆڕەکانیاندا پێیان بڵێن دڵنیا بن ئەو بیروباوەڕەی کە لە پێناویدا شورشتان کردەوە شەهید بوون وئەو ئالایەی کە لە شۆرشی بیستدا هەڵتان گرت و کە پێش هەزار و چوارسەد ساڵ مثنی و سعد بن ابی وقاص و القعقاع و هی تر هەڵیان گرت .. ئەم ئالایە بە دەست بازوی دڵسۆزو بە هێزەوەیە .. باروی گشت عیراقی یەکان لە هەموو جێگایەکەو بە بە هەموو شەهیدەکان بڵێین خوێنەکەتان بە فیڕۆ ناڕوات ..

خوێنەکەیان لە شۆرشی بیستدا شۆرشی مەزنی تەمووزی لە ساڵی ١٩٦٨دا ئاوداو خوێنەکەیان لە شۆرشی بیستدا هەموو ئەو دەسکەوتە مەزنانەی پاراو کرد کە شۆرشی تەمووز پێشکەشی کردن و خوێنە پاکەو گەشەکەیان وەك خوێنی هەموو شەهیدەکان کە لەسەر زەوی عراق ڕژا بۆ ئەوەی خاکەکەی گوڵاو پژێن بکات و ئالایەکی بەرزی نەخشاند کە ئالای شۆرشە .. ئالای دەسکەوتە مەزنەکان .. ئالای گەلی مەزنی عیراق کە ئەمڕۆ وای لێ هاتووە لە خرمەت کردنی نەتەوەی عەرەبدا دەور دەگێڕێ و نەك تەنیا لە خزمەت کردنی بیروباوەڕەکانی شۆرشی تەمووز لەسەر خاکی عیراق .. دڵنیایان بکەن و پێیان بڵێن ئێمە خوێنەکانیمان لە بیر ناچێتەوە وئەوانمان لەبیر ناچێتەوە ودەبێ بیروباوەڕەکانیمان لە یاد نە چێ و بۆ ئەوەی لە بیرمان نەچێ پێویستە بەراستی ئێشکە لە خاکی عیراق بگرین و بۆ ئەوەی لە بیرمان نەچێ پێویستە بە هەموو چەك و توانایەك داکۆکی لە شۆرشی مەزنی تەمووز بکەین و . . . سلاومان بگەیەنن بۆ هەموو خەڵکی رمیثە و بۆ هەموو جرتیارو کرێکارو قوتابیانی بۆ ... گەورەو بچوکی و.. سلاوی خواتان لێ بێ .

راپورت

ئێران زیاتر بەرەو ئاژاوە هەنگاو دەنێت کوێرانی و برنیداربوونی سەدان کەس لە زانکۆکاندا

هاوولاتیانی کورد بە رێکخراوە جیهانیکان ڕادەگەیەنن: خومەینی قەسابخانەی بۆ داناوین

تاران ـ ٢٢ ـ ئا. د. ع. ئاژانسەکان

کۆمەڵێك لە لاوانی عەرەبستان دوێنێ بۆمبایان داود بە بارەگای دادگای عەبەدان و بازاری شارەکەدا نەفینەوەی ئەو بۆمبایانە بۆتە هۆی کوشتنی یەکێك لە رەگەزپەرستە فارسەکان و برنداربوونی پتر لە (٣٠) کەسی تر. هەر وەك کۆمەڵێکی تر لە شاری عەبەدان بۆمبایەکیان ناوەتە ژێر جێبێکی سەربازی یەوەو تەقینەوەی بۆمباکە ئۆتومبیلەکەی تیك و پێك داوەو دوو کەسیش برینداربوون .

لە لایەکی ترەوە شاری ئەهواز هەفتەی رابوردوو خۆنیشاندانێکی تیدا کراوە لەو خۆنیشاندانەدا ژمارەی جەماوەری عەرەبی و رێکخراوە عەرەبیکانی تری دژ بە رەگەزپەرستە فارسەکان بەشداریان تیدا کردووەو لە خونیشاندانەکەدا رێنەی بەرێز سەرۆك صدام حسین یان تیدا بەرزکردۆتەوەو هوتافیان بە ژیانی سەرۆك و حزبی ئەتەوەی عەرەبی کێشاوە . خۆنیشاندەران لەگەڵ باسەوانەکانی خومەینی رەگەزپەرستدابەیەکیاندا داوە. وەلە ١٦ی ئەم مانگەدا لاوانی عەرەبستان بۆمبایەکیان لە ژێر بۆریە گەورەکەی شاوردا داناوەو تەقینەوەی بۆمباکە ئاگرێکی گەورەی خستۆتەوەو بۆرێکەی لە ئەوت بردن پەك خستووە . لە لایەکی ترەوە ئێران زیاتر دۆخی شێواوەو ئاژاوەی ئوتابیان لە زانکۆکانی نراندا زیاتر تەشەنەی کردووە .

راپورتی ئاژانسەکان ئەوەیان راگەیاندووە کە شەڕو بەبەکدادان لە نێوان قوتابیانی دژ بە فارسەکان و باسەوانەکانی خومەینیدا بەردەوام بووەو ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداریش کەوتووە . ئاژانسی دەنگوباسی ئەسوشیدپریس باسی ئەوەی کردووە کە بۆ ناو زانکۆکە دەچێت .

ئاژانسی دەنگوباسی نەرەنسایی باسی ئەوەیان کردووە کە گوی لە دەنگی تەقەیەکی زۆر بووە کە لە ناو زانکۆکەدا کراوەو شەر تا وەکو ئەم بەیانیە بەردەوام بووە . هەر وەك رادیوی تاقمە فارسەکە وتوویانە کە هەوو خاوو بەرەو ماڵەکانی دەورەبەری زانکوی تاران چۆل کراوەو رادیوکە خەڵکی ئاگادار کردوە کە لەو دەوروپشتە دوور بکەونەوە ئەم کارەش دوای کراوە کە فوتابیان سووربوون لەسەر ئەوەی دژی تاقمەکەی خومەینی تێکۆشان درێژە بێ بدەن .

● سەبارەت بە ناوچەی کوردەواری ئاژانسی دەنگوباسی رویتەر ئەوەی بڵاو کردۆتەوە کە شەڕ لە نێوان هاوولاتیانی کوردو هێزەکانی فارسە رەگەزپەرستەکاندا بەردەوامە ودبە شێوەیەکی تایبەتی لە شاری سنەی پایتەختی ناوچەی کوردستان.

ئاژانسەکە وتوویەتی .. کوردەکان ئابلوقەی سوپایەکی ئیرانیان داوە هەر وەك ئابلوقەی ئیزگەو تەلەفزیونی ناو خۆیان داوە قسە کەرێکی سەربازی راستی ئەوەی لە بەیاننامەکدا وتووە کە رادیوی تاران بڵاوی کردۆتەوە هاوولاتیانی کورد مەکینە گەورەکەی کارەبای ئیزگەکەیان شکاندووە . ئاژانسەکە ئەوەی دوورپات کردۆتەوە کە مەودای زیانی هەر دوو لا بە تەواوی نەزانراوە چەندە بەڵام سوپا دووێنی شەو ئەوەی درکاندووە کە پتر لە ٢٠ سەرباز لەو شەرانەدا کوژراون کە لە ناوچەکەدا کراوە لەو کاتەدا کە کۆمەڵێك سەرباز لە لایەن کوردەوە لە شاری سنە هیرشیان کراوەتە سەر کە ویستویانە بو یارمەتیدانی کۆمەڵێك سەرباز بچن کە لە شاری سەقز لە لایەن هاوولاتیانی کوردەوە ئابلوقە دراون هەر لەو سەربازانە پتر لە ٣٠ کەسیان برینداربوون .

ئاژانسەکە لەدەم هەندێ لە سەرچاوەکانی کوردەوە ئەوەی راگەیاندووە کە تا ئێستا شەرێکی گەرم لە نێوان هەنگاوانی کورد سوپای خومەینی لە شاری سنەقز بەردەوامەو سوپا لەگەدەکانی دەوری ئەو شارەوە بە تۆپەو بەفڕۆکەی فانتومی ئەمە رێکایی بۆمبارانی شارەکە دەکات .

وەلە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگوباسی ئیران راستی ئەوەی وتووە کە هێزەکانی پاسەوانی خومەینی زۆر کەسیان لەو شەڕانەدا لێ کوژراوە کە لە رۆژهەڵاتی شاری سەقزدا بەرپابووە .

ئاژانسی رۆیتەر هەندێکی لەو نامانە بڵاو کردۆتەوە کە هاوولاتانی کورد بۆ رێکخراوی خاچی سووریان ناردووە لە نامەکانیاندا پەردە لە رووی ئەو کردارە نامرۆڤایەتیانە هەڵدەماڵن کە هێزە رەگەز پەرستەکانی خومەینی بەرامبەریانی دەکات .. .

بەشێك لە نامەکان دەڵێت .. رژێمی خومەینی هەمان کرداری تۆقێنەرانە رەچاو دەکات کە رژێمی شای پێشوو دژی کورد رەچاوی دەکرد .. وەداوای لە رێکخراوی وڵاتان کردووە کە زۆر لە خومەینی بکەن بۆ ئەوەی ئەو شەڕە رابگرێت کە دژیان بەرپای کردووە .. نامەکە دەڵێت ئێمە داواتان لێ دەکەین کە نارەزایمان بە رێکخراوەکانی جیهانو گەلانی ئاشتیخواز بگەیەنن وەك ئەرکێکی مرۆڤانەیان داوایان لێ ئەکەین کە یارمەتیمان بدەن بۆ رزگارکردنی برینداراکانمان لە مردن . وەنامەکە ناوی ئەو شەڕەی کە خومەینی دژیانی دەکات وا بردوو کە قەسابخانەیە بۆی داناون .

ئەمینداریەتی « پاشماوە »

ئەمینداریتی گشتی ی کۆمەڵەی عەرەب لە رۆژی ٢١ی مانگی رابوردوودا بەم بۆنەیەوە پێشانگایەکی وێنەو هەندێك چالاکی تری نواند بوو وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن هاوبەشیەکی گەورەی تیدا کردبوو سەرەڕای هاوبەشی کردنی مەلبەندی رۆشنبیری عیراق لە تونس .

ئەنجومەنی بەرێوەبەری واز لە کارکردن دەهێنن

سەرجەمی ئەندامانی ئەنجومەنی بەرێوەبەری زانکۆی تاران پاش ئەوە شەڕە قورسەی لە ماوەی چەند رۆژی پێشوودا لە نێوان هێزەکانی پاسەوانی خومەینی و قوتابیانی دژ بە رژێمەکە رووبداوە وازیان لە کارکردن هێناوە .

ئاژانسی پارس ئیرانی باسی واز لە کارهێنانی ئەو ئەندامانەی کە دراوە بە وەزیری پەروەردەی بەرز حسن حبیبی وەك نارەزایەکە دژی بڕیاری ناوبراو بە ئەنجومەنی شۆرشی ئەرمانڕەوا داراوە سەبارەت بە تەواوکردنی ساڵ خوێندن بەر لە کاتی خۆی بەبێ پرسی پێ کردنیان .

بەیاننامەی « پاشماوە »

راگەیاندن مامۆستا لطیف نصیف جاسم پێشکەشی کردو ئەو تواناو پێداویستی یانەی ئامادەی کردن کە لە هۆیە بنەڕەتیەکانی سەرخستنی میهرەجانەکە بوون هەروەها ڕیز لە رەنجی هەموو لایەنەکانی تر لە دەستەو دام و دەزگاو دایەرە رۆشنبیری و راگەیاندنی یەکان دەنێن و سوپاسگوزاری و ڕیز ئاراستەی هەردوو سەرۆکی ئەنجوومەنی راپەراندن و ئاسادانان و بەرێز پارێزگاری هەولێرو لقی هەولێری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەکەن بۆ ئەو یارمەتیدان و بشتگیریانەی بۆ سەرخستنی میهرەجانەکە پێشکەشیان کرد.

بەشداربووانی ئەم میهرەجانە پێخۆشحاڵی ی خۆیان بۆ ئەو سەرکەوتنە دەردەبڕن کە میهرەجانەکە بە دەستی هێنا ئەگەر لە چەشنی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە بەرخەکاندا بووە کە تیایدا پێشکەش کران . چونکە بەشداری کردنێکی راستەقینەی دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیری ی کوردی بێك دەهێنن چی لە بەشداری کردنی ئەدیبان و نووسەران دا بێت چی لە رەنجی رۆشنبیرە کوردەکان دا بێت بان لە ئەو چالاکی یە هونەریانەی تیایدا پێشکەش کران . ئەوان لە کاتێك دا رۆژە خۆشەکانیان بە رێ دەکەن چاو لە دەبڕن کە سازدانی ئەم میهرەجانە بێتە تەقلیدێك هەڵبقوڵێت و ئەرکێك ، نەك هەر تەنیا دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی جێبەجێی بکات بەڵکو هەموو دام و دەزگا رۆشنبیری یە کوردی یەکانی ترو بەبوەندی یان بە کاروباری ئەدەب و رۆشنبیری یەوە هەیە ساڵی جارێك سازی بدەن یان دەوری بێت بۆ ئەوەی توانایەکی فراوان تری بۆ تەرخان بکرێت . بەشداربووانی ئەم میهرەجانە ئەو بڕوایەبانەوە کە رۆشنبیری چەکێکی کاریگەرو گرنگە لە تێکۆشاندا دژی ئیمپریالیەت و زایۆنیزم و رەگەزپەرستی و ئەوان دەنگیان دەدەنە پاڵ هەموو دەنگە بەشەرەفەکان کە دژی زایۆنی ی تاوانبار تێدەکۆشن کە هێشتا بەشێکی بەنرخی ئیشتمانی عەرەب (فەلەستین)ی داگیر کردووە ، جارێکی دیکە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لە گەڵ تێکۆشانی نەتەوەی عەرەبدان لەپێناوی رزگارکردنی فەلەستین و وەدەستهێنانەوەی تەواوەتی ی مافە رەواکانی ئەلەکەی هەروەها بە توندو تیژی پیلانەکانی کامپ دیفیدو سیاسەتی خۆبەدەستەوەدانەی سادات تاوانبار دەکەن کە بە پیلانێکی گەورە دادەنرێت نەك تەنیا دژی گەلی عەرەبی فەلەستین بەڵکو دژی خەباتی هەموو نەتەوەکانی تردان بۆ ئەوەی مافە نەتەوەیی یە رەواکانی خۆیانیان هەبێت لە چوارچێوەی ئەوانەشدا تۆژینۆمی هەروەها بەتوندو تیژی هێرشی دەم کوت کردن و تۆرۆریستی و قەڵەباچە کردن تاوانبار دەکەن کە بەم نەتەوەیانە دەکرێن کە داوای مافە رەواکانی خۆیان دەکەن.

لە کۆتایی دا بەشداربوان چاو لەوە دەبڕن رەنجی هەموو دام و دەزگا رۆشنبیری یەکان و رەنجی هەموو ئەوانەی لە ناوەندی ئەدەبی و رۆشنبیری ی کوردیدا کاردەکەن یەك بگرێت بۆ ئەوەی میهرەجانە رۆشنبیری یەکانی داهاتوو پتر فراوان و گۆڕانکاریان تیدا بێت و بەشداری کردنی هەموو لە گوڕ خستنە نێو بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری یەوە بەو جۆرەی خزمەتی خواست و ئاوات کات ، پتر پەرەبسێنێت.

بەشداربووانی یەکەمین میهرەجانی رۆشنبیری ی کوردی لە هەولێر

گۆڕال « پاشماوە »

هەرێ ب رێفە د چن تا گەهشتنە رەخێ دارستانێ ، گوتە مێقانی :ـ

ـ ئەڤە رێکا تەیە تو د شتێی ڤێ گاڤێ ڤەرێیی ، دەمێ مێقانی خاترا خو ژێ خازتی ... زڤری و کەتە رێکێ داربری ل بەر راوستیا بڤرەك ل ستکرا وی دا ل نەدی درێژکرا ! .. کەلەفێ وی لدویف خو کێشاو بر داڤێتە د شویڤەکا کویردا ئاڤێ کەلەفێ وی ڤاڤێرا،... بمەوارکی زڤری هەڤلکرە کوپالی بێ هزر بەزی تا گەهشتە بن کوفێ ، دەمێ باش سەمکرێ دەرکەفت دارەکێ بێ بها وەك هەمی دارێت وێ دارستانێ ئەڤە چەند سالە یێت بریەتو د هاڤێژیت .. !!

وتەی دەزگا « پاشماوە »

بکاتەوە کە حەز بەزانستی و روناکی دەکات و مەشخەلەکانی برایەتی و خۆشەویستی یەکێتی ی نیشتمانی بڵند دەکەنەوە بەلکو هەروەها هەوڵی داوە کە باوەش بۆ هەرهەمی ئەدیب و نووسەرە کوردەکان بکاتەوەو ئەو بەرهەمانەیان بەگوێرەی توانا لەسەر ئەرکی خۆی بان بارمەتی دانیان چاپ بکات ، شان بەشانی دەزگاکانی تری رۆشنبیری کە ئەوانیش ئەم ئەرکەیان هەڵگرتووە ، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە گەشتن بەخواستی ئێمەو خواستی برایانی ئەدیب و روشنبیران بەندە بەوەوە کە بەگشتی ی چەندە لە کاری رۆشنیریدا هاوبەشی دەکەن ، وە هاوبەشیان لەوەدا کە ببنە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی کەرەسەی رۆشنبیری و ئەدەبی کە چاپەمەنیکانی ئێمە پشتیان پێ دەبەستێت ..

دانیشتوانی بەرێز ...

عێراقی خۆشەویستمان لەبەرپابوونی شۆرشی حەڤدەی تەمموزی سەرفرازەوە بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی ، راپەرینێکی زانستی و رۆشنبیری ئەوتۆی بەخۆیەوە دیروە کە لە میژووی هاوچەرخدا شتی وا رووی نەداوە ، وە بنچینەی ئەو راپەرینەش خولقاندنی پێویستی یەکانێتی ، لە ئامادەکردنی کادیری زانستی و رۆشنبیری کە هەموو پلەیەکدا، نەگەڵ ئەو فراوانیە گەورەیەی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی و پلەی زانکۆو خوێندنی بەرزدا تیا رووداوە ، ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر زانکۆو ئامۆژگای زانستی و هونەری کرایەوە ، سەرەڕای قوتابی بۆ دەرەوە ناردن ، دەزگای جۆر بەجۆر هەیە ئەرکی ئەم کارە گەورەو فراوانەی گرتۆتە ئەستۆ ، وە بەڵگەی ئەم راپەرینە ئەبشتنمانە بەخوێندنی مەجانی و بەزۆر پێ خوێندن و دەست کردن بەهەروزی فراوانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و قوتابخانە میلیەکانە ، قسەکردن لەم بارەدا جێگای لەم چەند دێرە کەمەی ئەم وتە کورتەدا نابێتەوە ، بەڵام دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەم کە ئەم بابەخدانە لەمەیدانی بڵاوکردنەوەی خوێندن و روشنبیریدا ناوچەی کوردەواریشی بەجۆرێك گرتۆتەوە کە لەمەو بەر شتی وا نەبینراوە ، ئەمڕو لە تەك دەزگاکەی خۆماندا دەبینین ، دەزگاو دایەرەی رەسمی تر هەن کە ئەرکی ئاری فیرکردن و رۆشنبیریی هەڵگرتووە ، وە چالاکانە هاوبەشی دەکات لە پێشخستنی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا و گۆڤار و چاپەمەنی و کتێب لە هەموو لق و پسپۆریەکدا بڵاو دەکاتەوە وەك زانکۆی سلیمانی و ئەمینداریتی گشتی ی رۆشنبیری و لاوان و کولیجی ئەدەبیات بەشی کوردی و کۆڕی زانیاری عیراقی ـ دەستەی کوردی و بەرێوەبەرایەتی گشتی ی خوێندنی کوردی ، سەرەڕای بەکێتی ی نووسەرانی کوردو کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی و دەزگای گەشت و گوزارو بقابەی هونەرمەندان لقی هەولێرو سلیمانی بەڵام لەراستیدا ئەرکی گەورە کەوتۆتە سەر دەزگاکەی ئێمەو ئەو هەموو ئەرکەکانی کەوتۆتە ئەستۆ .

زۆربەتەنگ ئەوەوە دەهاتین کە هەموو ئەدیب و نووسەرە کوردەکان لەم ڤیستڤاڵەدا بەشداری بکەن وە لەپێناوی ئەوەدا لە هەموو رێگایەکەوە داوای ئەوەمان لێ کردن کە لبکۆڵینەوەو توێژینەوەو شیعرەکانیان پێشکەش بکەن، بەو پێیەی کە ڤیستڤاڵەکە لەبەر ئەوان پێك دێت و ئەوان کۆتەکەی گەورەی کارەکەن جا بەو جۆرە ئەو هەڵسەنگاندنەی لەدواییدا دەکرێت و ئەو حوکمەی لەبارەی رادەی سەرکەوتووی ڤیستیڤاڵ و پلەی کۆڕە رۆشنبیرێکان بەچاکی و خراپی دەدرێت بەتەنیا هەر بەر دەزگاکەی ئێمە ناکەوێت بەڵکو بەر هەموو ئەدیب و دەنگەوێت کە بەشدارن لەلیژنەی بەرزی راپەراندندا و بەر هەموو ئەدیبەو نووسەرانی کورد دەکەوێت .

ئێمە پێشەکی سوپاسی هەموو بەشداران و هاوبەشی کەرانی ئەم ڤیستڤاڵە دەکەین وە سوپاسمان بۆ هەموو ئەدیب و نووسەرو رۆشنبیرانی کورده وە ئەوانەش کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو چیرۆك و شیعریان پێشکەش کردووە جا ئەگەر لە کۆڕەکاندا پێشکەش کرابن وەیا بەهۆی نەبوونی کاتەوە پێشکەش نەکرابن ، هەروەك بەتایبەتی سوپاسمان پێشکەشی سەرۆکایەتی زانکۆی سلیمانی و عەمادەتی کۆلیجی ئەدەبیات دەکەین بۆ ئەو هاوکاری و بەشداری یە بەسوودەی لەم ڤیستڤاڵەدا کردیان بەوەی ژمارەیەك لە مامۆستا بەرێزەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی بەنرخیان پێشکەش کردووە سەرەڕای ئەوەی تیپی زانکو گەلێ چالاکی هونەری پێشکەش کردووەو لەگەڵ بەشداری کردنیان لەپێشانگای کتێبی کوردیدا .

سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی کوردستان و هەموو برایانی کاربەدەست لە ناوچەکەدا ، وە سوپاسی هەموو برایانی فەرمانبەران و ئەو ئەکسانەی نر دەکەین کەبەشداریان کردووە یا بەشداری دەکەن لە هەڵگرتنی ئەرکی رێك خستن و بەرێوەبردنی ئەم ڤیستڤاڵەدا .

وە لە کۆتاییدا لە کانگای دڵمەوە سلاو لە هەمووان دەکەم و هیوادارم کە هەمووان کامەران بن بەرۆژانی ڤستڤاڵەکەو بەشداری کردنی کاریگەرو بەسوودیان. نەگەڵ سلاو رێزمدا .

اسماعیل رسول احمد
سەرۆکی لیژنەی بەرزی راپەراندنی ڤیستڤال

بەرێوەبەری گشتی ی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

Institut Kurde de Paris

کەمال مەمەند

دەپرسی : ئەرێ نووسەرو شاعیران تاکەی دەنووسن؟
ئەرێ خەرمانی وشەش نەبن نایە ؟
ئەرێ وشەش ناسوێو کە برشت و پێز ناکەوێ ؟

بۆ بەستەتان ، لە مەودایەکا دایبەستێ و بەسی ناکا ؟
هاوڕێ !! وشە نەدەبڕێ، نەدەمرێ ، نە کۆتایی دێ .
وشە بەرینە وەك ژیان ، قووڵە وەك دەریا ، ڕەنگا و ڕەنگو جیاوازە ، وەك سروشتو و پەلەوەرو جانەوەرەکانی!!.
نەژیان خامۆش دەبێ ، نە دڵ ، نە دەنگی مرۆڤ .
نەو شەش ـ وەك دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ـ ئازارو ئاواتی مرۆڤ ، دێنە تەواو بوون .

× × ×

لە گەڵ ئەوەشا ، وشە جۆری هەیە ـ هەموو وشەیەك ناتوانێ بژی و خۆ لەبەر ڕەهێڵەی کاتا ڕاگرێ!
وشەی هەیە ، زەردو نەخۆش ، وەك ئاوێنەی سیل.
وشە هەیە ، دوو ڕووسێ ڕوو،وەك ڕووی سەرمایەدارو ڕۆژدارەکان وەك زەردەخەنەی حانیمە بۆرژواکان .
وشە هەیە ، خۆی لە خۆیدا دەخنکێ ، وەك خنکانی خۆپەرستەکان ، لە ناخی ـ خودی خۆیانا .
وشەش هەیە ، بۆ مەسەلەی مرۆڤ دەسووتێ ، وەکو خۆری لەبن نەهاتوو .
وشە هەیە وەك دڵ ، پڕە لە خوێنی ژیان .
پڕە لە خۆشەویستی وهیواو ڕقو ژان .
وشە هەیە ، وەك ئالاکەی « سادات » ، لە فەلەستینی داگیرکراودا لە خۆفرۆشیدا دەشەکێتەوە .
وشە هەیەدۆراو لەدەست نەفرەتی میژوو ڕادەکا ، وەك چەمەرەزاو بۆکاساو سۆمۆزا.
وشەش هەیە وەك گیانی پاك بلێسەیەکی پێکۆتایی‌یە .
وەك (چاوی) دڵداران ، دنیایەك خەمو حەزو نهێنی‌یە.

× × ×

.. هاوڕێ .. سەیرکە ، وشە بەرینە ، قووڵە ، بەرزە وەك ژیان .. وەك گێژاوەکانی زۆرانبازی‌و جەنجاڵی جیهان .. دەسا گەر لە لیستەکاندا نەردەوام بین .. لە کوێ دەگێرسینەوە .

هونەرمەندێکمان لە دەرەوەی وڵات

مەدالیای ئالتوون وەردەگرێت

● خوێندنۆ شارەزابوونو چوون بەدووای هەر لایەنێك لە لایەنەکانی پێویستی ژیانی ئەم سەردەمە ، هەر لایەنە بەقەدەر خۆی وا لە خزمەتی مرۆڤایەتی‌و پێش خستندا .

جا ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم لاویکی هونەرمەندمانە کە بە نیازی خوێندنو بەیداکردنی پسپۆری‌یەت لە هونەردا چوەتە دەرەوی وڵاتو ئەیەوێ بە مەبەستی خۆی بگات . ئەو هونەرمەندە لالە عەبدە ئەمینە کەمن بەهۆی هونەرمەند بەختیاری برایەوە توانیم هەندێ زانیاری ژیانی‌و چەند پرسیارو وەڵامێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا بە نامە نووسین بە دەست بهێنم‌و والێرەدا دووای سرپاسێکی زۆر بۆ کاك بەختیاری برای پێشکەشی خوێنەرانی هاوکاری ئەکەم ، بە هیوام توانیبێتم ئەم هونەرمەندە هەوڵدەرە دڵسۆزە بە تەوەکەی بناسێنم.

● هونەرمەند لالە عەبدە لە ساڵی ١٩٤٧دا لە شاری سلیمانی چاوی بە خاکی کوردستاندا هەڵهێناوەو هەر لە سلێمانیدا خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی تەواو کردووە .

هەر لە منالی‌یەوە کە دەستی توانیویەتی قەڵەم بگرێت ، ئیتر حەزی لە وێنەکێشان کردووەو هەر خێزانەکەشی کە زۆریان هونەرمەدو هونەر دۆستا بوون باشترین هاندەری بوون‌و بەرمەتی باشیان داوە ، بەتایبەتی ئەمینی برای .

لالە هەمیشە خەریکی وێنە کێشان بووەو هەر جی‌پەکی بەر چاو کەوتبێ بە وێنە خستویەتیە سەر کاغەز .

چونکە هونەری وێنە کێشان خولیای سەری بووە دورای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی ئیتر چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو لە بەشی هونەری تەشکیلیدا خوێندنی تەواو کردووەو هەر لە کاتی خوێندنی ئەوێشدا ئەسەر بناغەیەکی زانستیانە بەرەی بە بەهرە هونەری‌یەکەی داو لە ساڵی ١٩٧٠ ـ ١٩٧١دا خوێندنی تەواوکردووەو لە سلیمانی بووە بە مامۆستای هونەری تەشکیلی‌و ماوەیەکیش سەرپەرشتیاری هونەری لە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلیمانی‌و لەو ماوەیەشدا کە لە سلیمانی بووە چالاکانە بە بەرهەمەکانی هاوبەشی چالاکیە هونەری‌یەکانی کردووە .

● هونەرمەند لە ساڵی ١٩٧٧دا چووە بۆ ئیتالیا بۆ خوێندن‌و شارەزابوونی بنەڕەتەکانی هونەری تەشکیلی‌و لە ئەکادیمیەی شاری فلورەنسا وەرگیراوەو ئەمساڵ خوێندنی ئەو ئەکادیمیەی لە سەر دەستی پرۆفیسۆر (فرناندو فەروللی) دا تەواو کردووە .

● دەربارەی ئەو بەرهەم پێشانگایانەی کە هونەرمەند لە دەرەوەی وڵات وەك قوتابیەکی کورد هاوبەشی تیا کردووە ئەڵێ :ـ

× هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنەوە لە ئیتالیا، ئیتر وەك قوتابیەکی کورد هاوبەشی گەلێ پێشانگام کردووەو لە ڕێگایەوە هونەری کوردم بەو ئەتەوانەی تر ناساندوەو هونەر دۆستانی ئیتالیا زۆر لە بەرهەمەکانم رازی بوون‌و لەوانەش .

١ ـ لە ساڵی ١٩٧٨دا بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی لاوم کرد کە لە ئەکادیمیەی فلۆرەنسادا کرایەوە .

٢ ـ هەر لە ساڵی ١٩٧٨دا بوو کە هاوبەشی پێشانگایەکی تری لاوانم کرد ، ئەمیش لە شاری فۆتنی فارشی لە ژێر ناوی (بۆشایی گەررە)دا کرایەوە .

٣ ـ لە شاری فلۆرەنسا لەگەڵ دەستەیەك هونەرمەندی کوردا پێشانگایەکمان بە ناوی (پێشانگای نەورۆزە)وە کردەوەو سەرکەوتنێکی چاکمان بە دەست هێناو لەوێوە بەرهەمی هونەرمەندانی کوردمان بە بینەرانی ئەو پێشانگایە ناساند .

٤ ـ لە ساڵی ١٩٧٩دا لە شاری فلۆرەنسا پێشانگایەکی تایبەتی خۆمم کردەوە ورەخنەگری بە ناوبانگ (ڕێنسۆ فێدرشێ) لە سەری نووسیبو بەرهەمەکانی ئەلێك بەدل بوو .

٥ هەر لە ساڵی ١٩٧٩دا پێشانگایەکی ئەکادیمیەکانی ئیتالیا کرایەوەو منیش هاوبەشیم تیا کردوو ، چونکە بەرهەمەکانم یەکەم بوون مەدالیای ئالتونیم وەرگرت.

سەرکەوتنی زیاترو مەدالیای ئالتونی زۆرتری بۆ ئەخوازین .

پ. هاوکاری لە سلیمانی

● نازانم لالە دەربارەی هونەرو کۆمەڵ ئەڵێ چی ؟ .
× هونەر بۆ کۆمەڵەو ... هونەروو کۆمەڵ خۆیان دوشتن ... بەڵام لە یەك جیا ناکرێنەوە .
● لە پەرەپێدانی بەهرەی هونەریتا شوێن چی ڕێبازێك کەوتوویت ؟ .
× لەم قۆناغەی ئێستامدا ڕێبازی (واقیعی نوی)م گرتووە .... واتە واقیعی شکلی ، ئەو شکڵانەی کە لەگەڵ گۆرانی هەستەو ئارەزووەکانی هونەرمەندا ئەگۆڕێن ، بە مەرجێ لەگەڵ ویستی هونەرمەندا بێتەو خۆی چۆنی دەوێت وا بێت.
● خوێنەری ئازیزم ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ لالە عەبدەدا خوێندنەوە بە نامە کورینەوە داختیاری برای بە دەستی هێناوەو ئێمەش هەر ئەوەندەمان لێ هەڵگرانو هیوادارین جێگای ڕەزامەندیتان بێتو ئێمەش



دڵخواز کریم

نەمەنی سی‌و پێنج ساڵەو بیستویەك منداڵی هەیە

ئەو نهێنی‌یەی هەموومان بەیمان پێ بردوە چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی منداڵ یونە : لە هەندێك شوێندا پێشوازی‌یەکی گەرم لە منداڵ بون دەکرێتو زۆربەی کاتی بیرکردنەوەیانی پێك هێناوە ، لە هەندێك شوێنی تردا زانایان خۆیان ماند وو بکاتەوەو بەرەنگاری کەشەکردنی پێ بکرێت ، بەڵام هەندێ دایك کۆرپەکانیان بە بونی خۆیان دادەنێن ، بۆیە بەبەو پیرۆزی‌یە کۆشش دەدەن بۆ ڕەوەی سنوور .

ئەو نهێنی‌یەی هەموومان بەیمان پێ بردوە چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی منداڵ یونە : لە هەندێك شوێندا پێشوازی‌یەکی گەرم لە منداڵ بون دەکرێتو زۆربەی کاتی بیرکردنەوەیانی پێك هێناوە ، لە هەندێك شوێنی تردا زانایان خۆیان ماند وو بکاتەوەو بەرەنگاری کەشەکردنی پێ بکرێت ، بەڵام هەندێ دایك کۆرپەکانیان بە بونی خۆیان دادەنێن ، بۆیە بەبەو پیرۆزی‌یە کۆشش دەدەن بۆ ڕەوەی سنوور .

کۆزیان بۆ دەکەنەوە ، بۆ نمونە: خوشکە (دوناکلیمنسیا) کە ژتیکی دانیشتوی (ریزیستینسیای) سەروی ئەرژەنتینە ، تەمەنی (٣٥) ساڵەو (٢١) منداڵیشی هەیەو ، ئێستاش زۆر بە شادی‌یەوە چاوە ڕوانی لە دایك بونی منداڵێکی ذی دەکات ، منداڵەکانی باجی (دونا) چواردەیان کوڕەو مەرت کچی جوانیشی هەیە .

سێ ماری زیندو

لەم سەردەمە جەنجاڵەدا هەندێ شتی وا دەخولقێت دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشاتیکی گەورەو هەندێ جاریش لە بیر ناچێتەوە ، لەم دوایی‌یەدا کۆمەڵێك پزیشك هەواڵێکی سەیریان لە بارەی کچێکەوە بڵاو کردەوە کە ماوەی پێنج ساڵە لە تاو ئازار دەناڵێنێو لەماوەی ئەم پێنج ساڵ ئازارەدا تەنیا شتێك بۆ پزیشکەکان ڕون نەبویەوە ، بەڵام دوای ماتدوبوتێکی زۆر توانیان بە هۆی ئەشیعەی ئێکسەوە سێ ماری زیندو لە سکی کچەکەدا بدۆزنەوە ، کە هەریەکەیان درێژی‌یەکەی (٣٠) سی سم یوە .

پزیشکەکان وتویانە : لەوانەیە ئەم کچە ئاوی لە ڕوباریك خواردبێتەوە کە ماری ئاوی زۆر تێدا ژیادە ، ئەم کچە تەمەنی (١٠) دە ساڵەو خەڵکی دێی‌یەکی تورکیایە ، ئەوەی پێریستە بیڵێین ئەم کچە بە هۆی ئەو نەخۆشی‌یەوە کە پێنج ساڵە لەشیدا گینگڵ دەخوات ، توشی سەر ئێشەیەکی گرانی بوە ، پاش کچەکە ناچار بون بێن ئەنقەرەی ئاومێدی‌یەکی زۆر خترانی بابەختەوە بۆ چارەسەرکردنێکی تر ، پاش خەواندنی لە نەخۆشخانە ، ئەشیعەی گەدەو دەزینەوەی ڕێگایەك ئەو سێ مارە زیندوەی پێ دەربهێنن بەڵام پزیشکەکان لە کۆتایی گشت هەوڵەکانیاندا وتیان : دەبوانین بە عەمەلیاتێك تەنیا دوو ماریان دەربهێنین ، جۆرگە ژیان جارێکی تر ئەم ئاوەش .

دیاردەیەکی ناڵەبار

دزی کردن دباردەیەکی تازە نییە لە مێژووی

ئەدەبدا ، ڕەگو ریشەی کۆنی هەیەو تا ئێستایش هەر بەردەوامە ، ئەم دیاردەیە هەندێ جار خۆی دەسەپێنێو گێرە شێوێنێك لە بزووتنەوەی ئەدەبی‌و فیکری‌دا دروست دەکات بەڵام لە ئەنجامدا هەر ئاشکرا دەبێو ئارەقەی سەرمەزاری بە ناوچەوانی خاوەنەکەیدا شۆڕ دەبێتەوە .

دیاردەیەکی تر هەیە مەترسی بەکەی لەو جۆرە دزی‌یە کەمتر نییەو پەیتا پەیتایش خەریکە لە ئەدەبی کوردیماندا ـ بە تایبەتی شیعر ـ سەر هەڵ دەدات‌و تەمو مژێك لە نێوان ڕەسەنایەتی‌و فێڵبازیدا دروست دەکات ..

زۆر جار شاعیرێك بەرهەمەکەی لە کۆڕێکی « گشتی بان تایبەتی »دا دەخوێنێتەوەو لە بەر هەر هۆیەك بێت بڵاوی ناکاتەوە .. ، ماوەیەکی زۆر نابات بەکێکی دیکە هەمان پارچە شیعر دەخوێنێتەوەو چاپی دەکاتەو لە سەر خۆی دەیکاتە ماڵ .. بەلای ڕەخنەگر وخوێنە ریشەوە کارەکە ئاسایەو هیچ کامیان ئاگاداری ڕاستی مەسەلەکە نین‌و بە شان‌و باهۆی شاعیری کوولەکەو چەپڵەوسەتو داتاشراودا هەڵدەدەن و خوانەخواستە ئەگەر شاعیری یەکەمیش بەرهەمەکەی بڵاو کردەوە ئەوا دڵڕەقانە بێبەرەیبانە بە دزی دەدەنە قەڵەم .

ڕاستیەکەی ئەگەر حاڵی وا بڕوات پیاو نابێ بەرهەمی ئەدەبی خۆی بۆکەس بخوێنێتەوە هەتا بڵاوی نەکاتەوەو بە شێوەیەکی « ڕەسمی » لە سەر خۆی تابۆی نەکات .. یان هەر دوای خوێندنەوەی بەلەسەر بڵاوی بکاتەوە .. هەتا تووشەنگیری ئەم یەکەی بڵاوی بکاتەوە .. هەتا تووشەنگلیری ئەم قەزاوبەلایە نەبێو نەکەوێنە بواری شایەدو شایەد کاری‌یەوە .

ئەم مەسەلەیەم بۆیە کردەوە چونکە لە نزیکەوە ئاگاداری هەندێ وری لە بابەتەمو زۆربشم بەلاوە سەیر بوو کە (دەقاودەق)ی کۆپلە شیعرێکی خۆم لە دیوانێکی یەکێك لە شاعیرە (نوێ خوازەکاندا ! !) دۆزی‌یەوە سەرەتا لام وابوو ئەو برادەرە کەوتۆتە هەڵەوە بۆیە کۆپلەکەی نەحستۆتە نێوان کەوانەوە بەڵام دووایی بۆم دەرکەوت نەك هەر بە ماڵی خۆی دەزانێت تەنانەت (هاشا)بش لەوە دەکات پێش چوار ساڵ هەمان شیعرم بۆی خوێندۆتەوەو تا ئێستایش هەر بڵاوم نەکردۆتەوە ..

جا توخوا برادەربنە ئێوە بڵێن : ئەم دیاردەیە چەندی بە چەند ؟؟...

هەرجارەی نووسینێك

سەلام محەمەد

Institut kurde de Paris

ساتێکی میللی یافە

● هەر لە منداڵی‌یەوە گۆرانیم ناسی و بە گۆرانیش حەزی خەڵکیم کرد کردەوەو بە شنە شنی فولکلۆر گۆرانی یە میللی‌یەکان لە ڕێبازمدا سەریان هەڵدا .
● بە قەدەر حەزم بەرانبەر یەکەم گۆرانیم کە شیرینە و خانم بوو خەڵکی خۆشیان دەوێم‌و بە بێ خۆشەویستی ئەوان دڵم ناسرەوێت ..
● لە دێی تەپە کوڕە لە دایك بوم‌و تەمەنم نزیکەی (٤٠) ساڵ دەبێت و هێشتا لە بەهاری گورانی‌یەکانمدا سەوز دەبمەوە .
● لەم دوایی‌یەدا لەسەر شانۆو لە بەر دەم بڵندگۆدا ڕوبەڕوی شایی گیران بومەوەو لە سەر شاشەش بەم زوانە خۆم دەبینم .
● ناوم محمود شێر علی‌یەو بە خولە شێرالی ناسراوم.

جەباری حاجی کەریم

باخچە

چیرۆکی : زکریا تامر

ئەبووبەکر قەرەداغی گۆڕیویەتی

هوشیار لە خانوویەکدا ئەژیا کە باخچەیەکی بەرپووتو تێك شکاوی تیابوو، ڕۆژێکیان هوشیار بە باوکی ووت :

ـ بابە بۆچی گوڵ لە باخچە کەماندا نەڕوێنین ؟

باوکی ووتی :ـ

ـ من بە درێژایی ڕۆژ ئیش ئەکەم ، کە ئەشگەڕێمەوە ئیجگار شەکەتو ماندووم ، پێویستم بەجەوانەوە هەیە ، لە بەر ئەوە ناتوانم بایەخ بە باخچەکە بدەم هوشیار ووتی:

ـ بابە من لە کاتی پشوومدا بایەخ بە باخچەکە ئەدەم وبشی تیادا ئەکەم ، بەڵام نازانم چۆن چۆنی گوڵ بڕوێنم.

باوکی ووتی :

ـ ئەگەر هەر سووریت لە سەری ، ئەوا من فێرت ئەکەم چۆن گوڵو گژوگیا لە باخچەکەدا بڕوێنیت .

هوشیار بە پەرۆشەوە ووتی :

ـ بابە تۆ ئەوەم فێرکە ، دوایی ببینە چۆن باخچەکەم کردۆتە جوانترین شوێنی جیهان .

باوکەکە کوڕەکەی فێر کرد چۆن گوڵو گژوگیا لە باخچەکەدا بڕوێنێ .

هوشیار بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك زۆر بە کارامەیی وچالاکانە لەباخچەکەدا ئیشی کرد . تا ڕۆژێکیان بە باوکی ووت :

ـ بابە سەیری باخچەکەم‌کە ، سەیری گوڵی هەمەڕەنگو گژوگیای سەوز کە ، چۆن هەموو زەوی باخچەکەمیان داپۆشیوەو ڕازاندۆتەوە .

«بزەیەکی پڕ شانازی کەوتە سەر لێوی باوکەکە »

پاش چەند ڕۆژێك کۆمەڵێ منداڵ شاڵاویان بردەسەر باخچەکە ، هەموو گەڵاو لق‌و پۆی گوڵەکانیان تێك شکاند . هوشیار هاواری لێکردن .

ـ لە باخچەکەم بچنە دەرەوە بەڵام منداڵەکان هیچ گوێیان بە قسەکەی نەدا وەباخچەکەیان جێ نەهێڵا تا بردبانە شوێنێکی تارو پڕ ئاژاوە کاتێ باوکی لە ئیشی گەڕایەوە هوشیار چی ڕوویدابوو بۆی گێڕایەوە ، باوکی ووتی :

ـ هەر تەنها فێر بوونی ڕاراندنەوەی باخچە کە بەس نی‌یە ، بەڵکو پێویستە ئەوەش فێر بیت چۆن پارێزگاری لێ ئەکەیت ، پەرژینێکی گەورەی بۆ دروست بکە تا بپارێزێ .

بۆ ڕۆژی دوایی کەڕۆژی بنووی باوکی بوو باوکو کوڕە بە هاریکاری بەکتر دەستیان کرد بە دروست کردنی پەرژینێك بۆ باخچەکە.

جیهانی منداڵان